رۆمان

# سێ هەنگاو
# بەرەو سێدارە

جان دۆست

وەرگێڕانی:
عەزیز گەردی



رۆمان

# سێ هەنگاو بەرەو سێدارە
# جان دۆست

**وەرگێڕانی**

عەزیز گەردی

ناوی کتێب:  سێ هەنگاو بەرەو سێدارە
بابەت: ڕۆمان
نووسینی: جان دوست
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی
تایپ کردنی شێرکۆ کروو
هەلەبڕی: عەبدولقەهار گەردی
چاپی یەکەم:  هەولێر/ ٢٠٢١
تێبینی:
-لەسەر ئەرکی وەرگێڕ چاپ کراوە

**ژمارە سپاردنی (1064) ی سالی 2021 ی پێدراوە**

٤,٠٠٠ دینار

(ئەم رووداوانە لە تاریکیی شەوو لە ژێر سێبەری سێدارەدا قەوماون کە مەلی گڕگرتووی خەیاڵ باڵەفڕەی لەسەر دەکا. پێویستت بە رووناکی نییە بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە. تەنیا پێڵاوەکانی دڵت داکەنەو بە پێ خاوسی بەسەر چقڵی ئەم ڕۆمانەدا بڕۆ.)

# دەرازینگی هەنگاوەکان

بە شۆری پرسیارێک تینوو بوو دەیەویست لە خوای بکا. هەستی دەکرد سوێریێتی هەموو ئۆقیانووسەکانی لە زاردایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، وەکو یەکێ تازە لە سەرکانی هاتبێتەوە، بە رووی ئەو دوو سەربازە گرژییەوە کە هەردوو بازوویان گرتبوو.

لەو تاریکە ئەنگوستە چاوەدا، گوێی لە قسەی دوو سەربازەکە گرت. وەک ئەوەی بەهارێک رووی ماچ کردبێ و بەهەشتێک چادری لەسەر هەڵدابێ، بزەی هاتێ. چەند جارێک خووزی قووتدایەوە. نەیتوانی تامی سوێریێتی لە زاری لابەرێ.

-تینوێتیی، سەرواکەی ئاوە.

ئەم رستەیەی لە یادەوەریی هەڵتۆقا کە لە دەروێشێکی جزیرەی بۆتانی بیستبوو.

-سەروا! ئاااهـ بەم شەوە کە لە هۆنراوەیەکی رەش دەکا، چۆن بگەمە سەروایەکی تەڕو گەش؟

(شێخ سەعید) ئاوها بیری دەکردەوە کاتێ دوو سەربازەکە گرتبوویان و لە بەینی خۆیانەوە باسی ئاویان دەکرد. یەکێ بەوەی دیکەی گوت:

-فلانی، تۆ تینووت نەبووە؟ من لە تینوان، زمانم بە گەروومەوە نووساوە.

مەتارەیەکی ئاوی لە گوش پێچراوی لە بەر نیتاقی دەرهێناو بۆی راداشت. هاوڕێکەی هیچ وەڵامی نەدایەوە، مەتارەکەی راپسکاندو بڵندی

کرد بۆ ئەوەی ئاوەکە لە هەناو خۆی بکا، مەتارەکە بڵقە بڵقێکی کردو دەنگی ئاوی بە دوودا هات رژایە گەرووی.
سەربازی یەکەم، وەک ئەوەی نەختێ شەرم لە شێخ بکا، بە شەرمنی بزەی هاتێو بە هاورێکەی گوت:
- دەڵێی قەت ئاوت نەدیوە؟ یان ساڵێکە بە رۆژووی؟
مەتارەکەی لە دەست دەرهێنا. بڵندی کردو ئاوەکەی لە هەناوی کرد. ئەو ئاوەی دەرژایە زاری سەربازەکە، لەبەر رووناکی ئەستێرەکانی ئاسمانی کپدا، دەتگوت پەلکە رەنگینەی ژیانە. .
-ئۆۆۆهـ!! ئەم ئاوە چەند تەزییە!
سەربازەکە بە تورکی وای گوتو ئاوی بە لالغاوەکاندا هاتە خوارێ، ئینجا ئەوەندە ئاوەی لە مەتارەکەدا مابوو بەسەر پۆستاڵەکانیدا کرد.
(شێخ سەعید) رووی هەڵبڕی، تاریکییەکی لە پۆستاڵەکانی سەربازەکە رەشتر، کەوتبووە سەر سینگی شاری (ئامەد) . دەیەویست پرسیارێک لە خوا بکا. دەیان جار بوو دەیەویست بیکا، بەڵام حەیای دەکرد:
-هێشتا ساتی مردنم نەهاتووە. لە کاتی خۆیدا، پرسیارەکەم دەکەم.

***

زۆربەی خەڵکی (ئامەد) خەوتبوون، هیچێکیان، بەر لەوەی بخەوێ، تەقیلەی پرسیاری لەسەری خەیاڵی نەنا. کەس بیری نەدەکردەوە دەشێ ئەم شەو لای دەرگەی چیا، چ بقەومێ. . هەندێ کەس شەو نەنووستن، مریشکە کورکەکانیان لە ناو کولانە، بەسەر کردەوەو سەریان لە جەرەی ئاوی دەرخوونە مس دا، ئاوێکیان بە لەشی خۆیان داکردو لە تەک ژنەکانیان راکشان، زمانیان بە ستایشێکی دوورودرێژی خودا دەگەڕا.
دیقلەکان خەوتبوون، خۆیان کرووشمە کردبوو. پۆپنەی داماڵاویان لە شەڕی کەڵەبابەکانی تردا، شۆڕ ببووەوە. وەک ئەوەی خۆر قەت هەڵنەیێو بە سترۆ زێرینەکانی کەزەبی تاریکی شەق نەکا. ئەوانەیش کە نەیاندەتوانی لەبەر پێشکەو کێچ بخەون، چوارپایان لەسەر بان بوو،

چوونە سەربان و ئاویان لە دەوری چوارپاکانیان رشاند. هەندێکی دیکە تەرسی وڵاغانیان لە ناو تەنەکە سووتاند بۆ ئەوەی مەگەسی مزیڕ دەر بکەن. هەندێکی تریان شەربەی تژی ئاویان لەسەر درەختێک، یان لەسەر سەکۆی بڵند دانا بۆ ئەوەی ئاوەکەی بە شیبای بەیانی سارد ببێ.

ئەو بەیانییە، خێنژی ئەو شێخەی دوو سەرباز بازووەکانیان گرتبوو و بەرەو سێدارەیان دەبرد، هیچ کەس لە (ئامەد) تینوو نەبوو.

ئەستێرە وەکو ئەو دڵۆپە ئاوانە دەبریسکانەوە کە کاتێ ئاو بەسەر پۆستاڵی ئەو سەربازەی بازووی چەپەی شێخی گرتبوو، پرژا. ئینجا رەنگیان زەرد هەڵگەڕاو بەرەو ئاوابوون چوون.

شێخ نەختێ سەری بڵند کردو لە دوای ئەستێرەی بەیان گەڕا. لە دڵی خۆیدا گوتی: (هێشتا زۆری ماوە هەڵبێ).

هەرسێکیان بە کاوەخۆ بەرەو گۆڕەپانی سێدارەکان رۆیشتن.

دوو سەربازەکە هەنگاویان نە خێرا بوو، نە سست، بەڵام ئارەزوویەکی بێ ئامانی خەو، رووی داگرتبوون. شێخ سکی پێ سووتان و لە دڵی خۆیدا گوتی: (فەقیرانە! تێر نەخەوتوون.) خەریک بوو پێیان بڵێ: (بمبوورن!)، بەڵام سوێراتی نیشتووی بن زمانی رێگای نەدا.

تا لە سێدارەکان نزیکتر دەکەوتنەوە، سوێراتی وەک باداکێکی کەپکەکردوو لە زاری، زیاتر دەبوو. نەیویست باسی تینوێتی خۆی بکا. تینوێتی بە هەموو ئاوی دیجلە نەدەشکا.

لەپڕ، شێخ دەمی قسەی کردە دوو سەربازەکە:

(- رۆڵەکانم!)

دوو سەربازەکە، لە زگ بوو بوەستن، بەڵام بێ ئەوەی بە یەک وشە وەڵام بدەنەوە، لەسەر هەمان ئاوازی رۆیشتن، بەردەوام بوون.

شێخ سەیری دوو سەربازەکەی کرد، زانی گوێیان لە دەنگی بوو بەڵام کاتیان نەبوو وەڵامی بدەنەوە. شێخ دەیەویست سەروەختیان بکا کە بەردێکی بچووکی لە ناو پێڵاودایە، بەڵام بە چاکی زانی بێدەنگ بێ.

بەردەکە بەردێکی بچووک بوو، کەوتبووە بەینی دوو پەنجەی پێی چەپەی. زۆری ئازار دەداو زنجیرەی بیرەکانی دەپچڕاند. ویستی داوا لە دووسەربازە بکا یارمەتی بدەن دەری بێنی، بەڵام داوای نەکرد، تەنیا ناڵەیەکی کزو کورتی وەک ئەو شۆڕشەی کرد کە هەڵیگیرساندبوو.

دوو سەربازەکە لێوی خۆیان لستەوەو زیاتر پێیان هەڵێنا.

شێخیش پەلەی کرد بۆ ئەوەی پیریو زورهانیی خۆی بشارێتەوە. لەسەر هەمان ئاوازی ڕۆیشتنی دوو سەربازەکە ڕۆیشت. دەستەکانی لە پشتەوە بەسرابوونو ببوونە ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆیشتنی خێرا، بگرە هەندێ جار دەبوون بە هۆی ناڕێکی هەنگاوەکانی، تەنانەت چەند جارێک، قاچەکانی تێک ئاڵاو خەریک بوو بەربێتەوە. چەند جارێک هەوڵی دا پێیان بڵێ هێدی تر برۆن، بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەگەر وا بڵێم، وا زەن دەبەن من دەترسم بەرەو سێدارە بچم.) ئیتر پێینەگوتن.

کزەبایەکی گیانبووژێنی نەرم هات، کەوای ئەتلەسی خەت هەنگوینی لادا. دوو قاچی لەڕی بە مووی سپی دەرکەوت. ئەو دوو قاچە لەو دوا بەترەی شەودا بەرەو چارەنووسێکی تاریکیان دەبرد. لە هەمان کاتدا پەنجەی پێیەکانی خوێنێکی سوور سووریان لێ دەهات.

لە دڵی خۆیدا گوتی: (ژیان کۆڵانێکی یەک سەرەیە. کە مرۆڤ کەتوتە ناوی، لە دواوە دادەخرێ.

هەرچەندە بڕوای وابوو ژیانو مردنی مرۆڤ بە دەست خودایە بڕوایەکی پتەوی پەیدا کرد کە ئەم هەنگاوانەی، ئەم هەنگاوە هەڵەنگووتانەی ناتوانێ بەرزەفتیان بکا، بەرەو مەرگی مجافاتی دەبەن. هەزاران جار نوێژی لەسەر مردووان کردووە، لەگەڵ جەنازەیان ڕۆیشتووە، لە سەر کێلی قەبران وەستاوە، شووشتنی مردووی دیوە، مردووی تەلقین داوە. بە دەستی خۆی باوکی شووشتو کفنی لە جەنازەی پێچا. لە زۆر کۆڕی فاتیحا، ئامۆژگاری پێشکەش کرد. هەمیشە دووبارەی دەکردەوە:

- مردن ڕووەکەی تری ژیانە. مرۆڤ هەر دەبێ چاو بداتە هەر دوو ڕووەکە.
هەندێ لەوانەی ئازیزیان مردبوو، دەیانپرسی:
( مەولانا، مردن بۆچی ئەوەندە تاڵە!؟ )
-تاڵی‌و ناتاڵی مردن پەیوەندی بە ڕادەی شیرینی ژیانەوە هەیە لە ڕوانگەی مرۆڤ.
- مەولانا، ئایا هیچ شتێ لە ژیان خۆشتر هەیە؟ خودا خۆی ژیانی شیرین کردووە!.
-ئەگەر زۆرداریی ئەو داوە بێ کە ڕشتەکانی ژیان کۆدەکاتەوە سەر یەک، ئیتر ئەمە ژیان نییە، زەرەندە لە زاری مرۆڤدا.

***

(ئامەد) خۆی ئامادە کردبوو ئەو عەبا ڕەشە لە سەر شانی فڕێ بدا کە پەنجەی زۆرداریی چنیبووی‌و بەتیەیەکی تەنک‌و ڕوون لە بەر بکا. دەیەویست بە جۆرێ پێشوازی شێخ بکا لە پایەی خۆی بوەشێتەوە، هامێزی تێوەربێنێ، تێنوێنی بگرێتە باوەش، برینی بەردەکەی پەنجەی پێی چەپەی ماچ بکا. لە شەرافەتی تێنوێتی ئەودا دیجلە لە جمین ڕابگرێ‌و هەموو کانی‌و بیرەکان کوێر بکاتەوە، ئینجا گوێچکەکانی بە ترپەی هەنگاوەکانی پاک بکاتەوە.
بەری دوو هەیڤا، بە شێوەیەکی جیا لە ئێستا خۆی بۆ پێشوازی ئامادە کردبوو. ڕێگاو خۆڵی کۆڵانەکانی پاک کردبووەوە بۆ ئەوەی پێی لەسەر دابنێ، بەڵام سەربازانی تورک دەستی خۆیان پێش خست.
ترپەی پێڵاوی شێخ بەسەر ترپەی پێڵاوی دوو سەربازەکەدا زاڵ بوو. شەپۆلەکانی دیجلە ئاوازی خۆیان لەگەڵ ئەم ترپە پیرۆزەدا یەک خست. بیری کەوتەوە یەکێ لە مریدە پینەدۆزەکانی لە (ئەلازگ) ئەو پێڵاوەی پێشکێش کرد. مریدەکە پارەی پێڵاوەکەی وەرنەگرت:

- پەنا بەخوا! جەنابی شێخ! ئەز بگوری، خوا بمکا بە پێڵاو بۆ پێیە پیرۆزەکانی تۆ.)
شێخ بزەیەکی بۆ مریدەکە کردو گوتی:
-لە خوام گەرەکە ئەم پێڵاوە یارمەتیم بدا شوێن چاکە بکەوم.
بەم پێلاوانە هەزاران هەنگاوی هەڵێنا. چووە مزگەوتان، سەری لە گۆڕی پیرو پیاو چاکان دا، لە گوندان ڕێنمایی خەڵکی کرد، سەرەک هۆزە ناحەزەکانی پێک هێنایەوە، لە پێناوی مافی کورد کۆبوونەوەی کرد، یەک شۆرش ئەو پێڵاوەی لە پێ کرد.
شێخ هەرتم لەبەر گوێی مریدەکانی دووبارەی دەکردەوە:
(-مرۆڤ هەنگاوەکانی کەمن، هەر هەنگاوێکی دەیهاوێ لە مردنی نزیک دەکاتەوە، ڕێک وەک ئەوەی لە هاتنە دونیای دوور دەخاتەوە. ئاگاداری هەنگاوەکانتان بن. هەنگاو تەنیا بەرەو چاکە باوێن. خوای دەکرد بەرەو مردنی دەبردن. غەم ناکا. هەنگاو هەن مرۆڤ دوای مردن دەیانهاوێ. بۆ ئەو هەنگاوانە کار بکەن.

***

ئەو شنەبایەی لە لای دیجلەوە دەهاتو کەوای شێخی لادەداو قاچەکانی دەردەخست کە دەیانبردە گۆڕەپانی لە سێدارەدان، ئێستا سارد ببوو. نەختێ تینوێتی شکاند. بەڵام سوێرێتی لە زاری نەڕۆیشت.
-ئای لە خۆم خەنی!! بە تینوێتی بەرەو مردن دەچم. خودایە وا بە تینوێتی هاتمە لات!
شێخ زانی پاڕانەوەکەی، کە لە دڵێکی شەوتی دێتە دەرێ، لە مەندیلی کتانی بەرزتر نابێتەوە، گریمان دوورتریش چوو، لە گۆڕەپانی دارقەواخە چەقاوەکان تێناپەڕێ!.
سێدارە لە دوورەوە دەرکەوتن، وەک کۆڵەگەو پەتی چارەنووس وابوون لەبەردەم مزگەوتی گەورەی (ئامەد)، بەرامبەر دەروازەی چیا چەقابوون.

شێخ تەماشای کردن‌و لە دڵی خۆیدا ورتاندی: (بەرەکەیان ڕۆح دەبێ).
وردە وردە دونیا ڕوون بووەوەو شێخ تینووتر بوو. هاماجی نێوان شێخ‌و سێدارەکان، کەم بووەوە. لەم دوا بەترەی شەودا، کێ بەرەو کێ دەچوو؟ ئایا مردن بەرەو شێخ دەهات؟ یان شێخ بەرەو مردن دەچوو؟
ئەستێرە، تیشکی غەمگینی خۆیان خستە بەر پێی. وای لێهات ڕێگای بەردەمی خۆی دەدی. تۆزی هەنگاوەکانی لەبەر روناکی کزی ئەستێرەکان وەکو تەمێکی چڕ دەرکەوت. ئەو ئەستێرانەی شەو ئاوازی نوورانی خۆیان دەچپاندە گوێی دیجلە، یەک لە دوای یەک ئاوابوون.
شێخ نەختێ سەری بڵند کرد، سەرنجێکی پەستی لێدان‌و قسەی شێخی نەقشبەندی بیر کەوتەوە: (مردن وەکو ڕۆجیار وایە، هێمانی هەڵدێ، ئەستێرەکانی ژیان ئاوا دەبن.) بیری کەوتەوە لە سەردەمیی مێردمنداڵیی، کە لە شارۆچکەی (پالو)، لە تەکیەی باوکی بوو، بە تاسووقەوە چاوی دەبڕییە ئەستێرەکان. تۆپەڵە ئەستێرەی پێروو لە هەموویان زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا. پێیدەگوت: (هێشووی نوور). خۆ جارێ ئەستێرەی شوان، هاودەمی هەموو ئێوارانی بوو. کە هاوینان، لە حەوشە، یان لەسەر بان، دەچووە ناو جێ، ئەستێرەیەکی هەرە گەشی ڕێی کاکێشان هاوڕێی بوو. ناوی نابوو (سپی). رازی دڵی خۆی بۆ دەردەبڕی‌و گوێی لە رازەکانی دەگرت:
(-ئەستێرە نهێنی شەوە.)
شێخ ویستی چاوەکانی نەختێ هەڵگلۆفێ و خەویان لێ بتارێنێ ، بەڵام کەڵەپچەی ساردی مەچەکی بە بیری هێنایەوە کە دیلە. چەند جارێک چاوەکانی هاویشتە سەر یەک، ئینجا لە دوو سەربازەکەی پرسی:
(-ئەو ئەستێرەیەتان بینی کشا؟)
دوو سەربازەکە بە هەمان خێرایی لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون وەک ئەوەی گوێیان لە پرسیاری شێخ نەبووبێ. مڕ بوون وەک ئەوەی بەرەو مەرگی خۆیان بچن، نەک بەرەو مەرگی شێخی کۆتکراو کە بازوویان گرتبوو. وردە وردە سێدارەکان نزیک کەوتنەوە. چارەنووس، لە پەت‌و

سێدارەو موچڕکی بێدەنگی پێش مردن، چاوەڕێی شێخی حەفتا ساڵەی دەکرد.
سوێراتی دەمی زیادی کرد، دەتگوت خوێڵێنی دەڕووخێتە ناو زار.
لە دڵی خۆیدا گوتی: (شۆڕشەکەیشم لە تینوان مرد.)
لە رەمەزاندا، هێزی شۆرش گەشایەوەو شۆرشگێڕان وەک رۆنی رژاو بە هەموو جێگایەکدا بڵاوبوونەوە. کاتێ سەربازە تورکەکان خۆیو هاورێکانیان ئابلووقە دا، بە رۆژوو بوو. هەرچەندە لە دەم رووبارێک بوون، زۆریان تینوو بوو. هەر کەسە دەستی پێکرد مەتارەی خۆی پڕ کرد بۆ ئەوەی کە مەلا بانگی دا، فتار بە ئاو بکەنەوە. بەڵام خڕ دیل کرانو سەربازەکان لەبەر چاوی خۆیان مەتارەکانیان شکاندن. تینوو بوون. ئەو تێنوێتییەیان تا بەر سێدارە لەگەڵ خۆ برد.
شێخ، لە ماوەی حەفتاو پێنج رۆژی بەندبوونیدا، خەونی بە گۆزەی ئاوو بە کانیو جۆگاوە دەبینی، بەڵام یەک دڵۆپی دەست نەکەوت. لە خەونەکانیدا هەرتم تینوو بوو. دەوری منداڵێتیی خۆی بیر کەوتەوە کە رەمەزان کەوتبووە مانگەکانی هاوین. دایبابی بە بۆ پارشێو بە خەبەریان نەدەهێنا چونکە باڵق نەببوو و بە پێی شەرع، رۆژووی لەسەر نەبوو. دایبابی دەترسان تێنوێتی زۆری بۆ بێنێو لەو رۆژە گەرمانەدا بە هیلاک بچێ. بەڵام ئەو بە بێ پارشێو بە رۆژوو دەبوو. لەو رۆژە درێژانەی ئاب کە رۆژ ئاوا نەدەبوو و ئاوا نەدەبوو!! گەرووی لە تێنوان وشک دەبوو و زمانی سپی هەڵدەگەڕا. باوکی، کە لە بەر رۆژوو دادەهێزرا، بە تووڕەیی دەیگوت: ئەم رۆجیارە سنگەو لە سینگی ئاسمان چەقیوە. ئەرێ کەس نییە دەریبێنێ؟ (سەعید)ی منداڵ ئاوی لە دەستو دەمو چاوی دەڕشاند، خۆر دەچووە سەر ئاوابوون، لە بن کۆڵەگەیەکی مزگەوت پاڵی دەدایەوەو دەخەوت، ماوەیەک تێنوێتی لە بیر دەکرد.
ئاخۆ ئەم شەو لە تەک چ کۆڵەگەیەک پاڵ دەداتەوە! دەوڵەتە زلهێزەکان نەبوون بە کۆڵەگە پەنایان بۆ ببا، هۆزە گەورەکانیش نەبوونێ. تەنیا ئەو

دارقەواخانەو پەتەکانی پێیاندا شۆڕبوونەتەوە دەشێ تینوێتی پیرۆزی بشکێنن.
بە گەنجیی، کاتێ فەقێ بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی ئاوی سوێری دەخواردەوە بۆ ئەوەی تینوو ببێ ئینجا بخەوێ. بڕوایان وابوو ئەوەی بە تینوێتی بخەوێ، خەون بە کچێکەوە دەبینێ، دێ تاسە ئاوێکی دەداتێو ئەو کچەی دێتە خەونی، لە ژیاندا بە نسیبی دەبێ! هەموو جارێ کە ئاوی سوێری دەخواردەوە، خەونی بە کچێکی بەژن زراف دەدی، دەهات تاسێکی دەدایە. هەمووجارێ تاسەکە بەتاڵ بوو.
ئەوەتا ئێستایش بە تینوێتی بەرەو پیری مەرگ دەچێ. سوێراتی شۆڕشێکی ستەمدیدەی لە بن زمان نیشتووە. ئێستا خەون بە چییەوە دەبینێ!؟ خەون بە کوردی کڵۆڵەوە، دەبینێ، هەروەتۆ بە جوتیارانی پشت هەوجاڕو گاسنە ژەنگاوییەکان، بە گا لەڕەکان، بە ژنە پشتی پووش لە کۆڵەکان، بە منداڵانی پاخروا کە لە شەقامەکانی (ئامەد) غارەغار دەکەنو فیکە دەکێشنو چاوشارکێ دەکەن، بەو منداڵانەی  هاوین لە بیستانی کاڵەک نێرینەیی خۆیان تاقی دەکەنەوەو دەچنە راوە لەیلان، بەو مرۆیانەی جەندرمە لە ناو مەنجەڵی گەورەی ئاوی کوڵاویان دەنێنو دەیانکوژن، بەو گوندانەی دەبن بە خرابەو داروپەردوو!. هەروەسا خەون بەو  مریدانەوە دەبینێ کە دەست  بە تەورو پاچ، لە دوای بەیداخێکی سەوز دەڕۆن بەسەری رمێکەوە کراوە، خەون بەو دومانە دەبینێ کە لە گوندە شەوتییەکانەوە هەڵدەستێ، بە هاواری دایکە جگەرسووتاوەکانو بە ناڵەی مناڵە بریندارەکانەوە، دەبینێ! ئێستا خەون بە نیشتمانێکی کامباخو داروپەردووی خەونێکی وەک تێخرچان دەبینێ، خەون بەو گوێزانە دەبینێ کە دەروێشێک لە گومەزەکانی مزگەوتانی دەگرت، پاشان پێدەکەنیو هەڵیدەگرتنەوە. خەیاڵی شێخ لە یەک چرکەدا، لەم هەموو وێنانە سخناخ بوو.
شێخ خووزی قووت دایەوەو گوتی: (خودایە، ئەم شۆڕشەی منیش گوێزێک بوو!)

ویستی پرسیاره دواخراوەکەی لە خودا بکا، بەلام کە ماوەی نێوان خۆیو سێدارەکەی بینی، گوتی:
- هێشتا ماوەیەک ماوە باڵندەی مەرگ دەنووک لە ڕۆحم بدا.

***

ئەو باڵندانەی بە درێژایی شەو، خەونیان بە چینەکردنی دان دەبینی، هێشتا چاویان نوقابوو، دەستیان بە جووکە جووکە کرد. ئاوازێکی نزمو غەمگین لە لای دارسوورەچنارەکانی کەناری دیجلە دەهات. ئەمە ئەو باڵندانە بوون کە نهێنی سپێدەیەکی تازە هەڵدەماڵن. مزگێنی نزیکبوونەوەی هەلاتنی خۆرێکی لاسار دەگەیەنن بۆ ئەوەی بە سێدارە نزیکەکانو ئەو ملانە بزانن کە ئەوەندەی نەماوە پەتیان تێ بئاڵێ. شێخ بۆنی بەیانییەکی کرد کە هەرگیز نایە. هەستی کرد مردن پۆستاڵی قورسی لە زەوی دەکوتێ و دێ.
شێخ بە دەنگێکی بیستەنی گوتی:
(-ئەی خودایە!)
دوو سەربازەکە، کە خەوەکوتکەیان دەبرد، بێ ئەوەی گوێ بە قسەی شێخ بدەن، بە هەمان لەز لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون.
دوو سەربازەکە شەکەت بوون. زۆریان خەو دەهات، دەتگوت لە ژیانی خۆیان تامی خەویان نەکردووە. حەزیان دەکرد زوو کارەکەیان تەواو بکەن بۆ ئەوەی بەرخی خەیاڵ لە دەشتی وێژینگدا بەر هەڵبدەن.
شێخ وەلامی دانەوە:
(نەختێ بوەستن. شتەکە بە کەیفی ئێوە تەواو دەبێ. پێم بڕوا بکەن هەلاتنی ڕۆحی من کاتێکی زۆر نابا. شتەکە وەکو شۆڕشەکەم دەبێ.
وەلامیان نەدایەوە. ئایا حەزیان نەدەکرد؟ یان قەدەغە بوو قسەی لەگەڵ بکەن؟ ئان نەیاندەویست دڵی خۆش بکەنو دوا قسەی ژیانی لەگەڵ بکەن؟ شێخ نەیزانی کامە گریمانە ڕاستە. بەلام ئەو لەو کاتەدا پێویستی

به کەسێ بوو، با بۆ کەمێکیش بێ، قسەی لەگەڵ بکاو کەسەری دڵی هەڵڕێژێ..
بە دڵ قسەی لەگەڵ خودای خۆی دەکرد، بەڵام خودا کۆڕی قسەی لەگەڵ دانەدەبەست. شێخ بە دڵ، هەمەتی لە هەموو شتی دەوروبەری دەکرد، لە ئەستێران، لە ئاسمان، لە شەو، قسەی لەگەڵ ساڵانی تەمەنی بەسەرچووی دەکرد.
بێدەنگ بوو. بەڵام هەزاران قسەو خەیاڵو یادگارو رووداوی لە بیرەوەریدا، لێپیان دەدایەوە. دەنگی تەمەنی خۆی نەبێ، کە بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، گوێی لە هیچ دەنگێکی تر نەبوو. جگە لە رەنگی ئەو شەوە کە لە رەنگی گورگێکی چیایی دەکرد، هیچ رەنگی دیکەی نەدەبینی. لە خەیاڵی خۆیدا پرسی: (ئەوە کەس نییە ئەم گورگە بتۆپێنێ؟)
بەڵام ئەو سپێدەیەی دەبوو تیر لە گورگی چیاکان بگرێ، وەک بەرخ لەبەردەم ئەو سێدارانەدا سەربڕا.

***

ماوەی نێوان شێخو پەتی سێدارە تەنیا سێ هەنگاو مابوو. دوو هەنگاو بۆ سەکۆو ئینجا هەنگاوی سێیەمو کۆتایی بۆ سەر کورسییەکەی بن پەتەکە.
واتە تەنیا سێ هەنگاو لە بەینی خۆیو مردن مابوو. لە بەینی خۆیو خودایش تەنیا سێ هەنگاو مابوو. سێ هەنگاوو بەس، ئیتر دەگاتە پەتی سێدارە، دەگاتە کەنارێک تێنوێتی خۆی دەشکێنێو هیچ هیوای بە نەجاتبوون نامێنێ.
ئەو رۆنەی پەتەکەیان پێ چەور کردبوو وەکو شۆڕش لەبەر تیشکی ئەستێران دەبریسکایەوە.
شێخ لەگەڵ دوا خورپەکانی دڵیدا، لە دڵی خۆیدا گوتی:
-هەموو شۆڕشەکانمان، کە داگیرسان، تەنیا دوو تفەنگ بوون بە ناتەبایی تەقەیان کردو سێدارەیان بە دوادا هات.

زۆر جار مریدو خزمەکانی پێیاندەگوت بزووتنەوەی ئەمیش وەکو بزووتنەوە یاخیگەرییەکانی پێش خۆی، گوێزەکە لە پشتی گومەزێکی دەگرێ و ئەویش گیر نابێ. دەیانگوت: کوێر چۆن دەچنە گەڕی گۆوەندو شایی، کورد، رێک ئاوها شۆڕش دەکەن. نە دەزانن پێیان لە کوێ دادەنێن‌و نە دەزانن سەرچۆپی لە کوێیەو نە دەشزانن هەڵپەرکێ ئەڕاچی سازدراوە؟

شێخ ئەم جارە دڵنیا بوو شتەکە سەمای کوێران نییە. خەڵکەکە دەزانن مافیان چییەو دەزانن چ دەکەن. بەوەی گوت کە نارەزایی لە شۆرش هەبوو:

کۆڕێکی گەورەی سەماو گۆوەند جاڕ دەدەم، تەنیا یەک گوند ئامادەی نابێ‌و بەس، تەنیا یەک نیشتمان ئامادەی نابێ‌و هیچی تر، بگرە دونیا گشتی بەشداری دەکا.

شێخ لە سێدارە نزیکتر کەوتەوە. پەتی سەر بە قوڵفانگە بە (با)ی کەواکەی هەژایەوە.

سێ هەنگاو بەرەو سێدارە.

کێ دەتوانێ بە دڵقایمی بڕوا، ئەم سێ شەقاوە باوێ‌و ملی خۆی بە پەتی شۆڕبووەوە بسپێرێ؟! زەوی لە ژێر پێیەکانی شێخ سەرخۆش بوو. سێدارەکان وەخت بوو لە شەرمەزارییان بەربینەوە.. شەو لە شوورەییان رووی خۆی داپۆشی‌و ئەستێرەکان رووچوونە خوارێ بۆ ئەوەی نەبن بە شایەت لەسەر قەسابخانەی بەهار. کزەبای شەوی نوتەک ردێنی شێخی دەلاواندەوە کە لە بەینی خۆی‌و خودای، تەنیا سێ هەنگاوی مابوو!

تەنیا سێ هەنگاو لە بەینی خۆی‌و ئەو سێدارەیە مابوو کە مێژوو لە ژێر باری دەینالاندو ئاوات وەک تووتنی ناو قەلوون دەسووتا.

سەرەڕای تاریکیش قولفانگەکەی بینی چاوەڕێی ملی دەکرد. لە ناو قولفانگەکە سەیری کەنارەکەی تری شۆرشێکی سێوی کرد. سەیری

ئاسمانێکی کپ و تاریکی کرد. قوڵفانگەکە وەکو ئاوێنەیەک وابوو لەو نەینۆکەوە سەیری هەموو ساڵانی ژیانی رابردووی خۆی کرد.

ئەستێرەیەکی لە جغزی قوڵفانگەکە بینی لەسەر ئاوابوون بوو. وەک یەکێ گوللە لە نیشانەیەکی دوور بگرێ، یەکێ لە چاوەکانی نوقاندو لە ناو قوڵفانگەکەوە، کە وەکو جاسووسەی تفەنگ وابوو، تەماشای ئەستێرەکەی کرد. ئەستێرەکە دەلەرزی. شێخ وای بە خەیاڵدا هات دوای کەمێکی تر خۆر هەڵدێ و وەکوو گەسکێکی زێڕین هەموو ئەستێرەکان رادەماڵێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: (شۆڕشەکانیش سێدارە رایاندەماڵێ.)

ئەستێرەکە زیاتر لەرزی. وەکو دڵی مەلووچەیەکی زراوچووی لێ هات. شێخ بزەی هاتێ. بەو دوو سەربازەی گوت کە گرتبوویان: (تەماشای لەرزینی ئەو ئەستێرە ترسنۆکە بکەن. ئەمە نازانێ بەیانی دووبارە گزنگ دەدا.) دوو سەربازەکە هیچ ئەستێرەیان نەبینی. چاویان بەرەو ئاسمانێکی تاریکی کلکەچەم، لە مۆڵەق ما.

دەیان لاشە بە قنارەکاندا، شۆڕ ببوونەوە. هەنسکی گەرووی خنکاو لەرزی پێش مەرگ، ترسێکی قووڵیان لە بێدەنگی شەو پێچابوو.

هەندێ لەوانەی لەسەریان دەدرا دەنگی دوعایان بۆ قاپی خودا بەرز دەکردەوە، هەندێکی تر دوا وشەیان دەچرپاندو سکی شەویان پێ شەق دەکرد. کەچی بەشێکی دیکە، بە بێدەنگی ملیان رادەستی پەتەکان کردبوو و وەکو هێشووە ترێی مێوی ژبیرکراوی ئاخرو ئۆخری پاییز، بە سێدارەکاندا شۆڕ ببوونەوە.

-خوایە، ئەمانە میوانی عەرشی تۆن. قوربانی قوربانگەی تۆن!

شێخ، لە دڵی خۆیدا وایگوت و تەماشای ئاسمانی کرد کە وەک بەرداشێکی رەش وابوو لەسەر سەری.

تەنیا سێ هەنگاو ما بۆ ئەو سەکۆ دارەی سێدارەکانی لەسەر چەقابوون. هەنگاوێک، دوو، سێ و ئینجا مردن. بەڵام چ مردنێک! خنکان بە پەتی سێدارە. پەتەکەی لە گەروو دەئاڵێ کە تینوێتییەکی وەک درکەجاری

شەوێکی تاریکی وەک تووکی گورگ، شەکەتی کردووە. بە بێدەنگیو دەست بەسراوی وشەکانی لەبەر هەڵدێن.
سەکۆ دارەکە نەختێ لەسەر زەوی بەرزتر بوو. دوو تەختەدار هەرچونی هاتبوو وەکو پایە داندرابوون. کورسییەکی سێ پێچکی لە دار حەیزەران، لە بن پەتە شۆڕبوەوەکە دانرابوو. بە ئەندازەی گەزێک بڵند بوو. کورسییەکە، کە دایان نابوو شێخ بچێتە سەری، پشتۆکی نەبوو. پاش کەمێکی تر شێخ دەچێتە سەر ئەو کورسییەو یەکێ لەو دوو سەربازەی ئێستا گرتوویانە، پێلەقە لە پێچکەیەکی کورسییەکە دەدا. هەنگاوێک، دوو، سێ هەنگاوو پەتی سێدارەی لە مل دەئاڵێ.
شێخ ویستی ئاوڕ لە دواوە بداتەوە بۆ ئەوەی بزانێ لە دەرگای بەندیخانەوە بۆ گۆڕەپانی لە سێدارەدان، چەند شاقاوی هاویشتووە، بەلام لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەو هەنگاوانە رۆیشتن. ئەمانە پێنگاڤی من نەبوونو نین. من تەنیا سێ هەنگاوم ماوە بیانهاوێم. ئەو هەنگاوانە حەفتا ساڵ کورت دەکەنەوە. کە هەموو ژیانی منە. ئینجا بە دەنگێکی بەرز گوتی:
-بسم الله.
شێخی تینوو پێی لەسەر یەکەم پایە داناو یەکەم هەنگاوی بەرەو سێدارە هاویشت.
بەژنی لەڕو باریکی بەرامبەر پەتی سێدارەی وەک پیتی ئەلف، قیت وەستا.

***

# هەنگاوی یەکەم

مەشرەبی تورکان فورات و نیلی کرد
تەشنە لەب چوو تەرفی عوممانی عەرەب
(جزیری)

یەکەم هەنگاوی لە ژیاندا بە بیر نەدەهات! بەلام دایکی زۆر جار بە شادی، باسی یەکەم هەنگاوی بۆ دەگێڕایەوە کە هاویشتی.

-سالی یەکەمت تەواو نەکردبوو کە دەستت بە رۆیشتن کرد. دەستم گرتیتو گۆرانیم بۆ گوتی، ئینجا دەستم بەردایت، دەستت بە هەنگاونان کرد. بە خەنی خۆشی هاوارم کرد:

-(سەعید) دەڕوا.

بەر لەوەی هەنگاوی یەکەم باوێی، وەکو سمۆرەیەکی تۆقاو بە پێوە وەستابووی. بازووەکانت لێک کردبووەوە وەک ئەوەی بتەوێ بفڕی. ترست تێکەڵ پەرۆشییو بەختەوەری شاقاوی یەکەمت ببوو. لەگەڵ هەنگاوی دووەمدا، ترست زیاتر بوو. کە هەنگاوی سێیەمت نا، لە جێی خۆت بزمارکوت بووی. دەترسای داشبنیشی. هەنگاوی سێیەم زۆری کەشەنگ کردی. دووبارە دەستم گرتی، لە پرمەی گریانت دا.

چەند رۆژێک بەسەر هەنگاوەکانی یەکەمدا تێپەڕی، ئاهەنگێکمان بەو بۆنەیەوە گێڕا. لە دوو ژنو منداڵانم گێڕایەوە. پێم بە داوێکی باریک بەستیتەوە، ئینجا چەنگە شەکرۆکەو میوژێکو مستە هژیرو گووزێکم دایە مێردمنداڵێک. منداڵەکە هەڵاتو منداڵەکانی دی راویان نا. تۆیش، بێ ئەوەی بوەستی، چەند هەنگاوێک رۆیشتی.. یەکەم جار، هەنگاوەکانمان دەژماردی. دەمانگوت: (ئەمرۆ، (سەعید) بێ ئەوەی بەربێتەوە، چوار شەقاوی هاویشت، بێ ئەوەی دابنیشێ، دە هەنگاوی نا. وات لێهات نەدەوەستای، ماڵت پڕ دەکرد لە ترپەی هەنگاوەکانت. ئیتر هەنگاوەکانمان نەدەژماردی.

شێخ، کە لە پەتەکە نزیک کەوتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەمڕۆ داوەکە لە ملم دەئاڵێ، نەک لە پێم.)
قوڵفانگەی پەتەکە بە لای راستەو بە لای چەپەدا دەهەژایەوە. بەم هەژانەوەیەی ئەستێرە جریوەدارەکەی بزر دەکرد. شێخ شوێن ئەستێرەکەی هەڵدەگرت بۆ ئەوەی لەبەر چاوی گوم نەبێ. ناچار بوو سەری خۆی لەگەڵ جوولانەوەی پەتەکە بجوولێنێ بۆ ئەوەی ئەو ئەستێرە سێوییە ببینێ کە شەو لە ئاسمانی (ئامەد) لە بیری کردبوو، رێک وەک ئەوەی دەولەتان ملی ئەمو ملی هاورێکانی ئەمیان لە بیر کربوو.
ئەو لاشانەی بە سێدارەکانەوە هەڵواسرابوون بە دەم کزەبای نەرم دەهەژانەوە. جلکی لە سێدارەدراوان وەک پانکە دەینواند لەگەڵ کزەباکە بڵند دەبوون. شێخ، یەک یەک ناسینی. دڵی وەک تلییە ترێی بەر کەڵبەی رووڤی گوشرا.
-خودایە، ئەمانە بەری شۆڕشن، قوربانین بۆ تۆ، لێمان وەربگرە.
پێڵاوی شێخ هات لە پێی تەنگ بێ. برینی بەردە بچووکەکەی ناو لنگە پێڵاوی چەپەی، زیاتر ئازاری دەدا.
ئەو ئەستێرەیەی لە ناو قوڵفانگەی پەتەکە دیار بوو، خەریک بوو رووبمرێتەوە. شێخ زانی شەو زۆر درەنگە. لە جریوەی ئەستێرەکەوە، بۆی دەرکەوت، شەو لە گیانکەنشتایە.
ویستی بزانێ سەعات چەندە؟ ویستی دەستی بۆ سەعاتی زیوی سیرکیسۆفی درێژ بکا کە هەمیشە لەبەر پشدێنی بوو، بەڵام هەر زوو زانی دەستەکانی بەسراون.
-ئەگەر دەستەکانیشم نەبەسرابان نەمدەزانی سەعات چەندە. سەعاتەکەم پێ نییە.
لێنەگەڕان سەعاتەکەی لەگەڵ خۆی بۆ باوەشی مەرگ ببا. هێشتا لە بەندیخانە بوو، سوخمەکەی‌و سەعاتی بەرکی سوخمەکەیان برد.

هەموو ڕۆژئاوایان، سەعاتەکەی بە کاتی عەرەبی، لەسەر دوازدە میقات دەکرد. ئاخۆ ئێستا کیهە سەرباز لە گیرفانی خۆی ناوە؟ ئایا چاوی لێ دەبێو نرخی دەزانێ؟ ئایا دەیگۆڕێ و دەیخاتە سەر کاتی ئیفرنجی؟ شێخ هەموو سبەینان، شووشەکەی دەسڕییەوە، تۆزی شۆڕشی لێ پاک دەکردەوەو دەیگوت: (خۆزگە ئێمەی کورد وەکو تۆ بمانزانیایە چ وەختەو ڕۆژگار چۆن دەڕوا! ئێوارانیش، لە گیرفانی سوخمەکەی دەری دەهێنا، لە بن سەری خۆی دەنا. هەندێ جار، لەبەر تیشکی چرا تەماشای وێنەی قەتاری سەر قەپاغەکەی دەکرد. قەپاغەکەی هەڵدەگرت، باڵندەی سووری نیشانەی سرکیسۆفی دەبینی، باڵەکانی لێک کردبووەوە وەک ئەوەی بیەوێ بفڕێ. دڵی بە لێدانی سەعاتەکە فەرامۆش دەبوو.

ڕۆژێکیان، لەگەڵ (شێخ شەریف) گاڵتەیان دەکرد. هەر یەکە گاڵتەی بە سەعاتی ئەوەی دیکە دەکرد. بە (شێخ شەریف)ی گوت: (گرەو دەکەم سەعات نییە بە قەد سرکیسۆف دروست بێ!) (شێخ شەریف) وەڵامی دایەوە: (تۆ خۆت پێ پسپۆری سەعاتە!؟ سەعاتی تۆ مارکەی سرکیسۆفی ڕووسییە لە چاو سەعاتی سیمیری سویسری من، یەک فلوس ناهێنێ.)

(شێخ سەعید) بە کەسەرەوە، وەڵامی دایەوە: ڕەنگە پارچەکانی لە (لۆزان) لێک درابن بۆیە دروستە. لێدانەکەیان لەسەر لێدانی سەعاتی (ئەتاتورک) لە (ئەنقەرە)، داناوەتەوە.

ویستی لە دوو سەربازەکە بپرسێ سەعات چەندە؟ بەڵام زوو لە بیرەکەی پەشیمان بووەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: (گاهس وا زەن ببەن من لە ترسان ئەو پرسیارە دەکەم.. کەواتە با بێ ئەوەی بزانم سەعات چەندە، بەرەو مەرگ بچم.)

لەگەڵ ئەوەشدا مەزەندەی کرد، سەعات، بە کاتی عەرەبی، لە نێوان حەفتو هەشتدایە.

شێخ بە دەنگی بەرز گوتی:

-دوای دەوری دوو سەعاتی دیکە، مەلای مزگەوتی بەهرام پاشا بانگی نوێژی بەیانی دەدا. بەڵام من گوێم لێ نابێ. بۆ یەکەمین جار لە ژیانی خۆمدا، نوێژی بەیانی ناکەم.

دوو سەربازەکە تەماشای یەکتریان کرد، بەڵام قسەیان نەکرد.

شێخ قەتاو قەت نوێژی بەیانیانی نەدەچوو. تەنانەت پار بەهارێ، کە لە گوندان دەگەڕا، هەمیشە نوێژی بەیانی دەکرد. حەزی لە نوێژی بەیانی بوو. دەیگوت:

-بەیانیان، پەردە لە نێوان خوداو بەندەکەی هەڵدەگیرێ.

بیری کەوتەوە، پێش چەند چرکەیەک، هاوڕێ بەندییەکانی کە چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان دەکرد، بانگیان دا. هەر جارەی، یەکێ لە بەندییەکان دەبرایە گۆڕەپانی لە سێدارەدان، بانگیان لە دواوە دەدا. ئەو خۆیشی لە دوای ئەو هاوڕێیانەی بانگی دا کە هەنووکە لاشەیان بە سێدارەکاندا شۆڕبۆتەوە.

پێش چەند مانگێک، کاتێ چەند شۆڕشگێڕێک چوونە ناو جەرگەی شاری (ئامەد)و چەند سەربازێکیان کوشت، یەکێ لە مەلاکان هەستا، چووە سەر منارەی مزگەوتی عەلی پاشاو دەستی بە بانگدان کرد. کاتی هیچ نوێژێک نەبوو، لە خۆشی هاتنی شۆڕشگێڕان بانگی دا.

دەنگی گەورەی مەلا گەیشتە دەرەوەی شوورەکانی شارو هەموو عالەم زانیان شتێ هەیە.

بەیانی، سەربازان مەلاکەیان بە سونگی کوشت. لە بەینی ژیانو مردندا بوو، پێیانگوت:

-هێ.. یا شێخ، هەستە بانگ دە!

ئینجا دوا سونگییان لە گەرووی راکرد.

***

تەمەنی حەفت ساڵان بوو، باوکی داوای لێکرد بانگ بدا.

بە باوکی گوت:

-شەرم دەکەم.
باوکی تووڕە بوو، بە توندی گوتی:
-پێویستە شەرم لە گوناهان بکەی، نەک لە بانگدان، کوڕم!
بە ناچاری هەستاو بە دەنگی منداڵانەی بانگی دا.
-الله اکبر، الله اکبر!
هەموو مریدەکان رابوون بۆ نوێژ.
شێخ بیری کردەوە: (کە تفەنگ بانگی بۆ نوێژی شۆڕش دا، هەموو نەهاتن. نوێژ لە مزگەوتدا، دوای دەستنوێژ هەلگرتنێکی خێرا بە ئاو، دەکرێ، بەڵام نوێژی ئازادی پێویستی بە دەستنوێژی خوێن هەیە، بۆیە تەنیا کەمێک دێن.)

***

رۆحی، بەو شەوە دەستنوێژی هەڵگرت کە شەپۆلەکانی (ئامەد)ی راماڵی، ئینجا نوێژی لەسەر بەرماڵی نووری خەیاڵی، کرد.
منداڵ بوو، جارێکیان لە باوکی پرسی:
-باوکە، بۆچی لە کاتی تەوەجوهـ و خەتمو رابیتە، چاومان دەنووقێنین؟
- کە مرۆ چاوەکانی دەنووقێنێ، پەنجەرەکانی زەینی دەکرێنەوە. رێباز ئاوهایە، کوڕم. مرید پێویستە خۆی لە هەموو شتێ بێ بەش بکا بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بۆ ببێ. مرید ئەوەیە کە هەموو شتێکی هەیەو موڵکی هیچ شتێک نییە. مرید کە هیچ شتی نییە، ئەمە موڵکی هەرە گەورەیەتی. کە مرۆڤ خۆی لە نووری چاو بێبەش دەکا، لە راستەقینەی کنیات دەگا. دڵ لە چاو زیاتر دەبینێ.
پاش هەموو نوێژێکی دێرگا (عەسر)، چاوی دەنووقاندو زیکری (یا باقی! تۆی باقی!) دەکرد. هەموو رۆژێ، دوای نوێژی شێوان، وێنەی شێخ خالیدی نەقشبەندی دەهێنایە بەر چاوی. نەیدیبوو، بەڵام وێنەیەکی لە خەیاڵی خۆی بۆ کێشابوو. خەیاڵی دەکرد پیاوێکی سیما نوورانی ریش

درێژە. ڕۆژی دوو شەممانیش، دەچووە ناو ئەڵقەی زیکر، لەو کاتەدا، ماوەیەکی زۆر چاوی دەقوچاند.

ڕۆژێکیان، کە لە ختم دەرچوون، مریدێکی تەکیەی باوکی پێیگوت:

-ئەز بەنی ، دەبێ چاومان بکەینەوە بۆ ئەوەی ببینین چ ڕوو دەدا!

ڕۆژی پاشی، هیچێکیان لە کاتی خەتمدا، چاویان نەنووقاند. بە ترسەوە تەماشای (شێخ مەحموود)ی باوکی (شێخ سەعید)یان کرد کە زیکری (سبحان الله و الحمد لله)ی دووبارە دەکردەوە. کە خەتم هەڵگیراو دەرچوون، یەکێ بە یەکێکی تری گوت:

-ئەوەتا دەممان وەکوو خۆیەتی. چ خوار نەبووە.

مریدەکان ترساندرابوون ئەگەر بە خراپە باسی شێخ بکەن، یان لە کاتی ئەڵقەی زیکردا، چاویان بکەنەوە، دەمیان خوار دەبێ.

ئەمڕۆ کەس دەمی خوار نابێ. شێخەکان خۆیان بە سێدارەدا شۆڕبوونەتەوەو ئەوانەی لە سێدارەیان دەدەن، دەمیان وەکو خۆیەتی، ساغو سەلیمە!

ئەو دەمانەی دەزانن بە چاکی لەگەڵ دونیا بدوێن دەمی ئەو کەسانەیە کە ئەم شەو ئەو شێخانە دەبەنە سەر سێدارە. ئەوەتا دەمی شێخەکان لە حزوور مردندا، خوار بووە.

***

دوو سەربازەکەی شێخیان گرتبوو، بە هۆی ئەو کزەبایەی بەو سبەینەی سەحەری، لە پەتی سێدارەکانی دەدا، خەوەکوتکەیان دەبرد، شێخیش وەنەوز بردییەوە. شنەبایەکی نەرم و خاپینۆک بوو، هەوایەکی ئاشق بوو، گاوێ شەرمنو تاوێ ئازاو لەوجڕ بوو. هەوایەکی کوردی نەبوو. هەوایەک بوو لە باوەشی ڕۆحە ترسنۆکەکانەوە دەهاتو دەیەویست شێخ بخاتە خەوەوە.

-نا. ژیان ئەوە دەهێنێ مرۆ تا دوا چرکە، بە چاوی زەق بژی. شوێنی جوولەی ئەستێرەکان هەڵدەگرم. سەیری ئەو بەیانە دەکەم کە خەریکە

دەنگوێ. سەیری باڵای ئەو شێخە پاڵەوانانە دەکەم کە بە سێدارەدا شۆڕبۆتەوە. چاوم بە ڕۆحی پاکیان دەڕێژم. پێش مردن، گوێ لە دوا وشەی پێشمەرگیان دەگرم. تەماشای بەرگریی
ئەستێران دەکەم. تەماشای دوڕ چاوی سەربازەکان دەکەم کە گوێ لە دوا هەناسەی لە سێدارەدراوان دەگرن.
جارێکی تر پەتەکەی بەرامبەر خۆی بینی، بەو (با)یەی کەواکەی وەزاندی، دەهەژایەوە.
کەلەپچە زەندەکانی ئازار دەدا بەڵام گوێی نەدایێ. ئەو کاتە ئازاری خوارد کە نەیتوانی دەست بە ریشی دابێنێ.
هەستی کرد مەندیلەکەی نەختێ لاربۆتەوە، ویستی ڕاستی بکاتەوە. بە بیری هاتەوە کاتێ لە حوجرەکەی خۆی دادەنیشت و مەندیلە کتانە بیست گەزەکەی دەپێچا. تۆپەڵەی کتانی لە کۆشی خۆی دەناو لە قالبێکی ئاسنی دەپێچاو توندی دەکرد تا ئامادە دەبوو. تەنانەت کە دەجەنگایش مەندیلەکەی لەسەر نەدەکردەوە.
-مردن سولتانێکە مرۆ دەبێ بە جوانترین بەرگ بچێتە حزووری.
دوو جار سەری بۆ لای چەپە وەرسووڕاند، مەندیلەکەی لاربووەوە. زانی ئێستا دۆخەکەی باشترە. هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا.
یەکەم جار، (شێخ مەحموود)ی بابی مەندیلەکەی بۆ پێچاو لەسەری ناو گوتی:
-کوڕم، مەندیل تاجی دونیایە، بەڵام گەرەکە بزانی گرنگ ئەو شتەیە کە لە ناو سەرتدایە، نەک ئەو پەڕۆیەی لەسەر سەرتە!

***

ئەو کزەبایەی لە لای دیجلەوە دەهات مەندیلی سپی شێخی ماچ دەکرد کە بە توندی لەسەری پێچرا بوو. ئەو شنەبایە لاشەی لە سێدارەدراوەکانی هەژاندەوە. هەروەسا مووی چەرمووی ریشی ئاڵۆسکاند، شانەکەی هاتەوە یاد. شانەی وەزینەی کە قەت لێی جیا

نەدەبووەوە. شەیەکی دنک ورد بوو، قاوەیی‌و کەوانەیی بوو. جارێکیان، باوکی لە شاری ئەرزەڕۆم، لە دوکانی (سەرکیس بۆغۆصیان)ی برادەری ئەرمەنیی بۆی هێنا. (سەرکیس)، لەگەڵ ئەو شانەیەدا، گەلێ دیاری دیکەی پێشکێش (شێخ مەحموود) کرد: ئەموستیلەی زیو بۆ کوڕەکانی‌و دەسرۆکی موسلین بۆ کچەکانی.

بەر لەوەی (شێخ سەعید) لە شارۆچکەی (گمگم) بگوازرێتەوە بۆ (ئامەد)، سەربازەکان زۆر کەل‌و پەلی تایبەتییان مور کرد، یەکێ لە شتەکان ئەو شەیە بچووکە بوو. شێخ داوای لێکردن لانی کەم شانەکەی بدەنەوە، بەڵام گوێیان پێنەدا.

بەینەک دوای گیرانی، رۆژێ، (شێخ سەعید) شانەکەی خۆی لە دەست بەڕێوەبەری بەندیخانە بینی. پیس ببوو، پڕ موو ببوو. شێخ بە بەڕێوەبەری بەندیخانەی گوت: (ئەمە شانەی منە. بێنە بمدەوە!) بەڕێوەبەری بەندیخانە بە سەرسامی تەماشای کردو گوتی: (تۆ داوای مافی گەلێکت دەکرد، ئێستا داوای شانەیەکی بێ نرخ دەکەی؟) شێخ بەوپەڕی هێمنی وەڵامی دایەوە: (تەنیا من نیم داوای مافی ئەم گەلە دەکەم. گەلیش بە مردنی من هەتیو نابێ. بەڵام ئەم شانەیە موڵکی تایبەتی خۆمە. کە لە دەست تۆی ببینم، کوو داوای ناکەمەوە؟) بەڕێوەبەری بەندیخانە وەڵامی نەدایەوە. بە دەم داهێنانی سمێڵەکانی، رۆیشت.

شێخ بە کول‌و کۆڤان بانگی کرد:
-لانی کەم لێمەگەڕێ پیس بێ!!
لەوساوە، شێخ ردێنی بە پەنجەکانی دادەهێنا. بۆ خوارەوە دایدەهێنا ئینجا لە خوارەوە، پەنجەکانی لە ناو ردێنی دەناو بۆ سەرەوە بڵندی دەکرد، لە هەموو دەستنوێژێک وای دەکرد.
-خۆزگە ئەو شانەیەم پێبوایە بۆ سەر سێدارە!
خۆزگەی دەخواست لەو چرکەساتەدا، هەموو شتەکانی خۆی پێبوایە بۆ ئەوەی ببن شایەت لەسەر ئەو تاوانە. خۆزگەی دەخواست بە چرپە

باسی غەم‌و ئازارو نهێنییەکانی خۆیان بۆ بکا ئینجا ملی بخاتە ناو پەتی سێدارە.
ئەو پارچە ئاسمانەی لە ناو قوڵفانگەکە دیار بوو، روونتر بووەوە. ئەستێرەکە باش دیار نەبوو، لە باتی ئەوە، ئەستێرەیەکی لە باوەشی هیلالێک بینی لەسەر قوماشێکی سوور، لەسەر ئەو کلیسە کۆنە دەشەکایەوە کە بارەگای دادگایی کردنی شێخ‌و هاوڕێکانی بوو. وەکوو کۆترێکی ناو تۆڕ دڵی داخورپا.
جەستەی (عەلی جانی)، کە تازە لە سێدارە درابوو، بە گرانی دەلەرایەوە.
شێخ چاوی بڕییە ئاسمانی ڤالاهی‌و لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەی سێدارە، تۆ بۆنی ئەو شەرابەت لێ دێ کە لە (لۆزان) نۆشیان. لەوێ، کە زۆر لە وڵاتەکەمان دوورەو هەرگیز درەختەکانی سێبەر بۆ بیوەژن‌و هەتیوەکانمان ناکەن، ئەو سێدارانەیان بۆ دروست کردین. ئەو سێدارانە لە تەختەداری ئەو مێزانە دروست کراون کە وێنەی چارەنووسی ئێمەیان لەسەر کێشا. چارەنووسی ئێمە وەک پێستەی پیرەگا فڕێ درابووە سەری.
کە میردمنداڵ بوو، باوکی بە پرسیاران بێزار دەکرد:
-خودا چۆنە؟
-کوڕم، خودا گەورەیە.
-ئایا لە سولتان گەورەترە؟
-بەڵێ کوڕم، لە هەموو شتێک گەورەترە.
-لەم سێدارانەیش گەورەترە؟ ئەم رستەیەی وەک کڵۆ بەفرێک بەربووەوە ناو خەیاڵ.
شێخ، جارێکی تر، چاوی بە ئاسمانی کپدا گێڕا. هیچ پەرجۆی نەبینی.
لە دڵی خۆیدا چرپاندی: ((سەعید)، ئێستا زەمانی پەرجۆ نییە.)
بە منداڵی، زۆر چیرۆکی کەراماتی ئەولیاو شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بیستبوو. گوێی لێ ببوو مریدەکان باسی کەرامەتی باوک‌و باپیریان دەکرد.

-کاتێ شێخ لە بەرەی جەنگی رووسەکان بێ، گومانی تێدا نییە رووس دەشکێن. جارێکیان، تیپێکی لەشکری عوسمانلی لە نزیک (قارس)، ئابلووقەدران، وەخت بوو قۆزاقەکان بە شەمشێر قڕان بۆ سەربازانی تیپەکە بێنن. لەپڕ، تۆزو رتام لە لە دوورەوە هەڵی کرد. ئەوە یەکێ بوو لە خەلیفەکانی رێبازی نەقشبەندی. خەلیفە دوو جار هاواری کرد: (الله اکبر!) قۆزاکەکان بەزینو وەک تۆپەڵە بەفرێکیان لێهات کەوتبێتە ناو ئاگر. پەرتان پووتانیان پێکەوتو هیچ شۆڕو دەوسیان نەما.

ئەو کاتە زەمانی کەرامەتو پەرجۆ بوو. تەنانەت سولتانەکانی عوسمانلی نامەیان بۆ شێخە گەورەکان دەنارد، داوای دوعاو هاوکارییان دەکرد. شێخەکان بە چاکی ئەرکی خۆیان بەرامبەر سولتانەکان جێ بە جێ دەکرد. تا بۆیان بکرایە، جەنگو جیهادی کافرانیان لای خەڵک خۆشەویست دەکرد.

شێخەکان، لە هەموو جێگایەک، رێزو هەیبەتی خۆیان هەبوو. ئەوان دەرگەوانی ئەو بەهەشتانە بوون کە بە مێشکی بنیادەمدا نەهاتووە، ئەوان ئەو پردانە بوون کە مرۆ دەگەیەنێتە بەختەوەرییەکی جاویدان، ئەوان دەردی دەرمانی جەستەو رۆح بوون، ئەوان کلیلی دەرگا قوفڵدراوەکانیان بە دەست بوو. ئێستایش! ئەوەتا کلیلی مەرگی ئەوان لە دەست چەند سەربازێکە.

-خودایە، ئەوەتا زۆر شێخ ملیان بە پەتەوە کراوە!

جارێکی تر تەماشای لاشەی (عەلی جانی) کرد بە قنارەدا شۆڕ ببووەوە. زۆر بەرگری مردنی کردبوو. هەردوو لنگە پێڵاوی لە پێ ببووەوە پەرپیبوونە ئەولا. پەنجەکانی پێی بە تیژی روو لە زەوی بوون ویستبووی بیانگەیەنێتە سەر زەوی بۆ ئەوەی ملی خۆی لە پەتی نەفرەتی بحەسێنێتەوە.

شووراتی ناو دەمی تاڵ ببوو، دەتگوت هاوینی گەیشتۆتە گەروو دەشتێکی قومەری کڵپەداری لە ناودەمدا کشاوە.

لای دەستە چەپ، سەرچاوەکانی رووباری دیجلە ئاویان لێهەڵدەقولا، لێرەیش، شێخ وەک بنەتووترکێک، بە تینوێتی لەبەردەم سێدارەدا وەستابوو..

-ئای تینووم،! خودایە
ئەوەتا بە تینوێتی دێمە لات.
بە تینوێتی لەسەر کۆسپەی مەرگی خۆم وەستاوم
تینووم وەکو پەشمەنەی پەرێزی کۆتایی هاوین، تینووم

بەری چەند رۆژێک، شێخ (عەلی جانی) لە ژووری زیندان چووە سەردانیو پێیگوت: (ئەز بەنی؟، وا دیارە ئەوانە دەمانبەنە سەرداری ئیستیقرار). (شێخ سەعید) وەڵامی دایەوە: (جا داری ئیستیقرار چییە؟) ئایا دەتەوێ چاوەڕێی تەمەنێکی دیکە بکەین؟ ئەگەر لە دوای تەمەنی درێژ گەڕاباین، لە گوندی خۆمان دادەنیشتین، تەنیا رێنمایی خەڵکمان بۆ رێبازەکەمان دەکردو فێرمان دەکردن چۆن بیر لە مشک و پشیلەی تۆپیو پاک بکەنەوە، حەڵاڵو حەرامیمان بۆ روون دەکردنەوە. یان لە ئەڵقەی زیکر کۆمان دەکردنەوە. برام، ئێمە شۆرشێکمان هەڵگیرساند، شۆڕش! لەو شۆڕشەدا، دەیان جار روو بە رووی مەرگو مردن بووینەوە. خۆ قاتی لە مردن ناترسی، (شێخ عەلی)؟
(شێخ عەلی) نەختێ شەرمی لە خۆی کردەوە، ئینجا گوتی:
-پەنا بە خودا، (شێخ سەعید)! مردن بە خێر بێ! غەمی ئەوەمە بە دیلو دەست بەسراوی دەمرم! هیچ شتی لەوە خۆشتر نییە پیاو لە شەڕدا بمرێ!!.)
شێخ بە خەفەتباری وەڵامی دایەوە:
-مردن هەر مردنە، (شێخ عەلی)! مردن هەر مردنە چ بە شەمشێر بێو چ بە خەنجەر بێو چ بە پەتی سێدارە. بەڵام ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەوەیە کە

دەتبەنە بەر داری سێدارە، بەرگری بکە. بە ئاسانی ملت رادەست مەکە بۆ قولفانگەی پەتی سێدارەو ئایەتی: (کل نفس ذائقە الموت.) بخوێنەوە.

***

شێخ لە دڵی خۆیدا ئایەتی (کل نفس...)ی خوێند. مردنی خۆی وەک تەلەیەک هاتە بەرچاو لەبەر پێی دانرابێتەوە، هەنگاوی زۆری نەماوە.
دوو سەربازەکەی شێخیان گرتبوو، توند بوون. بە جۆرێ دەجوولانەوە وەک ئەوەی ئەوان بن دوای کەمێکی تر لە سێدارە دەدرێن. هەردووکیان توند بازوو شێخیان گوشی.
شێخ ئاوڕی لە لای راستەو لە لای چەپە دایەوەو بەو تاریکە، بە بێزاری سەیری رووی دوو سەربازەکەی کرد. تفەنگەکانی بینین خەریک بوو لە شانیان بخزێتە خوارەوە، دوگمەکانی کراسەکانی بینین وەک چاوی بەور لە تاریکیدا دەبریسکانەوە. تێنەگەیشت بۆچی سەربازەکان لەپڕ بوون بە درندەو هەر یەکە لای خۆیەوە بازووی گوشی.
شێخ بەزەیی پێدا هاتنەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:
-لەوانەیە لە مردن بترسن؟
ئەو قوربانییانەی بیر کەوتەوە کە لە جەژنی قورباندا، بۆ سەربڕان ئامادە دەکرێن. مریدەکان بەرخ‌و گوێرەکەو مەڕو بزنیان بۆ دەهێنان‌و ئەو ماڵاتانەیان بە سترۆو بە گوێ، رادەکێشاو ماڵاتەکان هاواریان دەکرد، دەتگوت دەزانن دەیانبەن تا بە چەقۆی تیژ سەریان ببڕن.
قەساب سەر لە سبیانەی رۆژی جەژنی قوربان دەهاتن. باوکی (شێخ سەعید) پێیدەگوتن:
-چەقۆتان تیژ کەن، ماڵاتەکان لەبەر چاوی یەک‌و دوو سەرمەبڕن. قاچیان ببەستن بۆ ئەوەی ئەشکەنجە نەکێشن!
ئەوەتا سێدارە لەم گۆڕەپانە چەقانراون‌و ئەوەتا شێخ‌و هاوڕێکانی ئەم شەو، لە جەژنی کۆمارێکی تازەدا، دەبن بە قوربانی. هەر قوربانییەو لەبەر چاوی قوربانییەکانی تر سەر دەبڕێ.

-کوڵەگەی ئەم سێدارانە لە داری سوورەچنارە.

شێخ بە بۆن ئەم دارەی دەناسی. دارەکان تازە سپی کرابوون، یەک قەدەدار توێژی پێوە مابوو، دەتگوت پەلەیان بووە بۆ ئامادەکردنی سێدارەکانو ئەمەیان سپی نەکردووە.

شێخو هاوڕێ چەکدارەکانی بەری چەند هەیڤێک، لەسەر کەناری دیجلە، خۆیان دابووە بەر سێبەری ئەو دارانە. مریدەکان سێ قەدەداریان چەقاندو مەنجەڵێکی خواردنیان پێوە هەڵاواسی و ئاگریان لەبن کردەوە. شێخ لێپرسین: (ئایا دەزانن ئەم درەختانە مولکی کێن؟) مریدەکان وایان زەن برد شێخ سەرزەنشتیان دەکا کە ئەو قەدەدارانەیان هێناوەو هەقی خاوەنەکەیان نەداوە. یەکێکیان گوتی: (ئەز بەنی، نەمانزانی هی کێن. ئەگەر بمانزانیایە، بەر لەوەی بیانبڕینەوە، هەقی خاوەنەکەمان دەدا.) شێخ پێکەنی، چووە لای مەنجەڵەکە، داهاتەوە سەری. ئینجا دەستی دایە یەکێ لە سێ قەدەدارەکان و گوتی:

-ئەم درەختانە موڵکی منن.

پەڕە کاغەزێکی زەردی لە گیرفانی دەرهێنا، لێوارەکانی داڕزابوو و مۆرێکی گەورەی لای خوارەوە درابوو. شێخ پەڕە کاغەزەکەی پان کردەوەو بەوانەی دەردۆری گوت:

-ئەمەیش تاپۆی ئەو زەوییەیە کە ئێمە تێیداین.

باوکی موڵکێکی زۆری لەو ناوانە هەبوو: لە (پالۆ)، (خنوس)، (ئەرغنی)، (ئامەد)، (موش)، تەنانەت لە (وان)یش. شێخ خۆیشی نەیدەزانی مولکی خێزانەکەیان لە کوێ کۆتایی دێ. لە هەر کوێ مریدیان هەبوو، موڵکیشیان هەبوو.

-لە بۆنی ئەو سێدارەیە، دەزانم دارەکەی هی قەدی سوورەچناری خۆمانە. ئەو دارسوورەچنارانەی بەری چەند مانگێک، لەبەر سێبەریان دادەنیشتین.

شێخ، دوای ئەوەی چەند جارێک سییەکانی پڕ بۆنی دەوری سێدارەکان کرد، ئەم قسەیەی کرد.

***

ئەو حوجرەی تێدا گەورە ببوو قسپەکانی بانی لە دارسوورەچنار بوو. قسپی راست بوون وەستا سریانەکان هاویشتبوویاننە سەر کاریتەی هەرە ئەستووری دار تووی ناوەندی بان.

ئێواران، بەرلەوەی چاوەکانی فەرشی خەو بچنن، خۆی بە ژماردنی قسپەکان خەریک دەکرد. هەندێکیان لەبەر وشکیی شەقیان بردبوو، مەگەس دالّدەیان تێدا گرتبوو و هەندێ جار خشەخشێکی نائاشنای لە ساپیتەوە دەبیست، وایدەزانی خشەخشی مشکە، بەلاّم هەر زوو بە ترسەوە دەگەڕایەوە، دەیگوت: نا. ئەمە مارە. دەنگی خشینی مار روونو ئاشکرایە، نەختێ درێژە دەکێشێ بەلاّم خشەخشی مشک لەپڕو خێرایە!

لەگەڵ گەورەبوونی، ترسی لە قسپەکان و لە مەگەسو خشۆکو قرتۆخی ناویان گەورە بوو. نەیدەزانی رۆژێ دێ لەبەردەم سێ کۆڵەگەی چەقاو دەوەستێو دەیان برادەرو ناسیاو لەبەر چاوی دەبینێ بە سێدارە هەڵواسراون.

رۆژانی زستانو بەهار، کاتێ هەور ئاوی بۆ زەوی تینوو دەهێنا، قسپەکانی بان دەبوون بە کانی بچووکو دلۆپە ئاوی شلوێیان لێ دەهات. قاپو قاچاغی سفریان لە ژوورەوە دادەنا. بتێ دلۆپەی دەکردو کە دلۆپە بە ئامانەکان دەکەوت، دەنگێکی خۆشی لێ دەهات، نەختێ دڵی خۆش دەکردو ترسی شەوی لە دڵ دەردەکرد.

بیری کەوتەوە زۆر ئێواران، بەر لەوەی چاوەکانی وەکوو دوو قەتێ لە داوی خەوتن هەڵبنگوێن، چاوی دەبڕییە ئەو وێنانەی دلۆپەکان لە سەر قسپەکانی ساپیتەیان کردبوو. زۆر جۆرە گیانداری تێدا دەدی: مامزو مارو کۆتر، ئەو وێنانەی ناتەواویش بوون، ئەم بە خەیاڵی خۆی، لەبەر تیشکی کزی چرادا، تەواوی دەکردن.

بە بیری هاتەوە، چۆن مریدەکان بانیان دەگێڕا بۆ ئەوەی دلۆپە رابگرن. بیری کەوتەوە، چۆن یەکێ لە مریدەکان باگوردانێکی بەردی، لەسەر بان،

لە دوو خۆی رادەکێشاو چۆن رەشەوەندی خەڵک لە بەینی خۆیانەوە دەیانگوت باگوردانی ماڵی شێخ لە خۆوە دەگەڕێ!

***

باگوردانی خەیاڵی، بە بێدەنگی لەسەر بانی تەمەنی دەگەڕا. یادەوەریی دەوری منداڵی، وەک فەرشێکی عەجەمی لەبەر دەمی پان ببووەوە. بیرەوەوری، وەک پوورەی هەنگ، کاتێ چرنۆکی ورچی بۆ دەچێ، ورووژابوو.

رۆژێکیان، باوکی لەگەڵ خۆی بردبیە ئەرزەرۆم، کە وەکوو هێلکە قەتێ فڕێدراوەتەوە ئەو باکوورە داگیرساوە. لەوێ عوسمانلی‌و رووس، کوردو ئەرمەن بە نۆرە دەستیان بەسەر ئەو هێلکەیە دا دەگرت.

ئەو کاتە، رووس تازە لەوێ کشابوونەوە، تەنیا بەفریان لە دوای خۆیانەوە جێ هێشتبوو.

باوکی، دەستی گرتبوو، پێیگوت:

-کوڕم، ئەمە بەفری رووسە کافرەکانە!

(سەعید)ی منداڵ لە باوکی پرسی:

-بۆچی لەگەڵ خۆیان نەبردووە؟

- کوڕم، ئەوان بەفری خۆیان لێ سەرو زیادە. رووس ئەوهان. بچنە هەر شوێنێ، بەفر لە دوای خۆیانەوە جێ دێڵن.

- باوکە، ئەدی لەشکری ئێمە؟ چ لە دوای خۆیەوە جێ دێڵێ؟

پرسیارەکەی تۆپەڵە بەفرێک بوو لە رووی باوکی گرت. باوکە ئاوڕی لە دەوری خۆی دایەوە، ئینجا داهاتەوە سەری‌و چرپاندییە بن گوێی:

-کوڕم، لەشکری عوسمانلی سێدارە دوای خۆی جێ دێڵێ.

(سەعید)ی منداڵ بێدەنگ بوو. باوکی زانی لە قسەکە نەگەیشت. ویستی دڵی خۆش بکا، لێیپرسی:

-دەتەوێ سواری خلیسۆک (زلاجە) بی؟

خلیسۆکی سەر بەفر؟

-بەڵێ کوڕم. ئێستا دانەیەکت بۆ دەسەنم.
ئەو سبەینە سارده، هەردووکیان چوونە ناو شار، چەند مریدێکیان له دوو بوو، به ڕێزەوە دەستیان لەسەر دەست دانا بوو. هێمانی (سەرکیس بۆغۆصیان)ی دوکاندار چاوی پێکەوتن، هەستایەوەو هاواری کرد:
-شێخ مەحموودەفەندی!
باوکی (سەعید) زەردەخەنەیەکی هاتێ. به پەله ڕۆیشت، (سەعید) کەمێ دوا کەوت، تەماشای دوکانانی دەکردو گوێی له زەنای خاوەنەکانیان دەگرت. هەندێکیان سەماوەریان لەسەر مێز دانابوو، چایان له پیاڵەی ناسکی کەمەرزراف دەخواردەوەو بزەیان دەهاتێ.

***

باوکی چووه ناو دوکانی (سەرکیس بۆغۆصیان)ی ئەرمەنی. مریدەکان به چاوی نیمچه نوقاوو دەست لەسەر دەست، له دەرەوه مانەوە. (سەرکیس) فەرشێکی بچووکی فەروەی بەرخی لەسەر کورسییەکەی داناو فەرمووی له (شێخ مەحموود) کرد دابنیشێ. ئینجا چەنگه چوکلاتێکی له دەست (سەعید)ی منداڵ نا. منداڵەکه سەرنجێکی پرسیاری له باوکی دا. باوکی پێکەنیو گوتی: (وەرگره، کوڕم، ئەو چوکلاته وەرگره. ماڵی دیانانه. حەڵاڵە!). (سەرکیس)یش به دەوری خۆیەوە پێکەنیو وەڵامی دایەوە: (ئەگەر ماڵی تاڵان بێ، حەڵاڵە! بەڵام ئێستا هەموو شتێ نرخی خۆی هەیە!) شێخ قاقا پێکەنیو گوتی: (سەرکیس)، وا دیاره تۆ له شەریعەتی محەمەدیش دەزانی!)
مریدەکان له دەرەوه، له لەوجڕی (سەرکیس)، پەشت بوون، بەڵام که دیتیان شێخ پێکەنی، دڵیان برەک هێور بووەوە. خاوەن دوکانەکانی دیکه ملیان درێژ کردبوو بزانن چ باسه. بەڵام له ترسی مریدەکان، هەر زوو گەڕانەوه سەر چا خواردنەوەی خۆیان.
(سەرکیس) بازرگان بوو، هەموو دونیا گەڕابوو. چووبووه (مووسل)و (بەغدا)و (تەورێز)و (ئەستەنبۆل)و (حەلەب)و (شام). که تەمەنی له

شەست ساڵی بوارد، کاروباری بازرگانی دایە دەست (وانیس)ی کوڕیو خۆیشی خەریکی کاروباری دوکانەکە بوو. دوای چەند ساڵێک، بە ماڵو دوکانەوە چووە (وان)و لە نزیک دەروازەی (تەوریز)، لای شوورەی شار، ئاکنجی بوو.

(سەعید)، کە فیقهی لە شاری (موش) دەخوێند، لەوێ جارو بار سەردانی دەکرد. کە (سەرکیس) لە یەکەم سەرداندا، چاوی پێکەوت، هەستا گرتییە باوەشو گوتی:

-ماشەڵلا بووی بە پیاو!!

باسی سەربردەی گواستنەوەی خۆی بۆ کرد:

(ئەرزەڕۆم)یش وەکو (قارس) وایە. پیاو نازانی دەبێ باج بە چ دەوڵەتێک بدا. کە دەبێ بە شەڕ، ئێمە هەموو شتێکمان دەچێ. ماڵمان تالان دەکەنو خاوخێزانمان دەربەدەر دەکەن. گوتم قەمی شاری (وان) ئەمینتر بێ، با بارکەین بچینە ئەوێ. (سەعید)، من بۆنی جەنگ دەکەم. بۆنی کارەسات دەکەم. ئێمە ناچارین خۆمان بدەینە بەر سێبەری یەکێ لە دوو لاکە. من هەنووکە لە (وان)مو نازانم ساڵی دادێ، (با)ی جەنگ هەڵم دەداتە کوێ.

(سەرکیس) تەمەنی لە حەفتا ساڵی بواردبوو، (وانیس)ی کوڕی بازرگانی، ژنی هێنابوو و کوڕێکی هەبوو، ناوی نابوو (ئەنترانیک).

(شێخ سەعید)، کە لەبەردەم سێدارەدا بوو، ساڵەکانی تەمەنی تێکەڵو پێکەڵ ببوون. واقیعو یادەوەری، وەک ماسی ناو تۆڕ کە هەر یەکە هەوڵ دەدا بەر لەوانی دیکە بچێتە دەرەوە، ئاوها یەکتریان دڕ دەدا.

حەزی دەکرد یادەوەرییە هەرە گرنگەکان بێنێتەوەو لە خەیاڵی خۆی ڕێکیان بخا. بەڵام خەیاڵی وەک سەرخۆشان دەڵا دەهات، پێیەکی دەکەوتە پێشو پێیەکی دەکەوت پاش. ئینجا وەک ئەسپی دەوان تیژ تێیدەتەقاندو ساڵەکانی جێ دەهێشت لە ناو تۆزو ڕتامی سمەکانی بزر دەبوون.

یادەوەری گێڕایەوە ئەو ساڵەی لەگەڵ باوکی چووە (ئەرزەڕۆم). گەڕایەوە بۆ دوکانی (سەرکیس) کە پشتی پازدە ساڵ، باری کردو چووە (وان). گەڕایەوە بۆ گفتوگۆی نێوان شێخی باوکیو (سەرکیس)ی بازرگانی ئەرمەنی.

-شێخەفەندی، دەبینم (سەعید) عادزە. خێرە ئیشاللا؟!

شێخی باوکی دەستی بە ردێنی داهێناو مەندیلی کتانی دمیاتی راست کردەوەو گوتی:

-نا، نا. عادز نییە. بەڵام من بەڵێنی سواربوونی خلیسۆکم پێ داوە.

-خلیسۆک؟ خوا عافووت کا، خلیسۆکیش بووە شت!! بێ شک ئێستا منداڵ لە گۆڕەپانی سەرەوەی گۆڕستان یاری دەکەن. خلیسکانە لەسەر بەفر دەکەن. هەر ئێستا من دەیبەمە ئەوێ.

- نا. تۆ نا.

(شێخ سەعید) وەڵامی دایەوە. ئەوسا ئەمری بە یەکێ لە مریدەکانی دەرەوەی دوکانەکە کرد:

-لەگەڵ (سەعید) برۆ مەیدانی گۆڕستانو تا نوێژی نیوەڕۆ لە کنی بە!.

غەمی منداڵەکە وەک دارێکی رزیو قرچەی هات شکا.

***

دەنگی قرچەی شتێک گۆمی مەندیی شەوی شلەقاند. تەپپەی بە بەربوونەوەی شتێکی بە دوودا هات. شێخ (سەعید)ی تینوو زانی سێدارە بوو لە بن قورسایی یەکێ لە هاوڕێکانی شکا. لە دڵی خۆیدا راستی کردەوەو گوتی: لەوانەیە پەتەکە پسابێ. ویستی بزانێ ئەوەی بەر بووەوە کام یەکێ بوو لە هاوڕێکانی. گوێی دایە ئەو لای تەپپەکەی لێوە هات، زانی دوا سێدارە بوو. گوێی لە گفتوگۆی ئەفسەرێک بوو لەگەڵ سەربازەکان، بە تورکی دەدوان:

-مرد، مرد.

- نا. هێشتا نەمردووە. سەح کێ! پەنجەکانی پێی دەجوولێن.

- تۆ تەواوی کە!
- چۆن؟ گەورەم.
- پەتەکەی لە مل بشەدێنە . بیکوژە. ئینجا دووبارە هەڵیواسەوە.
شەوی (دیاربەکر) گەڕایەوە سەر رەشایی کپو لاڵی خۆیو خەیاڵی گێڕایەوە بۆ سەردەمی منداڵیو بۆ بەفری سپی (ئەرزەڕۆم).
ژمارەیەکی زۆر منداڵ لە گۆڕەپانەکە بوون. زۆر بە شادی، لەسەر بەفر خلیسکانەیان دەکرد. چەند پیاوێک خلیسۆکی منداڵانیان لە دوای خۆیانەوە رادەکێشاو بڕێ سەگیش منداڵی تریان رادەکێشا. ئەو مریدەی لەگەڵی چووبوو خلیسۆکێکی بە کرێ گرتو سواری کرد. پەتەکەی لە کەمەری بەستو هاواری کرد: یا سەیدی شاهی نەقشبەند! و لە دوو خۆی راکێشا.
ئەم سێدارانە چەند لەو خلیسۆکانە دەکەن!! کە بەرەو پیری مەرگ دەچین، لەسەریان دەخلیسکێین!.
(شێخ سەعید) وایگوتو دەستی بە ژماردنی سێدارەکان کرد.
- دەوری پەنجا سێدارەیە.! رێک بە قەد ژمارەی خلیسۆکەکانی زەمانی خۆی.
بەوپڕا دەوری پەنجا منداڵ بوون. بە شادی خلیسکانەیان دەکردو ناو بە ناو تۆزی بەفریان، لەسەر رووی تەڕوپڕی وەک سپێدەی چیایی خۆیان، دەسڕییەوە.
لێرەیش دەوری پەنجا سێدارەیە، بەوپڕا نزیکەی پەنجا پیاون. بەم شەوە گەرمو کپو لاڵەی (دیاربەکر)، بەرەو مردن دەخلیسکێن.
-چاوی بە ئاسمانی بە ئەستێرەی غەمگین رازاوەدا گێڕا. لە کاکێشاندا، بە دوای ئەستێرەی سپیدا گەڕا. نەیدۆزییەوە. لەزگ بوو پرسیارەکەی لە خوا بکا، بەڵام گێڕایەوە.
-ئاو! ئێستا ئەگەر تەنیا نەختێ ئاوم بخواردایەوە، دەبووم..

تێنوێتی زۆری بۆ هێنا، بەڵام بەرگەی گرت. کە دیمەنی تۆزی بەفری بیر کەوتەوە کە لە خلیسۆک دەپرژاو بە دەمو چاوی دەکەوت، ئەوەندەی دیکە تینوو بوو!

قسەی ڕێبەرێکی ڕێبازی نەقشبەندی بیر کەوتەوە:

-ئەگەر تینو بووی، لە خەیاڵی خۆتدا، بە نەفی سزای ئاو بدە.

تەنیا دوو هەنگاوی مابوو بگاتە سێدارە. هەستی دەکرد بیابانێکی لە بن زمانە لە بەرقرچەی گەرما پێچ دەخواتەوە.

رووباری دیجلە نەیدەزانی شێخ تینوویەتی. بە ئارامی دەڕۆیشت وەک ئەوەی کەس لە تەکییەوە مگێزی لە ئاو نەبێ. سەرچاوەکانی فورات بە تێنوێتیی شێخیان نەدەزانی. زێی بادینان و خاپوور، سابلاخو جوانڕۆیش نەیاندەزانی. ئەی کەواتە رووبارەکانی تایمزو ڤۆلگاو سین لە کوێ بزانن.

-ترس دەبێتە هۆی تێنوێتی.

ئەو جەنگاوەرانەی لە بەرەکانی جەنگ دەهاتنەوە وایان دەگوت. بەڵام شێخ نەدەترسا: نە لە مردن و نە لەو دوو سەربازەی بازوویان گرتبوو و نە لە ریزە سێدارەکەیش! ئەو بەوای شۆری شۆڕشەکەی تینوو بوو. شۆڕشێکی تا بڵێی شۆر بوو. رووباری دیجلە بە ئارامی دەڕۆیشت بێ ئەوەی بزانێ بەم زووانە، چەند ملێک، لە نزیک کەنارەکەیەوە، دەخرێنە ناو پەتی سێدارە..

-ئێستا کەشتی لەگەڵ شەپۆل دەڕۆن.

شێخ گەشتی بە کەشتی بیر کەوتەوە. ئەو کەشتییانەی بازرگان و فیرارەکانی عەسکەری و گوندییەکان و ونکەرەکان و قاچاغەکان و فەقێ و مەلاکان، ئەرمەن و ئاشووری و کوردو تورکو فارس گەشتییان پێ دەکرد. لەگەڵ ئاوات و خەونەکانیان بەرەو ئەو شارانە گەشتیان دەکرد کە سەریان بە کەناری دیجلە کردبوو. گەشتیان بۆ (مووسل)و (بەغدا) دەکرد. کەشتییەکان لە تەختە دار دروست کرابوون. تەختەداری سوورەچناری روواوی سەر کەناری دیجلەیان لە تەک یەک ریز دەکرد.

تەختە لە تەک تەختە!. ڕێک وەک ئەو سێدارانەی ئێستا لە (دیاربەکر)، لە نزیک دەرگای چیا، لە تەک یەک ریز کراون.
خاوەنی کەشتییەکان ئەم قەدە سوورەچنارانەیان دەکڕیو سپیان دەکردنو شەقیان دەکردنو چەند رۆژێک دەیاندانە بەر خۆر تا سووک دەبوون. ئەمە لە خەیاڵی وەک تەختەی تەڕی خۆیان فێر ببوون: تا تەختە دارەکە سووکتر بێ باشتر بە سەر ئاودا دەڕوا.
دوای سپی کردنو بڕینو وشک کردنەوەی ئەو دارانە، دەیانبەستنو بە پەت لێکیان گرێ دەدەن ئینجا لەسەر کۆمەڵێ کوندەو پێستەی پڕ هەوایان دەبەستن. بەم جۆرە، دەبێ بە کەشتییەکی تەختو لەگەڵ تەوژمی ئاو، بە ڕووباردا دەڕوا.
کە ئەو کەشتییانە دەگەیشتنە (بەغدا). کەشتیڕانەکان کوندەکانیان لێ دەکردنەوەو هەوایان لێ بەتاڵ دەکردنو دەقیان دەکردنو جارێکی تر لەگەڵ خۆیان دەبردنەوە بۆ (دیاربەکر)، تەختە دارەکانیشیان بە بازرگانەکان دەفرۆشت.
دارەکان لە (بەغدا) دەکران بە سێدارەو لە گۆڕەپانەکان دەچەقاندران.
خەڵکیان پێدا هەڵدەواسراو لە ناو قوڕی عوسمانلی وەردەدران.
شێخ (سەعید) بە منداڵی چەند جارێک سواری ئەو کەشتییانە ببوو. ئەو کزەبایەی لە سەر ڕووبارەوە دەهات، هەموو تێنوێتییەکی لە بیر مرۆڤ دەبردەوە. دەوروبەری کەشتییەکە هەمووی ئاوی شیرین بوو. هەرگیز ترسی تێنوێتی نەبوو.
ڕۆژێکیان، خاوەنی کەشتییەکە لەگەڵ بازرگانێک کەوتە پیلەکەیەکی دوورو درێژ. بازرگانەکە جلکی ئەوڕوپی لەبەر بوو، بە خاوەنی کەشتییەکەی گوت: کەشتییەکانی ئێوە زۆر دەرەکن. کابرا، مردن دەوری کەشتییەکانی گرتوون!. کەشتیوانەکە ئەوەندە پێکەنی وەخت بوو بکەوێتە سەر گازی پشتو بەربێتەوە ناو ڕووبار. ئینجا گوتی: ئەم کەشتییە مادەم تەختەکانی بە یەکەوە بەسراون، دەرەک نییە. بەڵام کە تەختەکانی لێک کرانەوەو تاک تاک بوون، ئەوسا دەرەک دەبێ! بازرگانەکە

تێنەگەیشت. نەفەرێکی بەساڵاچوو گوتی: کە تاک تاک بن، دەبن بە سێدارە. سێدارەت بینیوە؟

***

چەند خولەکێکی ترەو ئەم سێدارەیە تێنویتیم دەشکێنێ..
شێخ بە غەمبارییی وای گوت. نەیدەویست بە حەزرەت خواردنەوەی قومە ئاوێک بمرێ!!
بەر لەوەی بۆ گۆڕەپانی لە سێدارەدانی دەربێنن، باسی ساڵانی رابردووی بۆ هاوڕێکانی دەکرد. هاوڕێ بەندییەکانی پرسیاریان لێکرد:
-ئەدی ساڵانی ئایندە؟
وەڵامی نەدانەوە. گوتی:
-تینووم، گەرووم وشک بووە.
یەکێکیان هەستایەوە بۆ ئەوەی ترارە ئاوێکی بۆ بێنێ. بەڵام دوو سەربازەکە هاتن بیبەن. هاوڕێکانی تکایان لە دوو سەربازەکە کرد دەرفەتی بدەن فرە ئاوێک بخواتەوە.
-شێخ تینووە. ئیسە مەیبەنە سەر سێدارە.
ئەو ئەفسەرەی لەگەڵ دوو سەربازەکە بوو، دەستی شێخی لە دواوە بەستو بە وشکی گوتی:
-غەمت نەبێ!. شێخ لە بەهەشت ئاو دەخواتەوە. ئاوی کەوسەر لە دەستی حورییان دەخواتەوە.

***

پەری شەوی ئەستێرەی تاج لەسەر، پیر بوو، بە شێنەیی، بە پەنجە رەشەکانی، دەستی بە چنینی چارەنووسێ گەردنە سێوییەکان کرد. دەنگی هەناسەی بەیانییەکی ساردو بزۆێن هات. (شێخ سەعید) بە تێنوێتیی کپو بێدەنگیی، لەبەردەم سێدارەکەی وەستابوو، چاوی بڕیبووە ملی برادەرەکانی بە سەر شانیاندا شۆڕ ببووەوە..

-ئەوە (شێخ غالی)یە! ئەوە (شێخ عەبدولا)یەو ئەویان ...
دوو دڵۆپ فرمێسک لە سێدارەدراوەکانی دیکەیان لە شێخ شاردەوە.
دوو دڵۆپ رۆندکەکە بەسەر روومەتیدا هاتنە خوارێ. لەسەر روومەتی سارد بوون. ویستی بیانسڕێتەوە، بە بیری هاتەوە کەڵەپچەی لە دەستە. کە زانی، دوو سەربازەکە لە تاریکیدا، چاوە بە رۆندک تەڕەکانی نابینن، دڵی نەختێ فەرامۆش بوو و چەند جارێک لەسەر یەک چاوەکانی داخستو کردییەوەو پێلوەکانی لێک دا بۆ ئەوەی شۆپی ئەسرینیان لەسەر لا ببا.
یادی شەوێکی دێرین وەکو قەل لای پەنجەرەی خەیاڵی لە شەققەی باڵی دا. شێخ هەر ئەوەتە ئەو پەڕو تووکەی نەبینی کە لە شەققەی لێکدانی باڵەکانی شەو، بە دەوروبەریدا بڵاوبوونەوە. شێخ لە دڵی خۆیدا گوتی: (شەوێکی تاریکی تلی چاڤی وەک ئەم شەو بوو.)
ئەو شەوە، باوکی لە پاشکۆی یەکێ لە مریدەکان سواری کردو گوتی:
-رێگای زانست وەکو رێگای سۆفیگەری باریکو دوورو درێژە. وا زەن نەبەی دەگەیتە کۆتایی.
دڵی تەنگ بوو، نەیدەویست لە (پاڵو) بڕوا. باوکی دڵی دایەوە:
-کوڕم، شارۆچکەی (مووش) نزیکە. ئەوەندە نزیکە کە لەوێ رۆژ ئاوابێ، تۆ سێبەری ئێمە لێرە، لە نزیک مزگەوتی (مووش) دەبینی. ئەگەر زۆر غەریبی ئێمەیشت کرد، دەو زێو دەو زێی مراد بگرەو وەرە سەردانمان.)
بۆنی قەدی سپیکراوی سوورەچنار روونو ئاشکراتر بووەوە. بۆنێکی خاپینۆک و زماندز بوو. شێخ هیچ گومانی نەبوو، ئەو سێدارانەی لاشەی هاورێکانی پێدا شۆڕ بۆتەوە لە سوورەچناری رواوی دەم زێی دیجلە دروست کراون. چەلێ، دارتاشێکی ئەرمەنی لە (موش) پێیگوت:
-تەختە دار یادەوەریی ئاوە.
ئەو ساڵەی چووە خوێندنی فەقێیایەتی، پێشنوێژی مزگەوتی (موش) ویستی مینبەرێکی تەختەداری نوێ دروست بکا.

دارتاشێکی ئەرمەنی بەناوبانگیان هێنا بۆ ئەوەی سەکۆیەکی نوێ دروست بکا. (شێخ سەعید)، دوای نوێژی هەینی، دەچووە لای. دیقەتی لە هونەرەکەی دەکردو گوێی دەدایە قسە وردو قووڵەکانی. دارتاشە ئەرمەنییەکە خەسیەتی هەموو تەختەدارەکانی دەزانی. وەکو باسی بنیادەم بکا، ئاوها باسی درەختەکانی دەکرد. جارێکیان، گوتی: لاملێی خەسیەتی دار مورو داربەڕووە، نەزانی خەسیەتی هەنجیرە، فیزو نەسەقزلیی خەسیەتی دارسوورەچنارو داربییە، دانایی خەسیەتی زەیتوونە. هەر درەختێک بە بنیادەمێک دەچێ.

-ئەدی گوێز؟

- دارگوێز دارێکی شێتە. نەک هەر خۆی شێتە، بنیادەمیش تووشی شێتایەتی دەکا

دەستی بۆ تەختە دارێک درێژ کردو گوتی:

-چاو دێ! ئەمە دارمورە. ئەگەر تەڕو تەرک بێ، دەتوانی کەوانی لێ دروست بکەی، دەتوانی زەنبیلو کەوەی بێژنگو شتی وای لێ دروست بکەی. تەنانەت دەتوانی سولتانێکی داریشی لێ دابتاشی، بەڵام کە زوها بێ، خوداو ئەڕەی ددان ئاسن نەبێ، کەس دەرەقەتی نایە.

- باشە، ئەم دارە بۆچی وشک دەبێو پاملیی دەکا؟

-کاکی فەقێی ئازیز، خۆت گوتت. درەختەکە پاملیی دەکا. کە ئاوی بیر دەکەوێتەوە، لەزگە شێت بێ. نابینی درەختی وشک چەند زوو دەسووتێ؟ ئاگری ئەشقەئاو، دەیسووتێنێ. بەڵام دارەکە تا تەڕ بێ و ئاوی لە هەناودا بێ ، ئاوەکە وەک زرێیە، بەرگری دەکا.

-ئەی دار تاوگ؟

- بۆچی لە دارتاوگ دەپرسی؟

-یەکەم جار پێم بڵێ خەسیەتی چییە؟

-تاوگ درەختێکی بێ سەبرو هەدارە. دە ئێستا پێم بڵێ بۆچی پرسیارت لە بارەوە کرد؟

- له فەرموودەدا، خوێندوومەتەوە سەکۆی پێغەمبەر له دار تاوگ بوو. بۆچی سەکۆی ئەم مزگەوتە له دارمورِ دروست دەکەی؟

دارتاشە ئەرمەنییەکە نەختێ بێدەنگ بوو، ئەوسا وەڵامی دایەوە:

-ئەو پێغەمبەر بوو، حاشاکی وی، درۆی نەدەکرد. لەسەر مینبەر، دوعای بۆ سولتانەکان نەدەکرد. کەچی خوتبەخوێنانی ئەمرِۆ، ئامادەن بۆ یەک مەجیدی، چاکەی ئیبلیسیش بڵێن. ئەگەر سەکۆکە له دارتاوگ دروست بکەم، لەگەڵ یەکەم رۆژی هەینی، لەبەر درۆی خوتبەخوێنەکان، دەرِمێ..

شێخ (سەعید) دەستی بۆ تەقیله سپییەکەی درێژ کردو نەختێ بە لای راستەو چەپەدا جوولاندییەوە. ئینجا بە بێدەنگی، رۆیشت، وەک ئەوەی وەڵامی دارتاشەکەی بە دڵ نەبێ.

دارتاشەکە تێگەیشت، زانی (سەعید) توورِە بوو، هەستاو چووە دەرەوە، (سەعید)ی چرِی:

-کاکی فەقێ، توورِە مەبە! قەشەکانی ئێمە لەو خوتبەخوێنانە باشتر نین. له هەمان قورِ دروست کراون!

***

دارتاشە ئەرمەنییەکە، بە چەند حەفتەیەک، سەکۆی مزگەوتی (موش)ی له دارمورِ دروست کردو لێ بووەوە. مەلای ردێن زەرد دەچووە سەریو خوتبەی لەسەر دەداو له ئاخیری، دوعای بۆ عەبدولعەزیز خانی سولتانی عوسمانلی، خاقانی بەرِو بەحرو پاشای ئەنەدۆڵو رۆملی دەکرد کە هیچ ئاگای لەو سەکۆیەو له تێنوێتی درەختەکان نەبوو. سولتانی ئیمپراتۆریەتی تینوو، لەو کاتەدا، تاکە شۆلی ئەوە بوو، له شاری (نیس)ی فرەنسی، لەسەر کەناری دەریا، ئانیشکی لەسەر بالیفێکی پەرِی تاوس دابوو و مەمکی مامزێکی چاوشینی هەڵدەگلۆفت. تێنوێتی پیرۆزی ناو گەڵانی خۆی دادەمرکاندەوە.

***

(شێخ سەعید) هەوای تێکەڵ بە بۆنی قەدی تازە سپیکراوی دارسوورەچناری هەڵمژی، تا توانی سییەکانی پڕ هەوا کرد. بەو شەوە تاریکو نوتەکە، بە بێدەنگی، زۆرانبازی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی تینوێتی دەکرد.

کە شێخ سیپەلکەکانی تژی کرد، ئەو سەربازەی لەلای راستەوە گرتبووی نەختێ کشایەوە دواوە. هاورێکەی زوو لە پشتەوە گرتیو بە دەستەکەی تریشی بازووی شێخی گرتبوو وەک ئەوەی بترسن را بکا. بە پێکەنینەوە گوتی:

-کابرا، وەختە بە پێوە خەوت لێ بکەوێ. ناتوانێ چەند خولەکێکی تر چاوەڕێ بکەی؟

شێخیش دەیزانی تەنیا چەند خولەکێک ماوە بۆ ئەوەی شتەکە تەواو بێو ببڕێتەوە. تەنیا چەند خولەکێک مابوو، ئەو پەتەی لە مل بئاڵێ کە وەک خەونێکی بەراویتە شۆڕ ببووەوە.

-خۆزگە هەوکە سەعاتەکەمم پێ بوایەو دەستم نەبەسرایە!

گاوێکی دیکە سەعاتەکەی بیرکەوتەوە کە مارکەی (سرکیسۆف) بوو، قەپاغو زریزەی زیو بوو. ویستی سەعاتی لە سێدارەدرانی خۆی بزانێ وەک ئەوەی دوای لە سێدارەرانی، بمێنێو بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە بڵێ: لە فڵانە سەعات لە سەرم درا.

لەو ساتەدا، لەبەردەم ئەم سێدارەیەی لە پێشی چەقابوو، یادەوەریی دەوری منداڵی وڕووژا وەک هێلانەی زەرگەتەیەک کە منداڵێکی هەڵەپاس بە بزۆتە ئاگرێک بیڕووژێنێ. هەندێ شتی بیر کەوتەوە رۆژگار پێچابوونییەوە. بەبەردەمیدا رۆیشتن. تینوێتی، رووبارو کانیو بەفرو بارانو تەرزەو جۆگاو سیلاوو لەهی بە هەموو چەشنو درێژییەکەوە، بیر خستەوە. بە سێدارەکانیش، ئەو درەختانەی بیر کەوتەوە کە بەسەریان کەوتبوو، ئەو شەپکە دارانەی کە دیبوونیو دەستی لێدابوون. ئەو مینبەرانەی چووبووە سەریان، مێزو قەنەفەی ماڵە بەگو پاشاکان، سێدارەکان، سندووقی جیازی بووکێنیان بیر خستەوە کە لە زەماوەندا

دیبووی لە ماینیان بار کردبوو، ئەو دارانەی بیر کەوتەوە کە یاری پێ لەگەڵ ئاوی کانی دەکردن، گۆپاڵی شوانانو ئەو دارانەی بە بیر هاتەوە کە لە جەژنی ئەرمەنەکان دەیانسووتاند. سێدارەکەی، ماتکی وەزینەی هەرتم بە دوعاو نووشتەی خۆی بیر خستەوە، دار قەیسییەکانی بیر خستەوە کە هیزۆکی لێ هەڵدەبەستن، جۆلانەی دەکردو دەرزەکانی دەور دەکردەوە. سێدارەکان داربیو دارەبەنو دارسوورەچنارو دارموڕان و بادامو دارسەروویان بیر خستەوە کە هەزاران جار تا وەنەوز دەیبردەوە لە سێبەریان دادەنیشت.

ئەو بیرەوەرییانەی لە خەیاڵدا کەوتنە قەرەپەستانە وەک کەری پەز کە هەستی بە هێرشی گورگان کردبێ. ژیانی خۆی، لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە بیر کەوتەوە تا ئەو ساتەی کە لە بەینی دوو لاشیپی دەرگای داری ژووری بەندیخانە دەریان هێناو بۆ گۆڕەپانی سێدارەکانیان برد.

-ئاو بەرخە. ئەگەر گورگ نەبیت، تینوو دەبیت.

دەروێشێکی بۆتان بە ناوی (خدر بۆتی) لەبەر دەرگای مزگەوتی عەلائەدین بەگ لە (موش)، وای پێگوت. رۆژی سێشەممەی تەباخ بوو، کە رۆژی پشووی فەقێیانە. فەقێ (سەعید) بەو گەرمایەی گڕی لە عەردو عاسمان بەردابوو، وەخت بوو مریشک هێلکەی کوڵاو بکەنو دانە بادەم بە برژاوی لە چلەکان بەربینەوە، دەرزەکانی دەور دەکردەوە.

هاوینی (موش)، بە شێوەی ئاسایی گەرم نییە. بەڵام ئەو ساڵە جیا بوو، وەک دۆزەخ وابوو. ئەو دەروێشە چاکەتێکی تەنکو شەروالێکی بۆتانی لە چوخی خەتخەتی رەشو سپی لەبەربوو، پشدێنێکی سووری لە پشت بەستبوو، کڵاوێکی قووچی شینی لەسەر نابوو، چەفیەیەکی زەردی لێ پێچا بوو. (شیخ سەعید) بینی لای کووپی ئاوی بن دیوار، وەستابوو تاسێکی ئاسن بە داوێک لە کووپەکە بەسرابوو، تاسەکەی لە ناو کووپەکەی هەڵدەهێنا، پڕ ئاوی دەکردو دەیخواردەوە.

دڵۆپە ئاوە پرژاوەکانی سەر ریشی لە مووروی روونی وردیان دەکرد. دەروێش تێنوێتی زۆری بۆ هێنابوو، تێر ئاو نەدەبوو. تاسەکە بە بنی

کوپەکە دەکەوت‌و زرنگەی لێوە دەهات. دەروێشی تینوو رووی کردە (شێخ سەعید)و دێرە شیعرێکی عەرەبی خوێندەوە:

شربت الحب كأسا بعد كأس فما نفد الشراب ولا رويت

(بادە دوای بادە ئەوینم نۆشی، نە شەراب تەواو بوو و نە من تینوێتیم شکا.)

ئینجا قاقا پێکەنی، چەند فەقێیەک لە سەر حەسیری تەک کۆڵەگەی مزگەوت خەوتبوون، لەگەڵ قاقای دەروێش بە ئاگا هاتن. فەقێکان ئۆفە ئۆفێکیان کردو دووبارە خەوتنەوە.

-کاکە فەقێ ، ئەم کتێبە چییە دەخوێنیتەوە؟

-کتێبی (فەوائید)ی مەولانا جامییە.

- ئەمە زانستی زاهیرە. نرخی نییە. پێم بڵێ تۆ دەتوانی ئاویش بخوێنیتەوە؟

(شێخ سەعید) واقی وڕماو بە بێدەنگی تەماشای زاری دەروێشی کرد چەند دڵۆپە ئاوێکی لەسەر ریشی نیمچە تۆپی بینی وەکو شەونمی بەیانی سەر گیای نزیک بیری مزگەوت، دەبریسکانەوە. دەروێش بە ناو لەپی، دڵۆپەکانی لادا کە بە مووی ریشییەوە نووسابوون‌و دایوەشاندو دەستی، بە سەرقۆڵی کراسی سڕییەوەو گوتی: (کوڕم، بۆ ئەوەی بە وردی ئاو بخوێنیتەوە، دەبی تینووت بێ. ئایا دەزانی من لە (جزیرە)وە بە پێ هاتوومەتە ڤر؟ دوو جار پێڵاوم دڕاو دوو رۆژ، بە پاخروایی رۆیشتم. کاروانییانی کاروانەکەمان لەسەر هەموو کانی‌و جۆگەیەک لایان دەداو ئاویان دەخواردەوە. بەڵام من شتی وام نەدەکرد. تا توانیم تینوو بووم. ئەمە یەکێکە لە دابی رەوشی رێگای خودایی. ئەوەی تینوو نەبێ، ناتوانێ پیتەکانی ئاو حینجە بکا. تۆ ئەگەر تینوو نەبی، قەت ناتوانی لە وشەی (ئاڤ)دا، پیتی ئەلفی درێژ لە پیتی ڤێی فارسی جیا بکەیتەوە. پیتی ئەلفی درێژ لە تێنوێتی دەکاو پیتی ڤێی فارسی سێ خاڵ لەسەر، لەو دڵۆپە ئاوانە دەکا کە لە گۆلمی خودان دەڕژێن. تێنوێنی تاقی کردنەوەیە

بۆ دەروون. هاماجی نێوان خوداو بەندەکەی دەسڕێتەوە. تینوو بە تا ئەو پیتە ئاوانە ببینی کە لە بەینی پەنجەکانی خودانی نوورانی دەڕژێن.

دوای ئەوە، دەروێش بە هەموو قورسایی خۆیەوە، خۆی بە سەر زەوی دادا. چەند موویەکی چەرمووی لە ردێن دەرکەوت رۆژگار لە بیری کردبوون. ئەو مووانە یادی گەنجێکی لە بیرکراوی (جزیرەی بۆتان) بوون. دەروێش کەشکۆڵەکەی لە شانی هێنایە خوارێ. بە هێدی کردییەوەو شانەیەکی ئێسکی لە ناو هەندێ دانە گوێز دەرهێنا، بۆ (فەقێ سەعید)ی راداشتو گوتی: (ها ئەم شانەیە بگرە، ئەمە بۆ ئەرواحە!)

(سەعید)ی لاو تەماشای شانە زەردە دنک وردەکەی کرد، زانی شانەیەکی بەهادارە، بەڵام پێی شەرم بوو لە دەروێشی وەربگرێ. ئەویش بە دەوری خۆیەوە، دەستی بردە گیرفانی کراسیو شانەیەکی رەشی دەرهێنا، لە رووی دەروێشی راگرتو گوتی:

-چاو دێ! منیش شانەیەکم هەیە. شانەکەی من لە دار گوێزە.

دەروێش (خدر بۆتی) سەرنجێکی لە خەنجەری کوردە چیاییەکان تیژتری لە (سەعید)ی لاو دا، ئینجا چەند جارێک چاوی نوقاندو بێدەنگ بوو. هەر بە بێدەنگیو چاو نوقاوی مایەوە وەک یەکێ ئایندەیەکی دوور بێنێتە بەر چاوی، ئینجا لەسەرەخۆ، چاوەکانی کردەوەو گوتی:

-ئەگەر شانەکەت لە گومەزێک نەگری، لێت دەسەنن.

هەستاو وەک (با) لەبەر چاوی شێخ بەرزە بوو.

***

دوای ئەوە، دەروێش هەموو رۆژی هەینی، دەچووە مزگەوتی (موش). لە حەوشەی مزگەوتو لە بن گومەزەکە رادەوەستا. دانە گوێزێکی لە کەشکۆڵەکەی دەردەهێناو لە گومەزەکەی دەگرت. دانە گوێزەکە گلۆر دەبووەوەو بەردەبووەوە سەر زەوی. دەروێش هەر خێرا دانە گوێزێکی دیکەی دەهاویشتو ئەویش بەردەبووەوە.

منداڵانی تاخە نزیکەکانی مزگەوت دەهاتن تەماشایان دەکرد. ئینجا دانە گوێزەکانیان لە سەر زەوی، هەڵدەگرتەوە.. گەورەکانیش دەهاتنە تەماشای. پێی پێدەکەنین و تیزیان پێدەکرد. کەچی هەندێکی دیکە دەیانگوت ئەوەی دەروێش دەیکا حیکمەتێکی نهێنیو مانایەکی قووڵی تێدایە.

ڕۆژێکیان، فەقێ (سەعید)، بێ ئەوەی دەروێش هەستی پێ بکا، چوو لە پشتی ڕاوەستا. دیتی دانە گوێزێکی لە کەشکۆڵەکەی دەرهێناو لە گومەزەکەی گرت. دانە گوێزەکە، وەکو هەموو جارێ گلۆر بووەوە خوارێ. دەروێش خدر تووڕە بوو، دانە گوێزەکەی لەسەر لەپی خۆی داناو گوتی:

-دە هیچ نەبێ یەک جار لە سەر گومەزەکە بچەسپە! چ دەبێ؟ بۆ خاتری خوا، تەنیا یەک جار!

(سەعید) لە دواوە پێیگوت:

-ئەوە ساڵێکە، تۆ گوێز لەم گومەزە دەگریو هیچ گوێزێکی لەسەر گیر نەبوو. پێم بڵێ کەواتە حیکمەت لەم کارەی تۆ چییە؟

دەروێش، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، گوتی:

-نەک ساڵێکە، بەڵکو بڵێ ئەوە بیست ساڵە، کوڕم. ئەمە گوێزی (میر بەدرخان)ە. گوێزی میری (بۆتان)و ئاواتە هاڕاوەکانی. ئای داخو سەد داخ! تاوان تاوانی گوێزەکە نییە، کوڕم. تاوانی گومەزەکانە.

(خدری بۆتی) دانیشتو پشتی دایە کۆڵەگەیەکی هەیوانی مزگەوت. هەندێ فەقێ لەوێ نووستبوون. کە دەستی بە گێڕانەوەی هەقایەتی گوێزو (میر بەدرخان) کرد، پەردەیەکی غەمی بەسەر دەموچاودا هات:

-بیست ساڵ بەری نووکە بوو کە (جزیرە) بوو بە گوێزێکو لە بن سمی ئەسپەکانی عوسمان پاشا هاڕا. دەک بەڵا لە ڕۆمەکان بدا. لە قرچەی تەمووز، میری مەیان لە قەڵای (ئەروە) ئابلووقەداو ئاویان لێ بڕی. کاکە فەقێ، بە تێنوێتی لەگەڵیدا جەنگان. ئێستا زانیت من بۆچی ئەو هەموو ئاوە دەخۆمەوە؟ دەمەوێ بەمەوە، تێنوێتی میرەکەمان بشکێنم. میر لە

شام تینوو دەبێ، من لێرە هەستی پێ دەکەم. تینوویان کرد. ئینجا بە دیلیان گرتو بە باڵ بەسراوی رەوانەی ئەستەمبۆلیان کرد. ئاااها میرمان ئێستا لە شامی شەریفە. کە نوێژ دەکا روو دەکاتە (جزیرەی بۆتان). لەوێ کردوویەتی بە قیبلەی خۆی. گوێزەکەی لەسەر گومەز گیر نەبوو. پیاوێک بوو وەکوو هیچ پیاوێکی تر نەبوو. نەخشی سەر مەجیدی بە پەنجەکانی دەسڕییەوە. دەزانی مەجیدی چییە؟

(سەعید) وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ، جۆرە دراوێکە!

- راستە. دراوێکە، خوا لێخۆشنەبوو سولتان عەبدولمەجید دایڕشتووە. چاو دێ! ئەمە مەجیدییە.

دەروێش مەجیدییەکی لە گیرفانی دەرهێنا. هیچ نەخشی لەسەر نەبوو. زۆر بە زەحمەت دەستەواژەی (لە قوستەنتینە لێدراوە)ی لەسەر دەخوێنرایەوە. (خدری بۆتی) نەختێ دراوەکەی هەڵپشاوتو گوتی:

-ئەو دراوە لە سکەخانەی (ئەستەنبۆل) لێدراوە. میرەکەمان دەیتوانی نەخشی دراوی رۆمەکان بسڕێتەوە، بەڵام نەیتوانی شوون پێی سەربازەکانی عوسمان پاشا بسڕێتەوە. بە پێچەوانەوە، عوسمان پاشا شوونی میری لە (جزیرە) سڕییەوە.

ئینجا دەستی لە بن گوێی ناو هەڵیکردە گۆرانی:

بەرێ خانێ ل تلا

ئەسکەرێ ئوسمان پاشا ل بنیا مالان خلەخلا

تاڤەکی بارانێ هاتۆ

ل هوچکا ئەبایێ بەدرخان بەگێ ، کەکێ تێلی بەگێ تەڕ کرۆ شل و ملا شەڤۆکا دەر شەڤی، وەیلا مەلیک وێرانۆ ، تو چما شەڕ ناکی ژ ئەشق ئو دلا؟

دە رابە رابە فەرمانیۆ دە رابە

فەرمانا بەدرخان بەگێ ژ کەکێ تێلی رابو ژ ستەنبۆلێ

بەرێ خانێ ل رێیۆ
دەرێ دێرێ ل رێیۆ
شەڤۆکا دەر شەڤی ، وەیلا مەلیک وێرانۆ
رۆمیکێد کومسۆر کەتنە جزیرا بۆتا
خراب کرن سەنجەقا ئەشیرەتا
بەرێ ب خانێ ئو لالیکا
ئەسکەرێ ئوسمان پاشا ل بنیا مالا ، هیکە هیکا
شەڤۆکا دەر شەڤی وەیلا مەلیک وێرانۆ
رۆمیکێد کومسۆر کەتنە جزیرا بۆتا
خراب کرن جیێ زاڤان ئو بووکا های ها هیییی.

لەگەڵ ئەم هێیە درێژە کە لە وشەی (ئامین)ی کۆتایی (فاتیحا) دەکا، فەقێکانی لە هەیوانی مزگەوت لەسەر حەسیر خەوتبوون، بە خەبەر هاتن‌و دەستیان بە حەوقەلە کرد:
یەکێکیان رووی کردە (خدری بۆتی)و بە توورەیی گوتی:
-دەروێش، ئێرە مزگەوتە، دیوەخانە نییە.
دەروێش (خدری بۆتی) بە توندی وەڵامی دایەوە:
- دەک بەڵا لە تۆش دا!!! دژایەتی کەسێ دەکەی کە بە خەبەرت دێنێ.
ئینجا هەستا و رۆیشت.
(سەعید)ی لاو دیتی دەروێش مەجیدییەکەی لێ بە جێ ما. داهاتەوەو هەڵیگرتەوە. کەوتە دوای دەروێش‌و بانگی دەکرد: (مام خدر)! (مام خدر)! مەجیدییەکەت لە بیر کرد؟)
خدر نیوئاوڕێکی دایەوە، کەمێکی دەم‌و چاوی دەرکەوت. (سەعید) بە روونی بینی چاوەکانی تەڕ بوون. شێخ بە دەنگێکی نووساو وەڵامی دایەوە:
-بۆ خۆت بێ، کوڕم. هەڵیگرە. بەڵام نەکەی وەکو میرەکەمان بکەی؟ تۆ دەبێ دەوسی رۆمەکان لە وڵاتەکەمان بسڕیتەوە، نەک لەسەر مەجیدی.

وای لێهات، خەڵک لە (موش)، بە سۆفی گوێز بانگیان دەکرد. خەڵک ناوی دەروێش خدریان هەر لە بیر نەما. کەچی ئەو بەردەوام دەرۆزەی گوێزی لە ماڵان دەکرد. لای هەموو کووپە ئاوێکو هەموو سێکوانێکی جادەو لە هەموو مزگەوتێک دەوەستا، ئاوی بە تاسە دەخواردەوەو دەیگوت:

-تینوو بن. تینوو بن! بۆ ئەوەی فێری ئەلفو بێی ئاو ببن.

***

ماوەی شەست ساڵ، شێخ، سۆفی گوێزی بە بیردا نەهات. لەو ساڵانەدا، شێخ، کە هاوینان ئاوی لە کووپە هەڵدێنجا، زرنگەی تاسەکانی لە یاد نەبوو. ئەو شەوە، لەبەردەم سێدارەدا، لە پڕ، یادی ئەو دەروێشە لەسەر رووی خەیاڵی هەڵتۆقی.. شێخ، شتەکانی بە هووردو باریکی بە بیر هاتەوە. (مووش)و هاوینی ئەو ساڵەی بیر کەوتەوە. تەنانەت نەخشە وردەکانی سەر میحرابی مزگەوتی هاتەوە یاد، مافوورەکانی لە هەیوانی مزگەوت راخرابوونو نەخشی دیوارەکانو ئەو پەڕۆ سەوزەی بەسەر پایەکانی مینبەر دادرابوو و رووی زەردی فەقێکان کە لە بەر گەرمای هاوین لە پاڵ کۆڵەگەکە رادەکشانو دەخەوتن، هەمووی هاتەوە بیر.

شێخ، دارهەنجیرەکەی ناوەندی حەوشەی مزگەوتی بیر کەوتەوە، ئەوەندەی هەنجیر گرتبوو داڕوسکابوو هەنجیرەکان گەییبوونو شەقیان بردبوو. هەنجیرەکە هەنجیری (بینات) بوو. پێش دە ساڵ، فەقێیەکی گوندی ( بینات) لە (جزیرەی بۆتان) هێنابووی. سۆفی گوێز زۆر جار لەگەڵ (سەعید) دەچووە بەر سێبەری ئەو درەختە بۆ ئەوەی نهێنی ئاوو شێتایەتی گوێزی بۆ ئاشکرا بکا.

-گوێ بە قسەی خەڵک مەدە! هەر کاتێ دەرفەتت بۆ رەخساو لە هەر کوێ گومەزێکت بینی، دانە گوێزێکی تێبگرە!

شێخ، کە ئەم شتانەی بیر کەوتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئایا ئەمە نزیکبوونەوەی مەرگە وا دەکا بیرەوەری هەڵبچێو سەرشار بێ؟ یان ترسە؟ یان ئەم تێنوێتییە تووک لێباریوەیە؟)
ڕووداوەکانی ڕابردوو لە خەیاڵیدا، یەکتریان دڕ داو هاتن، ئینجا لەبەر دەرگای واڵای ساڵی حەفتامینی، پاڵ کەوتن بێ ئەوەی داوای ڕوخسەت لە هوشیاریی بکەن.
بیرەوەری لەو ساتەدا بوو بە جۆگایەک ماسیی کوێری ڕۆژگار پەلەقاژەی تێدا دەکرد.
-مردن چەنگاڵێکی نەپەنییە ئەو ڕۆژەی مرۆ لە دایک دەبێ، لە دەمی گیر دەبێ. هەر چەندە بیەوێ لێی بکاتەوە، زیاترو زیاتر ختم دەبێ.
باوکی، لە کۆڕی تازیەی یەکێ لە ئاغاکانی گوندی (کلدار)، وایگوت. ئەویش لەوێ بوو، نەیزانی باوکی باسی چ دەکا. ئەو کاتە، تەنیا لەم دوو وشەیە گەیشت کە لە ئەنجامی هەزار جار دووبارە بوونەوە، ژەنگیان هەڵێنا بوو:
-مردن هەقە!
(شێخ سەعید) زمانی بە ئاسمانی گەرووی وشکیدا گێڕا . بەلای ڕاستە و بەلای چەپەیدا برد. بە زەحمەت خووزی قووت دایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ((سەعید)، بێ هوودە، بە دوای ئەو چەنگاڵەدا مەگەڕێ. ئەمە لە کانزا دروست نەکراوە.)

***

دوای ئەوەی (شێخ سەعید) هەنگاوی یەکەمی بەرەو سێدارە هاویشت، ئەو شنەبایەی پێش کەمێ لەرینەوەی کەواکەی وڕوژاندی کڕ بووەوە. سەمای پەتی شۆڕبووەوەیش وەستا. دەتگوت هەموو شتێ دەیەوێ گوێ لە زەنای خەیاڵی شێخی تەمەن حەفتا ساڵە بگرێ.

ئەستێرە درەشاوەکەی ناو قولفانگەی پەتەکە وەک پنتێکی رووناکی دەرکەوت، کەچی ئەو ئەستێرانەی بە لەرزە لەرز خۆیان بۆ بەیانی ئامادە دەکرد، بزر بوون.

لە پڕ، شێخ مۆدنەی قەلوونی لێ بەربووەوە. لە بن پشتێنی بەرینی نابوو. دەنگی بە زەوی کەوتنی مۆدنەکە لەو تاریکی‌و لە دەریای بێدەنگیدا، گۆزەی بیرەوەریی شکاند. چۆن سەدان پارچە دراو پەرت‌و بڵاو دەبنەوە، ئاوها بیرەوەری کەوتنە دڕدان و پاڵدانی یەکتر، هەر یەکە دەیەویست پێش ئەوانەی تر بکەوێ.

دەنگی بە زەوی کەوتنی مۆدنەکە لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا، پەردەی کچێنی بێدەنگی دڕاند. ئەو دوو سەربازەی شێخیان گرتبوو داهاتنەوە، یەکێکیان ویستی مۆدنەکە هەڵگرێتەوە، شێخیش بە ناچاری لەگەڵیان چەمایەوە. دوو سەربازەکە، بێ ئەوەی مۆدنە رەشەکە ببینن، هەر زوو گەڕانەوە سەر دۆخی جارانیان کەچی ئازار دڵی شێخی وەک گەلای تووتن هاڕی:

-مۆدنەی قەننەی (عومەر فارۆ)یە.

شێخ، خەریک بوو ئەم قسەیە بە دوو سەربازەکە بڵێ بەڵام تا هێزی تێدابوو ددانی قرماند وەک ئەوەی قەپ لە وشەکان بداو لێنەگەڕێ بێنە دەرەوە. بێدەنگ بوو.

بەر لەوەی چارەنووس تەلە لەبەر پێی شێخ‌و هاوڕێکانی دابنێتەوە. لە نزیک (دیاربەکر) بوون، خۆیان ئامادە دەکرد بە سەر شوورەکاندا بچنە ناو شار، (عومەر فارۆ ئاغا) هاتە لای شێخ‌و گوتی:

-گەورەم، سوێندم خواردووە تا ئەم شارە نەگرین، جگەرە ناخۆم.

شێخ بزەیەکی بۆ کردو وەڵامی دایەوە:

-(عومەراغا)، ئەمە جگەرەیە. لە تورکی رۆمی بەهێزترە. پیاوی ئازای دەوێ خۆی لێ راست بێنێ!

(عومەراغا) قەننەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. مۆدنەکەی لێ کردەوە کە لە دارمورد دروست کرابوو و دایە شێخ‌و گوتی:

-سوێندم به سەری موبارەکی جەنابت، گەورەم، تا نەچینە ناو شارو رزگاری نەکەین، بۆنی تووتن ناکەم. به خودا، ئەمە تەنیا مەسەلەی چەند رۆژێکەو ئێمە لە ناوەندی (دیاربەکر)ین. لای مزگەوتی بەهرام پاشا بە یەک دەگەین‌و دووکەڵی تووتنی خورسیمان لەسەر سەر بەرز دەبێتەوە. فەرموو، گەورەم، با ئەم مۆدنەیە لای تۆ بێ‌و سەرکە قەننەکە لای خۆم بێ. قوتووە تووتنەکەیش دەدەمە (چەرکەس زازایی) مەیتەرتان.

شێخ شارەزای پیاوەتی (عومەر فارۆ) بوو.

شێخ کە مۆدنەکەی وەرگرت لە دڵی خۆیدا گوتی: (بەڵام تەرک کردنی جگەرە بە پیاوەتی نییە.)

شێخ، ئەو ماوەیەی بە فەقێیەتی لە (موش) بوو، ماوەیەک جگەرەی دەخوارد. دوو برادەری هەبوو، زۆر مەراقیان جگەرە بوو. یەکێکیان (خالیس) بوو، خەڵکی (بتلیس) بوو، تەنکە سمێڵێکی لەسەر لێوان بوو و قایشێکی پێستەی گامێشی لە پشت دەبەست. هەمیشە سمبەیەکی پێ بوو، قەننەی باشی پێ دروست دەکرد. ئەوەی تر (سەلیم) بوو، خەڵکی گوندی (ئازیزان)ی سەر بە شارۆچکەی (جۆلەمێرگ) بوو. کەس لە فارسی نەیدەگەیشتێ. ئەو فەقێیانە گرفتیان پەیدا کردنی تووتن بوو. ناچاربوون، رۆژی هەینی، کە خەڵک خەریکی نوێژ دەبوون، قووتووی جگەرەی نوێژکەرانیان دەبرد.

جارێکیان (خالیس بدلیسی) گوتی:

- تووتن دزین حەڵاڵە.

هاورێکانی رەتیان دایەوە:

-ئایا ئەمەت لە سەحیحی بوخاری خوێندۆتەوە؟

(خالیس) وەڵامی دایەوە:

- نا. لە سەحیحی جگەرەکێشی توتنچی خوێندوومەتەوە.

قومێکی درێژی لێداو گەوارە دووکەڵێکی لە برناخەکانی بەرەڵلا کرد.

***

شێخ سێ ساڵی ژیانی، بە فەقێیەتی لە (موش) بردە سەر، وەکو سێ چەنگە تووتن وابوو رۆژگار بە پەلە لە قەنەکەی سووتاند. ئەو سێ ساڵە، لە بەردەم سێدارەدا، وەکوو سێ برووسکە لە خەیاڵیدا بلاچەیان داو هەوری غەمی کەڵەکەبووی سینگیان روناک کردەوەو بزر بوون. یادی ئەو سێ ساڵە، وەک سێ خەنجەری لە پشتەوە لێدرابێ‌و تا پەراسووی چووبێ‌و هاتبێتە دەرەوە، ئازاری دا.

(سەعید)ی لاو، پاش ئەوەی سێ ساڵی لە (موش) بردە سەر، ماڵاوایی لە منداڵێتی خۆی کرد، ماڵاوایی لە شێخ‌و برادەرەکانی کرد، ماڵاوایی لە دارهەنجیرەکەی ناوەندی حەوشەی مزگی کرد. ویستی ماڵاوایی لە دەرویش (خدر بۆتی) بکا. بە دوایدا گەڕا، نەیدۆزییەوە. دەیزانی دەرویش بێ داڵدەیە، لە هەر کوێ بێ، لنگ رادەکێشێ‌و دەخەوێ، بۆیە دڵنیا بوو لە دەم رووبار، دەیبینێ. رووی کردە ئەوێ.

ئەمە چەند رۆژێک پێش جەژنی رەمەزان بوو. زەوی‌و ئاسمان ببوون بە پەرەچی‌و کلۆ بەفری ئاسمانیان وەک پەمۆ بە کەوانی (با) بڵاو دەکردەوە. لە شوونی زەرگەتەی برسی پێوە هیچ شوونێک لەسەر بەفر نەبوو. رووباری مراد ببوو بە یەک پارچە شەختەی نیو گەز ئەستوور. وەکو جادەی مەڕمەڕ عارەبانەی بەسەر دا دەڕۆیشت.

(سەعید)ی لاو شتێکی وەکو مرۆڤی لەسەر قەشای رووبارەکە بینی. رووی کردە لایەوە. کە نزیک کەوتەوە، لە کڵاوی قووچ‌و شین‌و پشدێنی سوورییەوە ناسی. وای زەن برد دەرویش خدر لە سەر شەختە خەوتووە، چونکە زۆر جار دەرویشەکانی بەم حاڵە دەدی، بەڵام کە نزیکتر کەوتەوە، دیتی نیوەی لەشی لە شەختە ختم بووە. دەرویش خدر لە پشدێن بە سەرەوەی لە سەر شەختە راکشا بوو، چەند دانە گوێزێکی لە دەورە بڵاو ببووەوە، دەتگوت خاڵن لەسەر لەشی کچۆڵەکی پێستە سپی. دانە گوێزێکیشی لە ناو مست بوو، توند گرتبووی. چاوەکانی زەق ببوونەوە وەک ئەوەی تەماشای بۆشایی هەراوی نێوان زەوی‌و ئاسمان بکا.

(سەعید)ی لاو بە بێدەنگیو بە ترسەوە لە تەک جەنازەکە وەستا. فاتیحای خوێندو داهاتەوە، گوێزەکەی لە دەست دەروێشی مردوو دەرهێناو رۆیشت. دوو دڵۆپ فرمێسکی لە چاو هاتە خوارێ و لە سەر رووی ناسکی بوون بە شەختە. هاواری کرد:

-ئێێێیها! ئەوەتا ئاخری گوێزەکانت لە سەر گومبەتی شەختە گیر بوون!

***

(سەعید)ی لاو بە دڵ بریینداری رووی کردە گوندی (پالو). بە درێژایی رێگا، گووزەکەی دەروێش (خدر بۆتی) پێ بوو. بە پێ بەسەر قەشادا پەڕییەوە کەنارەکەی تری رووبارەکە. مەندیلێکی سپی کتانی لەسەر بوو، بەرماڵێکی نوێژی لەسەر شان بوو، میسواکی لە گیرفان بوو و چرای جۆرەها زانستی لە سینگدا دەدرەوشایەوە: وشەسازیو رستەسازیو شەرعو فەرموودەو راڤەی قورئان.

-دەستی لە گوێزی بنی هەگبەکەی داو لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەمەیش بە سەد کتێب هەیە!)

رێگای (پالو) دوور نەبوو، بەڵام بەفر دووری خستەوە. شەوڕو رۆژووش رێگای گەڕانەوەیان دوور خستەوە. کە گەیشتە گوندی (داراهینی)، برەک ماندووبوو. لای درەختێک وەستاو پشتی بە قەدی درەختەکە دا. ریشۆڵەو قەڵو چۆلەکەی برسی، دێری وەکوو دێری کتێبیان تۆمار دەکرد. ترسو برسێتی، ئەم دێرانەیان لەسەر ئەو چۆلەوانییە بەفرینەدا، لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر دەجوولاند. ئەو باڵندانەی بە دوای خواردندا دەگەڕان، تۆماریان دەکرد.

هەنگاوی (سەعید)ی لاو تەنیا شوونی کەمیان لەسەر بەفر جێ دەهێشت. ئەگەر شوونهەڵگرێک بیدیبا، دەیزانی ئەمە شوونی میردمنداڵێکە. شوونهەڵگرەکە دەیزانی ئەم هەنگاوانە هی گەنجێکی باڵ بەسراون وەکوو کەو، لە مێخی منداڵێتی بەسراوەتەوە.

هەنگاوەکانی لەیەک نزیک بوون نیشانەی پەلەو ترس بوو. نیشانەی ئەوە بوو خۆشەویستی هێشتا لە دڵی خاوەنەکەی نەداوەو دڵی، هێژ لەتەرەی ئەشقی تێدا نەخولاوەتەوە.

***

# هەنگاوی دووەم

قەددا تە حەباندی بۆتە دارە
زولفا تە جڤاندی ئەو قنارە
(خانی- مەمو زین)

-کچەکە وەک ئەو پەتەی بەرامبەرم بالآبەرزو ناسک بوو.

(شێخ سەعید)، لەگەڵ هەنگاوی دووەمدا، کچە کارەکەرەکەی ماڵەکەیانی بیر کەوتەوە.

بەژنێکی هەبوو لە بیر ناکرێ. بەژنی لە رووبارێکی هەنگوینی دەکرد خوا لە چرکەساتی دەرکەوتندا دروستی کردبوو.

بەژنی ئاگر بوو زەویی دڵی سووتاند. رەوە قەتێی منداڵێتیی، یەک لە دوای یەک، فڕینو دڵی بوو بە ئیلیانی گڕ.

ئەو رۆژەی لە (موش) هاتەوە، برسی بوو، لە سەرمان دەلەرزی، شەکەت بوو. دەرگا والآ بوو. خۆی بە ژوورێدا کردو بە پەرۆشییەکی منداڵانە ، هاواری کرد:

-ئەوە هاتمەوە!

لەگەڵا ئەو هاوارەدا، کچێکی لە ماڵەوە بینی. لە جێی خۆی رەق راوەستا. بوو بە پەیکەرێکی شەختە. مێشکی جمەی دەهات لە پرسیار وەکو تۆپەڵی بەفر لە خەیاڵی گڵۆر دەبوونەوە.

کچەکە سەری لە گوستاخی ئەو گەنجە هەرزەکارە سوڕماو لە شوێن خۆی رەق بوو. بەروانکەی وەنەوشەیی کردەوە کە لچکێکی لە بەر پشدێنی زەردی نابوو و بە بالآی بەرزی، بێدەنگو بێ جوولە وەستا.

تا ماوەیەک، شتاقیان قسەیان نەکرد. دەتگوت رووبارێکی شەختەی بێدەنگی لێکی دابڕاندوون، لە گوین بوو، (سەعید) گوێی لە خورپەی دڵی کچەکە بووبێ..

-تۆ کێی؟

کچەکە بەم پرسیارە رووباری قەشاکەی تواندەوە. (سەعید) ئاوڕی لە دەردۆری خۆی دایەوە، شانەی سەرنجی لە دیوارو پەنجەرەکانی ماڵەوە دا. تا ماوەیەکی کەم هەر وایدەزانی بە هەڵە چۆتە ماڵێکی تر بەلام دڵنیا بوو ماڵەکە ماڵی خۆیانە. بێ ئەوەی لە جێگای خۆی بجوولێ، پرسی:

-تۆ کێی؟

- من پەریخانم. کارەکەری ئەم ماڵەم.

دەنگی گەرم بوو، سەرمای رێگای داچۆڕاوەی ناو رۆح و سووقانەکانی (سەعید)ی لاوی لەناو برد. دەنگی باریک و کەمێ کەرخ بوو. بە گەرمی و ناسکی، وەکو گوڵە نێرگز، لە بەینی لێوەکانی هاتە دەرێ.

(سەعید)، کە ئەم دەنگە نەرگزییەی بیست، هەنگاوێک چووە پێش و گوتی:

-منیش (سەعید)م. کوڕی شێخی خاوەنی ئەم ماڵەم. تازە لە (موش) دێمەوە!

کاتێ پەریخان گوێی لە ناوی بوو. دەم و چاوی بوو بە مێرگی گوڵ و کوڵوکو بە شادی هاواری کرد:

-یادێ ، یادێ!.. (سەعید)ی کوڕت لە (موش) هاتەوە.

(سەعید) زاتی لە دەمارەکان گەڕا. هەنگاوی بەرەو (پەریخان) نا تا گەیشتە کنی و چاوی لەناو چاوی بڕی. چاوەکانی (پەریخان) دوو گۆمی روون و شین بوون، (سەعید) لەپڕ خۆی لە کەنارەکەی بینی. دوو چاو بوون هەموو خەرمانی لە بیرکراوی منداڵێتییان لە دڵی دەرکردو خستیانە بەر (با) شەنەبای بکا. دوو چاوی شین لرمەی شەپۆلی ترسناکی گەرداویان لێ دەهات.

(سەعید) ور و کاس بوو، تووشی سەرەگێژە هات.

کە هاتەوە هۆش خۆی، خۆی لە دیوی دایکی بینی، سەری لەسەر سەرینێکی توورک بوو. ئاگرێکی خۆش لە گۆڕک داگیرسابوو، رۆحی گەرم دەکردەوە.

لەتەرەی ئاگر دەستی بە رستنی داوی خۆشەویستییەکی وا کرد لە دڵیدا، تەنانەت ساتی وەستانی لە بەردەم سێدارەیش ئارام نەبووەوە.

دایکی لەسەر سەری وەستاو بە ترسەوە گوتی:
-دەک عەمرم نەمێنێ!! ئاگرم لە ماڵێ بەر بێ!! ئەوە چت بەسەر هاتووە، کوڕم!
-بەخوا، لە برسانو لەبەر شەکەتیی ڕێگا، تووشی سەرەگێژە هاتم.
دایکی تەوێلی سڕییەوەو کڵاوی لەسەر کردەوە. ماچی کرد، ئینجا بە کارەکەرەکەی گوت:
-(پەریخان)، لەزکە بلەزینە، بڕۆ خواردنێک بۆ (سەعید) ئامادە کە. چی لە هەناویدا نییە! لە برسان سکی بە پشتییەوە نووساوە..
(پەریخان) بە باڵای وەک ئەلف ڕاستی، ڕۆیشتو چووە دەرەوە بۆ ئەوەی خواردن ئامادە بکا.
چویچکی خەیاڵی (سەعید) بە دوای ئەم ئەلفە وەک چلەدار ناسکەدا، فڕی.

***

ئەلفی مەرگی بە سێدارە هەڵواسراو نزیک کەوتەوە. ئەگەر شێخ دەستەکانی ئازادبوونایەو دەستێکی درێژ بکردایە، دەیتوانی قوڵفانگەی پەتە چەورکراوەکە بگرێ، دەیتوانی! پەتەکە ئەلفێ بوو ئێستا لەبەر دەمیدا، لەگەڵ مردن دەهاژایەوە.
ئەلف یەکەم پیت بوو (سەعید)ی زاڕۆی پێنجساڵی فێری بوو، کاتێ باوکی فێری ئەلفو بێی عەرەبی دەکرد، پێیگوت:
-ئەلف سەرەتای ناوی خودایە. خودا یەکە. یەکیش لە پیتی ئەلف دەکا، ڕاستو ڕاستە.
-لەسەر چۆک دانیشتبوو. قامکی بۆ پیتی یەکەم درێژ کرد، ئینجا تا توانی قەدی چەماندەوەو گوتی:
-ئەلیییییف.
باوکی پێکەنیو پێیگوت:
-کوڕم، ئەلف، نەک ئەلیف.
تا پیتەکەی بە دروستی نەگوت، باوکی وازی لێ نەهێنا.

حەزی لە پیتی ئەلف دەکردو بە ئەنقەس بە زۆر شتی چەقاوی راستی دەچواند: ئەو منارەی هیلالی بەسەرەوەیە، ئەلفێکە هەمزەی لەسەرە. برووسک هەندێ جار راست وەک ئەلف دەردەکەوێ، قەڵەم، ئەو تیرانەی پاڵەوانان لە جەنگدا سینگی دوژمنی پێ تیرباران دەکەن. لیزمەی باران وێنەی یەک دونیا پیتی ئەلف لە بەینی عەردو عاسمان دەکێشێ. درەختی رواوی سەر کەناری رووبارو جۆگاکان، رەوە قورینگ.

-ئەلف پیتێکی جوانە.

وای بە باوکی دەگوت بێ ئەوەی بە مێشکیدا بێ کە لە دوارۆژی ژیانیدا بەرامبەر پەتێک دەوەستێ وەک پیتی ئەلف بە سێدارەیەکدا شۆڕ بۆتەوە. ژیانی گەڕایەوە خاڵی سەرەتا. ساڵانی تەمەنی، وەک رەوە باڵندەیەک، لە ئەلفی سەرەتاوە بۆ ئەلفی کۆتایی، بە ئاسمانی خەیاڵیدا فڕی.

شێخ لە کتێبە کۆنەکان خوێندبوویەوە ئەستێرەناسان کە تەماشای فاڵ دەکەنو نیشانەی بە شێوەی پیتی ئەلف دەبینن، ئەمە بە نیشانەی بەختەوەریو شادی دادەنێن، بە نیشانەی بەختی گەورەو هاتنە دی ئاواتی دەزانن. ئەلفەکانی ئەستێرەناسیی مزگینی رۆژانی بەختەوەرین. ئەوەتایش مێژوو، ئەوەتا مێژووی ئەستێرەناسی، لەم شەوە ئەنگوستەچاوەو لەم گۆڕەپانەدا، پیتەکانی ئەلفی بە شێوەی سێدارە ریز کردووە. ئەوەتا (شێخ سەعید) هەنگاو بەرەو سێدارە دەنێو کۆتایی بە دەفتەری ژیانی دێنێ کە بە هەزاران هەنگاو نووسراوە. هەر هەنگاوێک ئەلفێکە وێنەی لەسەر زەوی دەکێشێ.

شێخ بە وردی تەماشای کورسی بچووکی سێ پێچکەی ژێر پەتی سێدارەی کرد کە یەک گەز بڵند بوو. زانی دوای کەمێکی تر، لەسەر ئەو کورسییە دەوەستێو ئەو دوو سەربازەی گرتوویانە ملی دەخەنە ناو قوڵفانگەی پەتەکەو ئینجا یەکێکیان، یان هەردووکیان بە یەکەوە، لەقەیەک لە کورسییەکە دەدەنو وەریدەگێڕن. ئیتر لە ژێر قورسایی خۆی دادەتەکێو پێیەکانی ناگەنە سەر زەوی.

به خەیاڵیدا هات، وەکو چلچرای مزگەوت شۆڕ دەبێتەوەو قوڵفانکەی چەور بە خێراییو بە لووسی گەرووی دەگوشێ. شێخ ناتوانێ سەری بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ملی لە ئەڵقەی تەنگ دەربێنێ. دەستی لە پشتەوە بەسراوە ناشتوانێ لەسەر زەوی بوەستێ کە یەک گەز لە پێیەکانی دوورە، تەنیا یەک گەز هاماجی نێوان ژیانو مردنە.

کە شێخ لە پەتی شۆڕبووەوەی بەردەمی ورد بووەوە، زانی ئەم پەتە قەت ناپچڕێ:

-کندرەو لە قەنناب هۆنراوەتەوە.

شێخ خەریک بوو، بە دەنگ قسەکە بکا بەڵام هەستی کرد گەرووی گیراوە.

-کۆڵەگەکانی سێدارە لە داری سوورەچنار دروست کراون. هێشتا تەڕن. داری سوورەچناری باخی خۆمانن‌و ناشکێن.

ئەم رستەیەیشی لە گەروودا گیرا.

هەموو رێگاکان رێک وەکو گەرووی گیراون. ئەو رێگایانەی لە شۆڕشەکەی گرتنیە بەر، لە باریکە رێی خوارو خێچی خەباری سەر لێوی دۆڵی قووڵ دەکەن. هەموو شتێ دەیگەیەنێتە کۆتایی و کۆتایی دەبێ بە سەرەتا. شۆڕشێکی بەزیوی لە پشت‌و پەتێکی سێدارەی لە پێش‌و ئاسمانێکی ئیفلیجی کەڕو لاڵی چاوبەسراوی لەسەر سەربوو.

نەختێ سەری بڵند کرد، تەماشای ئاسمانی بێ ئەستێرەی کرد. دیتی لە پۆستاڵی ئەو سەربازانە دەکا کە لە دەوری سێدارەکان وەستاون. وەخت بوو بە ئاشکرا لە خوا بپاڕێتەوە. بەڵام هەقایەتێکی کۆنی لەسەر زمانی گیاندارانی لە کتێبێکی فارسی بیر کەوتەوە، دانی بە خۆیدا گرت‌و نەیگوت. هەقایەتەکە دەڵێ: (دەڵەشێرێکی ئاوروا لە لێرێکدا، بۆ خۆی‌و بۆ بەچکەکانی، لە خواردن دەگەڕا. هیچی دەست نەکەوت. بەچکەکەکانی لە برسان دەیاننووسکاند. دێڵە شێرەکە لەپڕ ئاسکێکی بینی هاتە سەر رووبار ئاو بخواتەوە. قەشەنگ و چاو رەش‌و گۆشتن بوو. سەری دانەواندو دەستی بە ئاو خواردنەوە کرد. دەڵەشێرەکە، چاوی زەق

کردەوە. هەناسەی راگرت. سکی بە  زەوییەوە نووساند. دڵنیا بوو ئاسکەکە رادەکا، بەڵام برسێتییەکەی نەیدەزانی رەحم چییە؟ بە هێواشی خشی تا گەیشتە نزیکی‌و لەپڕ بازی هەڵدا، هەستایەوە سەرپێ‌و بەرەو ئاسکەکە وزاقی دا. ئاسکەکە رەوییەوە. لە ترسان، بۆ چرکەیەک لە جێی خۆی بزمارکوت بوو، چاوی بڕییە دەڵەشێری هێرشکەر. بەڵام رۆح شیرینە، وەک برووسکە تێیتەقاند، هەڵات. دەڵە شێری برسی کەوتە دوایەوە. لێی نزیک کەوتەوە. مردنی لێ نزیک  کەوتەوە. ئاسکەکە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و دەستی بە دوعا کرد: (خوایە، من مەخلووقی بێ تاقەتی تۆم. کارەکانم برسین، چاوەڕێم دەکەن. خوایە، بە رەحمی خۆت لە چەپۆکی ئەم دەڵە شێرەم نەجات بدە.)

خوا لە ئاسمان گوێی لێبوو. دوعای بیست‌و بەزەیی پێدا هاتەوە.

دەڵە شێری برسی هێشتا هەر راوی دەنا. چەوو بەردی بچووک لە بن سمی مامزەکە دەردەپەڕین‌و بە چاوی دەڵەشێری نێز دەکەوتن. دەڵەشێر بە کەسیرەیی لە خوا پاڕایەوە: (خوایە، من مەخلووقی ئاورای تۆم. بەچکەکانم برسین، چاوەڕێم دەکەن. خوایە، بە رەحمەتی خۆت، نا هومێدم مەکە، ئەم ئاهووەم بە نسیب بکە!)

خوا لە ئاسمانەوە تەماشای کردو سکی پێ سووتا.

دەڵەشێری برسی راوی ئاهووەکەی نا. ئاهووەکە هێشتا تێر ئاو نەببوو، لە دەست دەڵەشێرەکە هەڵدەهات. خوا لە سەرەوە تەماشای دەکردن. دوای کەمێ دڕدۆنگی، گوتی: (خۆتان باشتر دەزانن چ دەکەن. شتەکە بۆ خۆتان لێدەگەڕێم.)

شێخ سەری لەقاند. بۆ ماوەیەکی زۆر کورت چاوەکانی قوچاند. وەک یەکێ تای هاتبێتێ، نەختێ لەرزی.

***

چەند رۆژێک دوای هاتنەوەی (سەعید)ی لاو لە (موش)، دایکی گوتی:

-تاسەی هاوڕێو هەواڵەکانت ناکەی؟ (سەعید)ی دایکا خۆ، تۆ دەڵێی مریشکە کورکی لە ماڵەوە دەرناچی. ناتەوێ سواری خلیسۆک بی؟ ئەوەتا هاوڕێکانت، منداڵانی تاخ، لە دەرەوە یاری دەکەنو لەسەر بەفر خلیسکانە دەکەن.

دایکە نەیدەزانی (سەعید)ی کوڕی کە پێش چەند رۆژێک هاتەوە ماڵێو چاوی بە چاوی (پەریخان) کەوت، ماڵاوایی لە دەوری منداڵیی کرد.

(سەعید)ی لاو حەزی نەدەکرد بچێتە دەرەوە بۆ لای هاوڕێکانی. پێی باش بوو لە ژوورەکەیو لە ناو کتێبەکانی بێ. چەندین سەعات بە تەنیا بێو لە پەنجەرەوە تەماشای حەوشەی ماڵەوە بکا. (پەریخان)، ناو بە ناو، وەکو ئاسکێکی سرک دەچووە دەرەوە، قۆپەنە بەفری لادەدا، یان سینییەکی سفری بە دەستەوە بوو لە ژوورێکەوە دەچووە ژوورێکی ترو هەندێ جاریش دەچووە سەر بیری ناوەندی حەوشەو ئاوی هەڵدێنجا. حەوجۆشەکانی پڕ دەکردو دەگەڕایەوە.

هەندێ جار، (سەعید) لە بن دارتووە گەورەکەی ماڵەوە دەوەستاو تۆپەڵە بەفری لە چویچکان دەگرت. چۆلەکەکان لەسەر چلی رووت هەڵدەفڕین و پرژەی بەفر وەک خەونی سپی دادەرژایە خوارێ.

فەرامۆشیی بە شوون پێی (پەریخان) دەهات لەسەر بەفری حەوشەی ماڵەوە. بەردەوام تەماشای ئەو شوونە قووڵانەی سەر بەفری دەکرد. هەر شوونێکو شوونێکی قووڵتری لە دڵی جێ دەهێشت.

(پەریخان)یش بە دەوری خۆیەوە، زیاتر دەچووە دەرەوە بۆ حەوشە. دەتگوت کاری یەک ساڵی تەواوی لەسەر کەلەکە بووە. کە دەچووە دەرەوە، دەسرۆکێکی سووری لەسەر دەنا، لێواری گوڵنگی وردو مووروویی رەشو وردی لێدرابوو. جاروبار، بە دزی، تییە چاوێکی دەدایە ئەو پەنجەرەیەی (سەعید)ی لاوی لێ دادەنیشت.

سەرنجەکانی (پەریخان) وەک دەنووک هاویشتنی ئەو تەیفۆکانە خێراو بەلەز بوو کە (سەعید) لەسەر لکەکانی درەختەکە هەڵیدەفڕاندن. کە

سەرنجیان لێک گیر دەبوو، بە چەشنێ بزەیان دەهاتێو سەریان دادەنەواند دەتگوت پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون.

دایکی (سەعید) هەستی دەکرد کوڕەکەی گۆڕاوە. وای زەن دەبرد خوێندنی لە (موش) و زانستی ناو سینگی، ئارامو سەنگینیان کردووە. وای بۆ دەچوو زانستە نوێکانی کوڕەکەی، کوڕەکەیان لە کۆتی منداڵێتی ڕەها کردووە. نەیدەزانی کوڕەکەی ئاگرێکی کپو بێدەنگی لە دڵ داگیرساوەو (پەریخان)ی کارەکەر ئاگرەکە بە سەرنجەکانی خۆشتر دەکا.

هەندێ جار، (سەعید) لەسەر بیری ناوەڕاستی حەوشە دەگەیشتە (پەریخان). مەسینەی دیاربەکریی خۆی لەسەر لێوی بیر دادەناو بە حەیاوە پێیدەگوت: (مەسینەکەمم بۆ پڕ ناکەی!؟) (پەریخان) دەگرنژیو (سەعید)ی لەسەر باڵی بزەکانی دەبردە ناو مانگو ئەستێران، دەیبردە ئەو ئاسمانەی تەنیا مێخەکی لێ دەبارێو خێنژی سەوسەن هیچی تێدا نادرەوشێتەوە. چاوەکانی (پەریخان) لە گۆلی (وان)یان دەکرد کە (سەعید)، کاتێ لە (موش) دەیخوێند، چەند جارێک چووبووە سەر کەنارەکانی.

چاوە شینەکانی (پەریخان) غەمێکیان لە ناخەوە بوو لە گردێکیان دەکرد گەنجینەیەکی لە هەناودا بێ. (سەعید)، بێ هوودە، هەوڵی دەدا کلیلی ئەو گەنجینەیە بدۆزێتەوە. تەنیا هەندێ گفتوگۆی کورتی بە پەلەی لەگەڵ (پەریخان) دەکرد. چەند وشەیەکی کەم، یان چەند رستەیەکی پچڕپچڕ. وەکو: ئایا مەلای نیوەڕۆ بانگی داوە؟ دایکم لە کوێیە؟ گەورەم، کڵاوو گۆرەوییەکانت بشۆم؟ مەسینەکەت پڕ ئاوی گەرم بکەم؟

(سەعید)، کە بە تەنیا دەبوو و ئەو قسانەی خۆی لەگەڵ (پەریخان) بە بیر دەهاتەوە، پەشێمان دەبووەوە کە زۆری قسە لەگەڵ نەکرد، قسەیەکی شیرینی لەگەڵ نەکرد. تەنیا چەند سنگێک مابوو بیکوتێ بۆ ئەوەی چادری خۆشەویستی، سێبەر لە سەر سەراپای دڵی بکا.

-خۆشەویستی بەرد بە دەنگ دێنێ.

جارێکیان، فەقێ (خالیسی بدلیسی) خاوەنی قەننەی دارو پسپۆری سووتانو تووتن وایگوت. (خالیس) حەزی لە کچێکی ئەرمەنی دەکرد. بەردەوام شەوانی هەینیو سێشەممە تەوافی دەوری ماڵی دەکردو کاتێ لەو تەوافە دەهاتەوە، (سەعید)ی هاوڕێی لێیدەپرسی:

-ئەوە تۆ لە براکانی ناترسی؟ لە باوکی ناترسی؟

-(سەعید)، تۆ ئەشقت تاقی نەکردۆتەوە. خودا تووشت نەکا. ئاشق شێتە، نازانێ حەیاو ترس چییە؟.

(سەعید) ئەم قسانەی بیرکەوتەوە و خۆی لەگەڵ ئەو ئاشقە بدلیسییە بەراورد کرد. زانی دەستاڕی خۆشەویستی هێشتا دانی دڵی نەهاڕیوە.

-بۆچی کە دەیبینم، لەرزم پێدا دێ؟ دەمم تێک دەئاڵێ، دەڵێی زمانم بەسراوەو لەزگە دڵم لەبەر موچڕک وردو خاش ببێ. من تا ئەو رادەیە شەرمن نەبوویم.

- بەوای ئەو هەستەوە، لەبەردەم (پەریخان)دا زمانی دەبەسرا، (با)ی نێرینەیی بەسەر جەستەدا دەهات. شەرمی دەکردو هەزار جار تووکو نەفرەتی لە شەیتان دەکردو چەند ئایەتێکی قورعانی دەخوێند. قورعانەکەی لە بەرگێکی مەخمەڵ گیرابوو و بە دیواری ژوورەوە کرابوو. ئەو وای زەن دەبرد خۆشەویستی دوورە لە چڵکی جەستە. لە کتێبەکانی فیقهـ خوێندبوویەوە گەنج، کە باڵق دەبێ، هەندێ جار لە خەو رادەبێ شەرواڵی خۆی بە ئاوی پیاوەتی تەڕ کردووە. ئەمە غوسلی دەخاتە سەر. نەیدەویست خەونە شەیتانییە زەوەندەکانی بەو خۆشەویستییە لێک بداتەوە کە بەرەوە ناخ رایدەکێشا.

-لە خەودا (پەریخان)ی، لە ناو تەمو مژو مۆراندا دەبینی، تەنیا چاوەکانی بە روونی دەبینی. زۆر جار هەوڵی دەدا (پەریخان) لە لەهیی نێرینەیی بپارێزێ، دەیەویست شوون پێی (پەریخان) لەسەر بەفری رۆحی، تەنیا شوونی رووناکییەک، نوورێکی پیرۆز بێو هیچی تر!

***

زستانی ئەو ساڵە بەم شێوەیە رۆیشت. دەوسی سەرمای قورسی خۆی لەسەر رۆحی خەڵک جێ هێشت. بەڵام بڵێسەی ئاگرێکی لە دڵی (سەعید) جێ هێشت، رۆحی گەرم دەکردەوەو دڵی بە رووناکی، نووری خۆی رووناک دەکردەوە. بینینی ئەو بەژنو باڵا رێکە، ئەو دوو چاوە جوانو غەمگینە، ئەو خەندە دڵکێشەی دەمی وەک سەبەتەی پڕ فیقیو بیستنی ئەو گفت و گۆ کورتانە کە بە زۆری بە پچڕاوی دەمایەوەو تەواو نەدەبوو. ئەمە هەمووی داری قەلاشکەری بوو، مەرێزەی ئەو ئاگرە نهێنییەی خۆش دەکرد کە تازە لە دڵی داگیرسا بوو.

کە بەهار هات، (شێخ مەحموود)ی باوکی ویستی جارێکی تر بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی، رەوانەی (موش)ی بکا:

-(سەعید)، کوڕم، هەڕوە (موش)و خوێندنەکەت لای مامۆستاکەت تەواو کە! خۆت دەزانی من کاتم بۆ تۆ نییە.

بەهار گوڵی قاسیدی رەوانە کرد. دڵیش لەگەڵ گوڵەکان کرانەوە. (سەعید)، کە بۆ یەکەمین جار تامی خۆشەویستی کردبوو، بە ناچاری ملی بۆ فەرمانی باوکی کەچ کردو دووبارە رووی کردە (موش) و لە (پەریخان) دوور کەوتەوە.

سەر لە سبیانەیەکی کەمێ سارد، کتێبەکانیو گوێزەکەی (خدری بۆتی) لە ناو بوخچەکەی ناو مالاوایی لە دایبابی کردو خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی ئەسپی سەگلاویو بۆی دەرچوو. (پەریخان)، بە دوو چاوی فرمێسک تێدا قەتیس ماوو بە رووی کزو غەمبار شوێنی کەوت. هیچی نەگوت. دەسەسرێکی بچووکی دایە. (سەعید) ئاوڕی لە دەردۆری خۆی دایەوەو دەسەسڕەکەی لە باخەڵی نا. بێ ئەوەی هیچ قسە بکا، تێیتەقاند رۆیشت.

(سەعید) هەناسەیەکی قووڵی بەهاری پڕ بۆنی رێحانە کیویلەو مێخەکو بەیبوونو نەسرینو قژی (پەریخان)ی هەڵمژی کە هێشتا نەیدیبوو، ئازاری جیابوونەوەی لە بەژنی (پەریخان)، زۆری بۆ هێنا.

***

بۆنی پەتی سێدارەی لە زەیت هەڵکێشراو بەسەر بۆنی ئەو گوڵانە کەوت کە ئەو بەهارە کرانەوەو ئەو هەموو ساڵە لە بیرەوەریدا مابوو. تێنوێتی چەقۆیەک بوو پەنیری خەیاڵی کەرت کردو ئەنجن ئەنجنی کرد. هەر جارەی کە لە گۆلی یەکێ لە بیرەوەرییەکانی نقووم دەبوو، تێنوێتی دەری دەهێنا بۆ سەر کەناری سێدارەکان‌و باڵای ئەو گەڕناسانەی دەدی کە وەکو هێشووی ترێ بە دار مێوی کۆتایی پایزدا هەڵواسرابوون.

شێخ لەناو ئەو لاشە هەڵواسراوانەدا، لە سێدارەدراوێکی بینی هێشتا دەلەرزی. ئەو ماسییانەی بیر کەوتەوە کە رووبارێکی هارو هاچ لە نزیک (ئەخلات)، فڕێی دەدانە ناو گۆلی (وان). رۆژێکی ئایار، (سەعید)ی لاو لەگەڵ هەندێ لە هاورێکانی بە سەیران چووبوونە ئەوێ. ماسیگرێکی پیری بینی چووبووە ناو ئاو. سەبەتەیەکی بە دەستەوە بوو، ماسی پێ لە ئاو دەگرتەوەو فڕێی دەدایە پشتەوەی بۆ سەر حەسیرێکی سەر کەنار.

گەنجەکان سەیری جوولانەوەی ماسییەکانیان دەکرد کە پیرەمێرد فڕێی دەدان. ماسییەکان یەکەم جار، گەوزیان دەداو تلیان دەدا، هەوڵیان دەدا بگەڕێنەوە ناو ئاو. هەندێ ماسی دەیانتوانی خۆیان بگەیەننەوە ناو رووبار. (سەعید) هەستی کرد، ماسی، یەکەم جار، سەرو کلکی بڵند دەکا تا تەواو دەچەمێتەوە. ئینجا دوای کەمێ، هێزی دادەهێزرێ تەنیا کلکی دەجوولێنێ. ئاخیری، لالغاوەکانی تەواو دەکاتەوەو دوای ئەوە، هەتا هەتایە کپ دەبێ .

شێخ گوێی لە دەنگی لاشەی تر بوو، پرزەی ژیانیان تێدا مابوو. گوێی لە لرخەیەکی وەکو لرخەی گەرووی بەرانی سەربڕاو بوو لە بەیانی جەژنی قوربان‌دا.

-کێ یەکەم جار بیری لە خنکاندنی مرۆڤ کردەوە بە پەت؟

شێخ بیری کردەوە. هەستی بە خورشتێکی سەیر کرد لە گەرووی، هێلنجی هاتێ. خەریک بوو دوگمەی یاخەی کەوای خەتخەتی بپچڕێ.

خووزی قووت دایەوەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پەتی سێدارە لەرایەوە.

***

شێخەکەی (موش)، ئێوارەیەک دوگمەی یاخەی کەواکەی کردەوەو رووی گوتاری کردە میوانەکانیو گوتی:

-دەولەت بۆتە پارچە پەنیرێکو مشکی هەموو دونیا تێی وەرهاتوون.

ئەمە یەکەم جار بوو، (سەعید) قسەیەکی لەو جۆرەی دەبیست. یەکەم جار بوو، (سەعید) باسی ئینگلیزو فرەنسیو رووسی دەبیست. دەیبیست ئاخۆ شۆڕش کردن لە دژی دەروازەی باڵا، لە رووی شەرعییەوە، شیاوە؟ یان شیاو نییە؟ شێخەکەی زۆر وڵات گەڕابوو و گەلێ شاری گەورەی وەک (شام)و (بەغدا)ی دیبوو و دوو جار سەفەری (حیجاز)ی کردبوو.

شێخ، جارێکیان کتێبێکی بە دوەستەوە بوو، بەرگەکەی پێستەی جوانو رازاوەی ئاسک بوو، گوتی:

- ئەو پارچە پەنیرە، کورد نەبێ، هەموو کەس سوودی لێ وەردەگرێ. نەک هەر ئەوەندە، بگرە کورد ئەو پشیلانەن کە ئەو پەنیرە لە کەڵبەی مشکان دەپارێزن.

ئەو کتێبە هاودەمی شێخ بوو، تەنانەت لە قورئانیش زیاتری دەخوێندەوە. کە بە تەنیا دەبوو، شتی لەسەر پەراوێزە زەردەکان دەنووسی کە وەک رێگای دەوری لێڕ وابوون. شێخ بەردەوام هەندێ ناوو مێژووی راست دەکردەوە، یان تێبینی بە خەتی وردی غوباری ، تۆمار دەکردو سەرشار دەبوو لە شادی.

رۆژێکیان (سەعید) لێپرسی:

-سەیدا ، ئەم کتێبە چییە؟

شێخ ئەنگوستی شادەی لە نێوان دوو لاپەڕەی کتێبەکە ناو لە سەر چاویلکەکەیەوە سەیری (سەعید)ی کردو گوتی:

-کوڕم، ئەمە کتێبی شەرەفنامەیە.
جارێکیان، گفتو گۆ لە کۆڕی شێخ گەرم بوو. هەندێ مەلا گوتیان:
- مامەڵە کردنی هەندێ کورد لەگەڵ رووسدا، لە رووی شەرعەوە، دروست نییە.
یەکێکیان، خەڵکی (ئەرجیش) بوو، وەک یەکێ زارێک باوێ، دووبارەی کردەوە:
-رووس دوژمنی ئیسلامن.
شاگردێکی ئایینی هەبوو، ناوی (رۆستەم) بوو، خەڵکی (مەلازگرد) بوو، یەکێ بوو لە مریدەکانی (شێخ عەبدولای نەهری)، موستەعید بوو، واتە لەسەر دەرچوونو بوونە مەلا بوو، گوتی:
- سوێندم بە قورئانی مەزن، رووس نەک هەر کافرن، بگرە هەر بنیادەمیش نین. ئەوە چەندساڵێکە چی خراپە پێمان دەکەن!. لە خەڵکی (قارس)و (بایەزید)و (ئەرزەرۆم) بپرسن، رووس چییان پێ کردوون. سوێندم بە خودا، ئەگەر سەربازە دلێرەکانی سولتان نەبوونایە، ئێستا ژنەکانمان کارەکەری رووسەکان بوون. ئەوانە بە قەد سەرە موویەک جیاوازییان لەگەڵ شیعەی قزلباش نییە. ئێستا خەریکن دووبارە خۆیان بۆ شەڕی ئێمە تەیار دەکەن.
شێخ بە هێمنی وەڵامی دایەوە:
-نا. نا. ئەمە مەسەلەیەکی ترە. دوژمنداررییەکەی ئەوان ئایینی نییە. ئەوانە خاوەن دەوڵەتنو بەرژەوەندییان هەیە. ئەگەر بەرژەوەندیان تێدا بێ خۆیان بۆ تەرخان دەکەن. ئەگەر شەڕ بقەومێ، ئێمە دەبینە سووتەمەنی شەڕەکە. لە هەردوو حاڵەتدا ئێمەین زەرەرمەند.
(سەلیم زازایی) توند بوو. هەستایەوە گوتی:
-سوێندم بە عەرشی خودای باڵا، دۆستایەتی رووسەکان دەکەم بۆ شەڕی ئەو رۆمە عوسمانلییانە. ئەوانە چ خێریان بۆ ئێمە هەبووە، (رۆستەمەفەندی)؟ ئەوەتە مێژوو بخوێنەوە، (مەلازگرد) یەکەم شار بوو

چرتەی سمی ئەسپی عوسمانلییانی لێ بەرز بووەوە. ئێستا زانیت بۆچی؟

زۆر جار، گفتوگۆی وا تا بەیانی لە حوجرەی مزگەوت گەرم دەبوو و موستەعیدەکان، واتە ئەوانەی نزیک ببووەوە دەربچن‌و ببنە مەلا و ئیجازە لە شێخەکانیان وەربگرن، بەشدارییان تێدا دەکرد. (سەعید) لەوەوە، رۆژ بە رۆژ، هوشیاریی زیادی دەکرد. لە لایەکەوە، ئاگری خۆشەویستی لە دڵ بەردەبوو و لە لایەکی ترەوە، ئەم گفتوگۆیانە ئاگریان لە مێشکی دەکردەوە.

هەندێ جار، باسی (بەدرخان پاشا)و (یەزدان شێر) دەکرا. (رۆستەم) دەیگوت:

-ئەمانە چۆن لە وەیکەر، هەڵگەڕانەوە؟ ها؟ سوێندم بەخوا، ئەوەی ئەوان کردوویانە دەرچوونە لە دین.

- (رۆستەم)، وا مەڵێ! ئەوانە لە نەتەوەی کوردی خۆمانن. کەچی ئەو رۆمانە، کێ دەڵێ نوێنەری ئیسلامن؟

- سەیدا، ئەدی کتێب وا ناڵێ؟ ئەدی قورئان وا ناڵێ؟

شێخ توند دەبوو. شەرەفنامەی داناو گوتی:

-دیسان کەر کەوتە قوڕێ. ئایا دەزانی ئەگەر کەر بکەوێتە قوڕێ، بە دە ئێستران دەرنایە!

***

ئێوارەیەک، (خالیس) دەستی (سەعید)ی گرت‌و لە حوجرە دووری خستەوە، بردییە نک دارهەنجیرەکە، کە هێشتا گەڵای دەرنەکردبوو، بە پێکەنینەوە پێیگوت:

-لێیان گەڕێ. تووکیان لێیارێ! دەڵێی دەروێشی حاڵگرتووی قادرین. مێشی ناو کوندڕ ناتوانێ ئەوەندەی ئەمانە وژەوژ بکا.

-بەڵام باسی شتی سەرنجکێش دەکەن.

- کەیفی خۆیانە، چ دەڵێن، با بڵێن. تۆ وەرە پێم بڵێ، دەنگو باسی دڵت چییە؟

- چی؟

- چاوقولکەی رەش! ئەشق! ناتوانی لە منی بشاریتەوە. لەو رۆژەی هاتوویتەوە، من چاوەدێریت دەکەم. دەبینم پەشۆکاوی. رووی زەردت پەردە لەسەر رازی دڵت لادەدا.

بەر لەوەی (سەعید) وەڵام بداتەوە. پرسی:

-ئایا جوانە؟

- وەکو پسیکەکانی (وان) وایە.

(سەعید) کە دیتی (خالیس) ئابلووقەی داوە، ناچار بوو خۆی بە دەستەوە بدا. ناچار بوو دان بە خۆشەویستی خۆیدا بنێ، دان بەو ئاگرە بێدەنگە بنێ کە دڵی لرف دەکرد، بەڵام بەر لەوەی دان پێدا بنێ، پرسی:

- توخوا پێم بێژە کووت زانی؟

(خالیس) سۆتەکەی توونتی لە قەنەکەی بەتاڵ کرد، چەند جارێک، سەرکەکەی لە قەدی دارهەنجیرەکە داو گوتی:

-خۆشەویستی بشاریتەوە وەکو ئەوە وایە جگەرە بخۆیو لێنەگەڕێی گەوارە دووکەڵت لەسەر سەر بەرز بێتەوە.. خۆشەویستی بکەیتو بتەوێ خۆشەویستییەکە بشاریتەوە وەکوو ئەوە وایە گوڵ بکرێتەوەو بۆن بڵاو نەکاتەوە.

دێرە شیعرێکی (مەلای جزیری) بە دەنگی بەرز خوێندەوە:

ژ بەر ئاهین مە دنێ ئاگر ئو دوو بت نە عەجەب
مە د دلدە هەیە نارەک کو دسۆژت سەقەرێ

(سەعید)، کە قسەی دڵی خۆی کرد، تاسەی (پەریخان)ی کرد. فەرامۆشی بە باسی (پەریخان) دەهات. دەسەسرە ئاوریشمە سەوزەکەی بۆن دەکرد کە لە ناوەڕاستەوە بە خۆرێکی زێڕینی حەفتا تیشکی رازابووەوە.

هەموو ئێواران لەبن دارهەنجیرەکە، باسی خۆشەویستی خۆی بۆ (خالیس)ی هاورێی دەگێڕایەوە.

***

- کچەکە خەڵکی (قارس)ە.
(سەعید) دەرکابێندی کوندەی قسەی کردەوەو هەنگوینی سەربردەی خۆشەویستی خۆی ئاوها رژاندە ناو گوێی (خالیس):
-لە کاتی جەنگی (قرم)دا، باوکی باری کرد، چووە (ئەرزەڕۆم). دەیزانی لە کاتی جەنگدا، کارەسات، لە شارۆچکەکانی (ئیغدەر)و (قارس)و (بایەزید)و شارۆچکەو گوندی دیکە دەقەومێ کە چارەنووس کردبوونی بە قەیتانی قۆندەرەی هەر دوو لای ناکۆک. دەیزانی بەدبەختەکانی وەکو وان تووشی دەردەسەری دەبن!. سەرباز بوو لە لەشکری عوسمانلیو دەیزانی چەکداری ئەرمەنو گورج و عەشایری کوردی سەر بە رووس قەت روحم بە کەس ناکەن. دەیزانی گاهس ژنەکەی بە دیل بگیرێو هێرشکەران لە بازاڕەکانی (یەریڤان)و (تبلیس) بیفرۆشن. تازە ژنی هێنابوو. دەیزانی جەنگ پیاو لە ژنەکەی دادەبڕێنێ. بە تفەنگی مەجەڕییەوە، لە عەسکەری فیراری کردو شەوێکی سارد گەیشتەوە ماڵێ. شتو مەکەکانی خۆی لەناو خورجینەیەک ناو ژنەکەی لە پاشکۆی خۆی سواری ئەسپەکەی کردو لە شەوێکی تۆفو زریاندا، بەرەو باشوور، شۆڕ بووەوە. ئەو فیرارە هیچ حیسابی بۆ مردنو بەفر نەدەکرد، گیانی خستبووە سەر لەپ. گەشتێکی دوورو سەخت بوو، تا (ئەرزەڕۆم) رانەوەستا. (ساری پاشا)ی عوسمانلی، والی (قارس)، لەوێ هەڵاتو وەک تۆپەڵە بەفرێک لە ناو لەپی جەنەراڵی رووسی (میلنکۆف)، ئەوێی جێ هێشت. دنیا شلەژاو خەڵک حەپەسان، نەیاندەزانی روو لە کوێ بکەن. دوای ساڵێک، باوکی (پەریخان) خۆی بینی لەگەڵ سەربازانی دەوڵەتی عوسمانلی لە جەنگدایە. (موش)و (وان)و (ئەرزەرۆم)، بە یەکەوە، لە رووی دەوڵەت راپەڕین. (پەریخان) لەو هەراو هۆریایە لە

دایک بوو. تەمەنی چەند مانگێک بوو کە  باوکی کوژرا. دایکی وای زەن برد مردن خۆی لە باکوور مەلاس داوە، زیاتر بەرەو باشوور داکشایە خوارێ تا گەیشتە شارۆچکەی (خنوس)و لەوێوە لەگەڵ کچەکەی چووە (پالو). کە کچەکەی گەورە بوو،  هاتە ماڵی ئێمەو بە باوکمی گوت: (گەورەم، منی بێوەژنو ئەو کچە سێوییە. کەسمان نییە. با کچەکەم لە ماڵی ئێوە بێ، خزمەتتان بکاو ئێوەیش چاوتان لێ بێ. پێشکێش ئێوەی دەکەم.)

(خالیسی بدلیسی) کە بە بێدەنگی گوێی دابووە سەربردەکەو دومانی قەلوونەکەی بە لالێوی بە با دەکرد، قاقا پێکەنیو گوتی:

-خوا عافووت کا، (سەعید). بەڵام توخودا پێم بڵێ تۆ مێژووی جەنگم بۆ دەگێڕیتەوە ؟ یان ژینامەی دڵ؟

(سەعید) بە دەنگی لە شەرم پێچراو،  گوتی:

-نازانم. باسی (پەریخان)م دەکرد.

- خوا عافووت کا! باسی دڵی خۆتم بۆ بکە! باسی خورپەی دڵت بکە کاتێ دەستت بە دەستی دەکەوێ. باسی جوانی وێم بۆ بکە نەک باسی تۆپو خومپارە. من بە لامەوە گرنگ نییە باوکی چی کردووەو دایکی چ کەسە؟ ئەفەندی!

لێرەدا (سەعید) گەرم داهات. دەستی پێکرد، گێڕایەوە چۆن کە لە (موش) هاتەوە، (پەریخان)ی لە حەوشەی ماڵەوە بینیو چۆن (پەریخان) بۆ خۆی کونجێکی لە دڵی داگیر کردو وردە وردە تێیدا چەسپا. ئەم چی بەو گوتو ئەو چی بەم گوتو چۆن زات ناکا هیچی پێ بڵێ. ئێوارەکانی وەکوو گندۆرەیەکیان لێ هات کرابێتە دوو کەرت: کەرتێکی لە حوجرە، لە حزوور کۆڕی شێخەکەی بوو و کەرتەکەی تر لەگەڵ (خالیس)ی هاوڕێی، لە بن دارهەنجیرەکە بوو.

***

ئەگەر ئێستا کووزە گندۆرەیەکم هەبوایە، تێنوێتی خۆم پێ دەشکاند.
شێخ ئەو خۆزگەیەی دەربڕی‌و هەر زوو گەڕایەوە ئاقاری خەیاڵی بۆ ئەوەی بیرەوەریی زیاتر بچنێ.
شێخەکەی هەندێ جار لاقردی لەگەڵ فەقێ (رۆستەم مەلازگردی)ی هاوڕێی دەکرد. جارێکیان پێیگوت:
-شت هەیە لەم هەرێمانە لە گندۆرەی دیاربەکر مەزنتر بێ؟
(رۆستەم) لە مەندەهۆشییان دەمی بەش بووەوە، ئینجا چەند جارێک لەسەر یەک، چاوەکانی نوقاندو کردییەوە، بایەخێکی زۆری بە بابەتەکە داو بە شادی گوتی:
- کوندڕ. ئەو کوندوڕەی تا کۆتایی پایز لە ناو بیستان دەمێنێ.
شێخ پێکەنی. سیواکێکی لە شانی دا، ئینجا پێیگوت:
-نا، بە خودا نەتزانی! سەری تۆ لەو کوندڕە گەورەترە بەڵام بۆشە!
(رۆستەم) نەزان‌و لامل‌و لە هەمان کاتدا، چەتوون بوو. یەکێ بوو لە مریدەکانی شێخ (عەبدولای نەهری)، ئەمەی بەلاوە لە زانست‌و زانیاری گرنگتر بوو. هەموو فەقێکان سەر بە رێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی بوون بەڵام (رۆستەم) زێدەڕەوی دەکرد، خۆی بە شاهی نەقشبەند دەزانی.
-فەقێینە تەنیا پەیڕەوکردن بەس نییە. پێوانەیش پێویستە.
- (سولتان عەبدولعەزیز) پێشەواو خەلیفەی موسلمانانە. ئەوەی لە رووی بوەستێ، یان دەست لەناو دەستی دوژمنی بنێ، بە پێی شەریعەت کافرە. جەنابی شێخ، ئەمە لەگۆر پێوەر وانییە؟ سەیدا، بنەماکانی شەریعەت روون و ئاشکران..
شێخ، تەسبیحە ئەرزەرۆمییە رەشەکەی لەناو لەپی خڕ کردەوەو رایگوشی، لەزگ بوو هەر سەد دانەی بە دەستاڕی تووڕەیی بهاڕێ. فەقێکان گوتیان ئێستا تەسبیحەکە بە چروچاوی (رۆستەم) دادەدا. بەڵام شێخ رقی خۆی خواردەوەو گوتی:
-(رۆستەم)، تۆ ئاخرشەڕی!

لەو بەهارەدا، گەنگەشە گەرم بوو. فەقێکان، هەموو شەوێ، کۆدەبوونەوەو بە گرۆڤو مەنتیق (رۆستەم)یان ئابلووقە دەدا، بە تایبەتی (خالیسی بدلیسی) کە تیزی پێ دەکردو دەیگوت:

-(رستۆ )، هەندێ تووتنی نایابم هەیە، نایکڕی؟ تەرسی حەزرەتی پاشایە. ئەگەر بیکێشی، بەبێ حیساب دەچیتە بەهەشت.

هەندێ جار، (خالیس)، بێ ئەوەی (رۆستەم) پێ بزانێ، بە ئەنقەس سەری سیواکی (رۆستەم)ی لە ناو تووتن رادەکردو دەیخستەوە گیرفانی. کە (رۆستەم) سیواکی دەکردو تامی تووتنی دەکەوتە زار ئەوەندە لە خۆی هەڵدەدا، ئینجا هەر رایدەکرد بۆ مەسینەکانی دەوری بیری مزگەوت، ئاوی لە دەمی وەردەکردو هاواری دەکرد:

-سوێندم بە سەری شێخ دەزانم ئەمە ئیشی کێیە؟ ئیشی ئەو ئیبلیسە رووتەڵەیە، ئیشی (خالیس)ە!

(خالیس) بە پێکەنین وەڵامی دەدایەوە:

-بەخوا، (رستۆ) ئەگەر ژەهری سلێمانیم هەبوایە، لە باتی تووتن بۆم تێدەکردی.

هەندێ جار، (خالیس) پێڵاوی لە پێ دەکردەوەو پێڵاوێکی لە پاتکی (رۆستەم) دەداو دەیگوت:

-هێ رۆستەم!، جیهاد بە پێڵاویش ناکری؟!

(رۆستەم)، (موش)ی لێ وەتەگ هات. بەینی لەگەڵ هەموویان خراپ بوو: لەگەڵ فەقێ هاوڕێکانیو لەگەڵ شێخیش. وای لێهات بۆ خەوتن دەچووە مزگەوتی (عەلائەدین)و جاروباریش، دەچووە مزگەوتی گەورە. تا دڵنیا دەبوو (خالیس) خەوتووە، لەوێ دەبوو، ئینجا دەهاتەوە. بڕێ جار، (خالیس) لە خەودا خۆی دەگەیاندێو دومانی قەلوونی لە دفنکەکان دەکرد. (رۆستەم) چاری ناچار بوو خوێندنی تەرک کردو شەوێکی رەشی وەک کل، بە روویەکی گرژ بەگەڵ کاروانێک کەوت دەچووە (بایەزید).

***

شێخ له بن سێداره، گوتی:
-ئەم شەوەی منیش کله.
چاوەکانی تووشی خورشتێکی سەخت هاتن.
گەنج بوو، بەهارێک، چاوەکانی تووشی وەردێنە هات، (پەریخان) چەند جارێک کلی له چاوی کرد. (پەریخان) بەردی ئیسمەدی دەکڕی که بازرگان له قەدپاڵی چیای (سوبحان) دەیان هێنا. یەکەم جار، لەسەر ئاگری دارگوێزی دادەنا تا وەکو پەنگرێکی گەشی لێدەهات، دەتەقیو دەبوو به پارچەی بچووک بچووکو بێرەو بەوێدا بڵاو دەبووەوە. پارچە پەرتو بڵاوەکانی کۆدەکردەوەو ماوەی چل رۆژ، لەگەڵ قاوەی عەرەبی، له ناو ئاوی دەناو هەندێ جار، له باتی قاوەی عەرەبی، گەلای خەنەی بەکار دەهێنا. ئینجا ئەو کله تەڕەی له بەر ئاگری داربادەم دادەنا تا وشک دەبووەوە. ئەوجا له ناو هاونێکی سفری دەکردو دەیکوتا. کله کوتراوەکەی به دەسرۆکێکی کتانی سپی دەبێژت..
زرنگەی هاون کچه دراوسێکانی رادەکێشا بۆ ماڵی (شێخ مەحموود). کلدانی خۆیان دەهێناو لەبەر دەستی (پەریخان)یان دادەنا، ئەویش یەکەو قیچه کلی بۆ تێدەکردنو دەیگوت:
-ئاگادار بن. لەچاو کردنی کلی زۆر ، چاو کوێر دەکا.
(پەریخان)، له (ئەرزەرۆم) فێری کل دروست کردن بوو. زۆر دوکانداری شار کلەکەی ئەمیان له جێگایەکی تایبەتی دادەناو له جۆرە کلەکانی دیکە گرانتریان دەدا.
(پەریخان)، دوای ئەوەی کلەکەی دروست دەکرد. رانه عەلیشیشێکی تازه سەربڕاوی دەهێنا. پێستەکەی لەسەر دادەکەلاند، وشکی دەکردەوە، تەڕاتی هەر دەما، کلی لەو پێستەیه دەکرد که پێیدەگوترێ (بەروشک)و وەکو پرێسکەیەکی بچووک دەیبەست. که کلدان کلی تێدا نەدەما. زارکی (بەروشک)ی دەکردەوە که به داوێک دەبەسراو هەندێ کلی وەک شەوی له ناو کلدان دەکرد.

(دایکی سەعید) هەڵیکیان لێپرسی:
-(پەریخان)، تۆ لە کێ فێری دروست کردنی کل بووی؟
- لە چاوەکانی باوکم کە بە کلی بینینی چاوی من نەڕژان.
بەهارێک، کە (سەعید) هێشتا لە (موش) فەقێ بوو، چاوەکانی تووشی وەردێنە هاتن. نەیدەتوانی کتێب بخوێنێتەوە. چاوەکانی سوور ببوون، زۆر دەخوران. (خالیس)، هەر جارەی بەم حاڵەوە، دەیبینی، شیعرێکی بۆ دەخوێندەوە.
(سەعید) چاوی هەڵدەپشاوت و وەڵامی دەدایەوە:
-بریا ئێستا لە (پالو) بوومایە. چاوم بە (پەریخان) بکەوتایە، چا دەبوومەوە.
بەیانییەک، لە خەو رابوو، وەکو هەموو جارێ کە لە خەو رادەبوو، دەسەسڕە سەوزەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی بۆنی بکا. کە دەسەسڕەکەی پان کردەوە، دیتی هەندێ کل وەکو دێڕێکی نووسین لەسەر دەسەسڕەکە درێژ بۆتەوە.

***

ریزی سێدارەکان وەکو دێرە نووسینێک بوو پەنجەکانی (ئەنقەرە) بە قەڵەمی لۆزان، لەسەر کاغەزی کوردی نووسیبوو.
ئەو دێرە تەنیا ریزە پیتێکی ئەلفی لەسەردراو بوون، تەنیا چرادانی کوژاوەی پاش نوێژی بەیانیانی مزگەوت بوون.
ئەوانە خاوەنی ئەو گەرووانە بوون کە پێش کەمێ هاواریان دەکرد. خاوەنی ئەو چاوانە بوون کە حەیف بە کلی ئازادی نەڕژان.
شێخ ئەو دێڕەی بە چاوی دڵ خوێندەوە. دڵی کە وەکو دەولکە ئاوێکی ناو دەستی تینوویەک دەگوشرا. فرمێسکی لە چاو قەتیس ما. شێخ خەمەکانی نیشتمانی بە ئەسرینی گەرمی نووسییەوە.
گریانی ئەو بەهارەی خۆی بیرکەوتەوە کە لە (موش) بوو.

لەسەر لێوی بیری مزگەوت وەستابوو. ئاوی لەو دەولکە دەخواردەوە کە تازە لە بنی بیرەکە هەڵیکێشابوو. بیری کەوتەوە هەندێ ئاوی لە رووی خۆی پرژاند بۆ ئەوەی ئازاری چاوەکانی کەمێ کەم بکاتەوە. وەستانی لای بیری حەوشەی ماڵی خۆیانی بیر کەوتەوە. وەستانی (پەریخان)ی لەسەر لێوی بیر، بیر کەوتەوە کە حەوجۆشی سفری بۆ پڕ دەکرد. ئەوسا پێکەنین‌و سەرنجە غەمبارەکان چاوی (پەریخان)ی بیر کەوتەوە. ئەو حەلە سینگی جۆشا. غەم وەک پەت لە ملی ئالا، دوو دڵۆپە فرمێسکی لە چاو هات کە لەبەر وەردێنە ژانی دەکرد.

(خالیس)ی برادەری بە بارودۆخی دەزانی. زۆر جار، لە شەقام‌و کۆڵان‌و ڕێگاکانی دڵی دەسووڕایەوە، لە دوای هەقایەتێکی خۆشەویستی دەگەڕا تەم‌و مژو مۆران لوولی دابوو. ئەو برادەرەی جگەرەیەکی دەپێچاو پێشکێشی دەکردو دەیگوت:

-بکێشە، (سەعید)، بکێشە! ئەمە ڕێک وەکو تفەنگ وایە. سوێندم بە گۆڕی (شەرەفخان)! گوللەی تفەنگ چۆن پیاو دەکوژێ، هەر قومێکی ئەم جگەرەیەیش ئاوها غەم دەکوژێ.

کادووی چڕی سەر رووی زەردهەڵگەڕاوی، ئازاری چاوی زیاتر دەکردو فرمێسکی لە چاو دەهێنا. جارێکیان، (خالیس) لێیپرسی:

-ئەگەر بارودۆخت وا بڕوا، زۆر خراپە. تۆ رۆژ بە رۆژ، دەبنسێی‌و دادەهێزرێی. ژانی چاو بە جێی خۆی، بەڵام ئەو لەڕو لاچارییەت هەرگیز نیشانەی خێر نییە. باریک بووی وەکو داوەموویەکت لێ هاتووە. برام، بڕۆوە (پالو). تەنیا ئەم چارەیەت هەیە!

کۆی بەهار بوو. گوڵ‌و دڵ‌و خەفەت بە یەکەوە کرانەوە. (سەعید) بەردەوام دیوانی (جزیری) پێ بوو، شیعرەکانی لەبەر روناکی چۆڵەچرادا دەخوێندەوە. (خالیس) پێیدەگوت: ئەمە قورئانی ئاشقانە. ئەوەندەی بۆی بکرایە دەیخوێندەوە.

دوای ئەوە دەیگوت:

(سەعید)، برۆ! هەرە کابرا، داوای قەرزی خۆت لە (پەریخان) بکە. ئەگەر من بم لە جێی تۆ، لە خۆشەویستەکەم دوور ناکەومەوە. ئایا دەزانی: ئەگەر لەبەرچاوی دوور بی، لە دڵیشی دوور دەبی! (ئەدی ناڵێن: (ئەوەی لەبەر چاوانە، لەبەر دڵانە!)
(سەعید) قەوەی نەبوو لەوە زیاتر سەبر لەسەر دوورکەوتنەوە بگرێ. بە بیانووی نەساغی، داوای روخسەتی لە مامۆستاکەی کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ.

***

ملی ڕێگای گرت. ئەو ڕێگایە پار زستانێ، یەک پارچە شەختە بوو، پاشان بوو بە یەک پارچە بەهەشت. (سەعید) بە دەم رووباری مرادداا ڕۆیشت. هەردووکیان دەڕۆیشتنو خۆشەویستییان لە دڵدا دەجۆشا.
(سەعید) بۆ ئەوەی بچێتە کەناری دەستەچەپی رووبارەکە، بەلای (داراهینی)و (سالوخان)دا پێچی کردەوە تا لە پردی (عەبدوڕەحمان پاشا) بپەڕێتەوە. ماوەیەک ڕۆیشت، گەیشتە کن پردەکە. ڕۆجیار هێلەگێک بوو ئاردی زێڕینی بەسەر هەردوو کەناری رووبارەکەدا دەبێژت. دوندی چیای (شەرەفدین)، لە دوورەوە، وەکو سەرو مەندیلی فەقێیەک بوو، لە زێڕ هەڵکێشرابێ.
ئاسۆ، لای (پالو) وەک چاوەکانی (پەریخان) روونو ساف بوو. تەنیا پەلە هەورێکی بچووک ئاسۆی روونی لێڵ کردبوو، (با) لوێرێ لە بیری کردبوو.
ئەو سپێدەیە وەک خۆشەویستیی خۆی سافو ناسک و گەش بوو.
(سەعید)، کە گەیشتە پردەکە لە ئەسپ دابەزی. ویستی کەمێ گوێ لە هاژەی رووبار بگرێ کە بەهار بە دەنگی هێنا بوو. ویستی نەختێ ئاویش بخواتەوە. کە لە (موش) دەرچوو، ئاوی نەخواردەوە. لە هیکرا گوێی لە دەنگێکی ئاشنا بوو:
(سەعید)، (سەعیید!)

کەس نەبوو. تەماشای خوار پردەکەو ناو درەختەکانی ئەولای کرد. ئاوڕێکی کشتی لە چواردەوری خۆی دایەوە، کەسێ نەبینی. ترس عەبای شینی لە دڵی (سەعید) لوول. (سەعید) لغاوی ئەسپەکەی گرتو کەوتەوە رێ. چەند هەنگاوێک رۆیشت، جارێکی دی گوێی لە هەمان دەنگ بوو، گازی کرد:

-(سەعید)، نەکەی جارێکی تر بەسەر ئەم پردەدا برۆی! فەوتانت لە پەڕینەوەی سەر ئەو پردەدایە.

-دانە گوێزێک لەبەر پێی چل بووەوە.

(سەعید)، هێشتا عەبای ترس لوولی دابوو، چەند ئایەتێکی قورئانی خوێند. چەند جارێک، بەسەر شانی چەپەدا تفی کرد، ئینجا سواری ئەسپەکەی بوو. بە خێرایی ئەسپەکەی لنگ داو گوێی بە هیچ نەدا.

***

ئەسپی تاریکیی، بەرەو کۆتایی شەو رایدەکرد، پەنجەکانی خەیاڵی شێخی تینوو، سەرقاڵ بوو سالانی تەمەنی، بە دەرزی ترسو داوی ئازار، دەدووری.

ئەو شەوە، ساڵەکانی وەکو دەمەمقەس لەبەر چاو کەڵەکە بوو. شێخ لێکی دوورین. کردی بە دەسەسرێکی سەوزی وەک بەهار، خۆرێکی لە ناوەڕاست بوو، وەکو خۆری ئەو سپێدەیەی پێش پەنجا ساڵ وابوو کە بە سواری ئەسپ لە پردی (عەبدورەحمان پاشا) پەڕییەوە.

شێخ ترسا خەیاڵ بۆ کێشانی وێنەی ئەو دەسەسرە، بە هانایەوە نەیەت. بەسەر چەند ساڵێکدا قەڵەمبازی هاویشتو بیری لێ نەکردنەوە. هێشووی زەمانی لە خەیاڵی خۆیدا دەگوشیو دەیخواردەوە، تینوێتی نەدەشکا. تینووتر دەبوو.

رووی تەڕو پڕی بەهارانەی (پەریخان) وەکوو نمنمۆک لە دەوری قولفانگەی سێدارەکە دەرکەوت. ئەو نمنمۆکە وەک دەرزییەکی رووناک

له خەیاڵی شێخدا دەخولایەوە کە سەرقاڵی دروونی ساڵانی تەمەنی بوو.
بەهاری ئەو ساڵە، (سەعید)، لە (پالو)، وەردێنەی چاوەکانی بە سەیرکردنی باڵای (پەریخان) تیمار دەکرد. ئەو باڵایەی بۆ ببوو بە کلدانی چاوانی. هێلوونێکی لە شینایی چاوەکانی بۆ قەتێی دڵی چێ کردبوو، ڕۆحی خۆی لە توونی خۆشەویستی بێدەنگیدا دەشووشت.
(پەریخان)ی پسپۆری دروست کردنی کل، (بەروشک)ی بە دیوارەوە کردبوو، هەموو ئێواران دەیهێنا کەمێ کلی لە کلدانی زیوین دەکرد. ئینجا کلچووکی لەناو رادەکردو چاوەکانی (سەعید)ی لاوی پێ دەڕشت.
هێمانی (پەریخان) هەڵدەستا، (سەعید) گوێی لە زایەلەی شنەیەکی فردەوسی دەبوو لە فستانی دەوەزا. (سەعید) لە پشتەوە تەماشای دەکرد، سەیری دوو کەزی زێڕینی دەکرد لەسەر پشتی سەمایان دەکرد، دڵی لەگەڵ جووت کەزییەکەدا، لە ناو جۆلانەیەکی حەریردا، دەکەوتە سەما.
جاروبار، (سەعید) دەستی (پەریخان)ی دەگرتو بە نەرمی پێییدەگوت:
-(پەریخان)، وەردێنە لە ڕۆحِمدایە، نەک لە چاوم.
(پەریخان) وەکو کۆترێکی سپی دەستی لە ناو فاقی دەستەکانی (سەعید) دەکێشایەوەو دەیگوت:
-یا شێێێێخ، ناترسی بنبینن؟!
(سەعید)ی لاو، لە دوای بیانووی جۆراو جۆر دەگەڕا، بۆ ئەوەی چاوی بە (پەریخان)ی خۆشەویستی بکەوێ. چەند جارێک دەچووە حەرەمسەرا گوایە، بۆ نموونە، لە مسواکەکەی دەگەڕێ، یان کڵاوی ونبووە. تا جارێکیان، یەکێ لە کارەکەرەکان پەلارێکی لێدا پێیگوت:
-گەورەم! ڕۆژێ دێ پرسیاری ئەسپەکەیشت دەکەی!
بە چەند ڕۆژێک چاوەکانی چابوونەوە. بەڵام ئەدی دڵی؟ ڕۆژ بە ڕۆژ، ئازاری دڵی زیاتر دەبوو. ئیتر نەیدەتوانی بیشارێتەوە.

هەموو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ (پەریخان) کورت بوون. هەر هێندە بە تەنیا دەبوون‌و دوو قسەی بۆ دەکرد، گوێی لە دەنگێ دەبوو، دەیچڕی (پەریخاااااان)، زوو وەرە!

(پەریخان) بە دەم چڕینەکەوە دەچوو، (سەعید)ی لەناو ئاگری دڵی جێ دەهێشت.

ئێوارەیەکیان، لە چاوپێکەوتنێکدا؟، گوێیان لە دەنگێک بوو گازی (پەریخان)ی کرد. (سەعید) دەستی (پەریخان)ی گرت‌و بە دوو چاوی پڕ پاڕانەوە تەماشای کرد. (سەعید) بە چاوە شینەکانی (پەریخان) مەست و سەرخۆش بوو. گەرداوێکی شێتی لە ناخ هەستا، شەپۆلی هارو هاجی وڕووژاندو کەشتی ئاوەزی وەرگێڕا.

چاوەکانی بریسکانەوەو خێرا باوەشی بەو باڵایەدا کرد کە وەک ئەلف وابوو. تا هێزی لە سییەکاندا بوو، بۆنی کرد، ماچی کرد. سەری لەناو بەفری سینگی ناو وەک گوناهبارێ تەوافی کەعبە بکا، دەستی بە گریان کرد.

-خۆشم دەوێی.

بە دەم رۆندک سڕینەوە وای پێگوت.

(پەریخان) تووشی نشکێڤەو پەشۆکان هات. نەیزانی چ بکا. سەری (سەعید)ی لەسەر سینگی خۆی دوور خستەوەو ماچێکی لە تەوێلی کرد.

ئێنجا بە دەنگێکی باریکی وەک خشەخشی پەلکە گوڵی بەیانی، گوتی:

-منیش تۆم خۆش دەوێ!

ڤێجا بە خێرایی‌و بە ترسەوە خۆی لە باوەشی دەرهێناو رۆیشت.

***

ئەو پەتەی لەبەردەمی شۆڕببووەوە، لە زگ بوو بکەوێتە ناو باوەشی. ئەویان باڵایەک بوو لە ئەلفی دەکرد، ئەمەیش پەتێکە لە ئەلف دەچێ. کوندەی خەیاڵی لە نێوان ئەو ئەلف‌و ئەم ئەلفەدا دەلەرایەوە؟. جارێکی دیکە، فرمێسکی لە چاو قەتیس ما. جارێکی تر، ئەو چاوانە فرمێسکیان

تێدا قەتیس ما کە (پەریخان)، ئەو بەهارە، گاوێ بە کڵو جارەهای جار، بە باڵاو بزەی شیرینی بەهەشتی خۆی، تیماری کردن. ئێستا چاوەکانی شێخ تەنیا پەتێکیان دەبینی بە سێدارەی بەردەمیدا شۆڕ ببووەوە،
لە ئەلفی باڵای (پەریخان)ەوە، تا ئەلفی سێدارە، یەک تەمەن ساڵ وەکو رووباری مراد دەڕۆیشت. بە ناو شیوو دۆڵو بە کەندو لەندەکاندا دەڕۆیشتو خەیاڵی تینووی ئاو دەدا.
ئەو ئەستێرەیە بزر بوو، کە پێش کەمێ، لە ناو قولفانگەی پەتەکە دیار بوو. ئەستێرە سپییەکەیشی لە ناو سپییاتی رێگای کاکێشاندا لێ بزر بوو و هیچ دەوسی نەما. شێخ، لە تاریکایی ئەو شەوەدا، رووی بەهارانەی (پەریخان)ی وەک ئەستێرەیەکی جریوەدار لێدەرکەوت. شێخ گرنژی. ئەو دوو سەربازەی توند شانیان گرتبوو تەماشای بزەکەیان کرد کە وەکو مێرگ بەسەر روویدا بڵاو بووەوە. ئینجا خۆیان ئامادە کرد بیبەنە سەر کورسی سێدارە.
بەش بە حاڵی شێخیش، پرسیارەکەی لە زەینی خۆیدا، هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد. ویستی پرسیارەکەی لەم وەستانەی بەردەم سێدارەدا بوەشێتەوە. ویستی پرسیارەکەی پرسیاری سۆفییەکی دەروون پاک بێ کە هیچ پەردەی لە نێوان خۆیو خودای خۆی نەهێشتبێ.. ویستی روو بە روو، لەبەردەم خودادا بوەستێو بەر لە رۆحی خۆی، پرسیارەکە فڕێ بداتە بەر پێی خودا.
بەڵام جارێکی تر، دەمی تێک ئاڵا. لە دڵی خۆیدا گوتی:
-هێشتا کاتی کلیل خستنە سەر قوفڵی ئاسمان نەهاتووە.

***

کە فەقێ بوو، باوکی پێیگوت:
-پرسیار کلیلی هەموو دەرگایەکی داخراوە.
هەمیشە پرسیاری دەکرد. پرسیاری لە شێخەکانی خۆی دەکرد، پرسیاری لە هاوڕێیانی خوێندنی دەکرد، پرسیاری لە باوکی دەکرد.

هەروەسا پرسیاری لە هاوڕێیانی شۆڕشی تینووشی دەکرد. پرسیارەکانی وەک تنتسک بەر هەڵدەدایە بن هەموو گوێیەک.

-تینوێتی پرسیارێکی دوورو درێژە وەڵامەکەی ئاوە.

(خدری بۆتی) هاوێنێکی بەزرەقان، لە بن دارهەنجیرەکەی مزگەوتی (موش)، وایگوت.

-ئەوەتا بە بێ وەڵام دەچمە حزوور خودای خۆم.

شێخ لە دڵی خۆیدا وای گوت و سەرنجێکی لە سێدارەکان دا کە لە تاریکی شەو، چەقاندرابوون.

لە سێدارەدراوەکان هاوڕێکانی خۆی بوون، پێش سەعاتێک وەک پوورەی هەنگ، ژوورەکانی زیندانیان لە گیزە گیزی گەروویان پڕ کردبوو. هەندێکیان پێدەکەنین. یەک بە یەکی دەگوت:

-با پێبکەنین! تا دەگەینە بەر سێدارەیش با هەر پێبکەنین. با پێبکەنین و ئەو خوێڕییانە توورە بکەین.

شێخ لە دڵی خۆیدا گوتی:

-بێ شک هەنکە ئەو گەروانە پەتیان لێ ئالاوە، بێ خش، نها هاوڕێ لە سێدارەدراوەکانم زمانیان لە دەم هاتۆتە دەرێ.

ملی زۆر دەخورا، ویستی دەست بۆ ملی ببا. ئەسرینی لە چاو تریسکایەوە. سوپاسی خوای کرد کە کاتەکەی شەوەو دوو سەربازەکە رۆندکیان نەبینی..

دەسەسڕی سەوزی (پەریخان)ی بیر کەوتەوە کە رۆجیارێکی حەفتێ تیشکی لە ناوەڕاست بوو. هەستی کرد دڵی هەنجیرێکی گەییوەو لە کەدەکەی بەربۆتەوە.

شێخ، بەڵێنی بە (پەریخان) دابوو ئەو دەسەسڕە تەنیا بۆ سڕینەوەی فرمێسکی بەکار بێنێو هیچی تر. (پەریخان) کە گوێی لەم بەڵێنە بوو، دەستی پان کردەوەو بۆ ئاسمانی هەڵبڕیو پاڕایەوە، گوتی: :

-خودایە، تا ماوی قەت ئەو چاوە جوانانەت فرمێسکیان لێ نەیە!!

بەڵام چاوە جوانەکانی ڕۆندکیان لێ هات. دڵی شەقی برد چونکە نەیتوانی فرمێسکی بەو دەسەسڕە بسڕێتەوە کە سی (٣٠)ساڵ لە بەرکێک لە بەرکەکانی چاکەتی، لەسەر دڵی خورپەداری هەڵیگرتبوو..

کە دەستگیریان کردو هێنایانە بەندیخانەی (دیاربەکر)، ئەو دەسەسڕە یەکێ بوو لەو شتانەی دەستیان بەسەر داگرت.

ئەو دەسەسڕە بە سەوزیی لە پارچەیەکی بەهاری سەرحەدانو دوو کەنارەکەی ڕووباری مرادی دەکرد، وەکوو نهێنییەک لە گیرفانی شێخ بوو، ماوەی پەنجا ساڵ گوێی لە خورپەی دڵی گرت. جێ پەنجەی خەناوی (پەریخان) وەک هەوری شەفەق بەسەر خۆری ناوەڕاستییەوە مابوو.

ئەو دەسەسڕە یەک باهۆز پرسیاری لای مریدەکان دەوروژاند. هەندێ دەیانگوت:

–بێ شک، ئەم دەسەسڕە پارچەیەکە لە قوماشی سەر گۆڕی پێغەمبەر بۆیە شێخ لێناگەڕێ کەس دەستی لێ بدا.

لە ڕۆژانی خوێندندا، (خالیسی) زۆر جار دەسەسڕەکەی لە گیرفانی دەڕفاندو ڕایدەکرد بۆ گۆشەیەکی مزگەوتو بە دەنگی بەرز ئەم سروودەی دەخوێندەوە:

خۆشەویستم دەسەسڕێکی دامێ!
دەسەسڕێک!
دە پیرۆزباییم لێ بکەن!
پیرۆزباییکم لێ بکەن!
دەسەسڕی گراوییەکەم سەوزە!
بەڵێ سەوزە!
بۆنی گوڵو مسکی لێ دێ!
گوڵو مسک!

(سەعید)ی لاو تا ماوەیەک پاڕانەوەو ناورانەوەی دووررودرێژ ئینجا دەسەسرەکەی وەردەگرتەوەو دەکەوتە سەری، ماچی دەکردو دەقی دەکردو لەسەر دڵی خورپەداری، لە گیرفانی خۆی دەنایەوە.

***

دڵی، کە دەسەسرەکەی (پەریخان)، پەنجا ساڵ بوو گوێی لە ئاوازەکانی دەگرت، دەندەکانی دەکوتا و دەیەویست بێتە دەرەوە. خەریک بوو دەنگی خورپەی دڵی بەسەر هاژەی شەپۆلی بیرەوەریدا زال دەبوو، بیرەوەریی گەنجێتیو بگرە سەرەتای شێخایەتیو بەری هەموو ئەمەیش، ساڵانی خۆشەویستییەکی شەهید.
شیبایەکی ناسک هاتو پەتەکەی هەژاندەوە، پەلکی (پەریخان)ی بیر کەوتەوە کە وەکوو جۆگاوێکی زێڕ لەسەر شانی دەهەژا. ئەو کەزییە لەبەر رۆیشتنی خێرای، لە ژێر دەسرۆکی دەخزییە دەرێو بە لای راستەو چەپەدا دەهەژایەوە وەک ئەو پەتەی لەو ساتە درەنگەی شەودا، لە ژێر دەسرۆکی شەوی رەشی (دیاربەکر)دا، خزابووە دەرێ.
شێخ، کاتێ (پەریخان) وەک مامز لە دەشتی خەیاڵیدا قەلەمبازی دەداو دەلەوەڕا، کە فەقێ بوو لە (موش) پەنای بۆ دیوانی (جزیری) دەبردو لەگەڵ (خالیس)ی برادەری تا بەیانی دەیخوێندەوەو دیواری مزگەوتی لەگەڵ دەهەژاند.
(خالیس) کە دەگەیشتە دێرێکی جوانی دیوانەکە، هاواری دەکرد:
-هاوڕێ، ئەمەیە عیشقی راستەقینە.
هەندێ جاریش، (سەعید) دیوانی (حافزی) دەگرتە باوەشو ئەم دێرەی بە ئاواز دەخوێندەوە:
ئەشقو هەدار تا کەنگی حافیز؟
ناڵەی ئاشقان شیرینە، با گوێمان لە نالینت بێ.
ئەوسا قومریی دڵی لەسەر چلی فیراق دەیگماند.

کاتێ (ڕۆستەمی مەلازگردی) دەیدی چۆن (خالیس)و (سەعید)ی هاوڕێی ملیان لە شەپۆلی خۆشەویستی ناوە، ئەویش وەکو ئەوان شۆڕ دەبووەوە ناو ئەو شەپۆلانەو دەیگوت:

-سوێندم بە سەری (شێخ عوبێدولا)، (سەعید) حەز لە کچی مامۆستای دەکا!

(خالیس) وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵام بە دەنگی گڕو گەورەی خۆی دێڕێکی لە دیوانی (جزیری) دەخوێندەوە.

ئێوارەیەک، شێخەکەی لەبەر روناکی قندیلۆکەیەک دانیشتبوو بە ساپیتەی مزگەوتدا شۆڕ ببووەوە سەر میحراب، گوتی:

-خۆشەویستی تێنوێتییەو تێنوێتیی خۆشەویستی ناشبێتە تێنوێتی بۆ ئاو. خواردنەوەی ئاوی خۆشەویستی پیاو تینووتر دەکا. ئاشقی راستەقینە تا زیاتر لە کانیاوی عیشق بخواتەوە، زیاتر تینوو دەبێ.

جارێکیان، شێخ، لە پرسیارەکانی (سەعید)ی شاگردی زانی (سەعید) کەوتۆتە داوی خۆشەویستی. دەستی گرتو لای کوڵەگەیەکی مزگەوت، لە تەنیشت خۆی داناو بە زەردەخەنە دێڕێکی (جزیری) بۆ خوێندەوە:

-رۆڵە، عیشق جۆرە ئاگرێکە. دڵ رووناک دەکاتەوەو دەشیسووتێنێ. دڵێک نەبێ بە قندیلۆکەو رووناکی بدا، ئێنجا بە نووری عیشق نەسووتێ، هەر لە بنی تامی عیشقی نەکردووە. ئەو دڵەی نەبێ بە تەندووری داگیرساو شایەنی ئەوە نییە لە ناو پەراسووی مرۆڤ بمێنێ. عیشق مردنەو عیشق ژیانیشە!

ئێنجا شێخ باسی سۆفییەکی بەناوبانگی بۆ کرد. رۆژێ، لە یەکێ لە مزگەوتەکانی (بەغدا)، باسی عیشقی دەکرد. خەڵک چاویان نوقاندبوو و سەریان دانەواندبوو و گوێیان راگرتبوو. سۆفییەکە گەرم ببوو، لایەنی ئاگرینی عیشقی روون دەکردەوە. لەپڕ، چۆڵەچراکانی مزگەوت تەقینو بوون بە تۆزو بەسەر سەری دانیشتوانە سەرکزۆڵەکاندا بەر بوونەوە. شێخ دەستی بۆ دڵی بردو بە (سەعید)ی گوت:

-رۆڵە، دیتت!؟ عیشق چرای ساپیتە بەردەداتەوە، چرای ناو سینگ، چ گلەیی لێدەکرێ؟

(سەعید)ی ئاشق حەزی دەکرد رایەخی دڵی لەبەردەم مامۆستاکەی پان بکاتەوەو پێی بڵێ: (من هەردوو رووی ئەشقم دیوەو چزووی ئاگری گەیشتۆتە سەر ئێسقانو دڵ لە نووری نقووم بووەو چرای دڵ، لەسەر تەقینە.) بەڵام زمانی نەگەڕا دانی پێدا بنێ. زمانی کەوتبووە ناو قوڵفانگەی پەتی حەیا. لای مامۆستا هەستا، تینوێتی سارای لە دەمدا بوو.

***

(شێخ سەعید) ئەو شەوە، بەو تینوێتییە لەبەردەم پەتی سێدارەدا وەستا کە چاوەڕێی ملی دەکرد. تینوێتی، کانیی لە خەیاڵی هەڵقوڵاندن. چانو جۆگا دەربوون. ئینجا بیری ناوەڕاستی حەوشەی ماڵەکەیانی کەوتەوە بیر. بە بیری هاتەوە، هەرکاتێ (پەریخان)ی لە سەر بیر دەبینی، هەررایدەکرد مەسینەکەی دەبردو پێیدەگوت: (پەریخان)، تینووم! دوو چاوەکانی پەریخان کە وەکوو دوو گۆل وابوون، رۆحیان تینووتر دەکرد. پەریخان ئاوی لە بیر هەڵدێنجاو ئاوی دەولکی لەناو مەسینەکەی دەکرد، پڕی دەکردو بە زەردەخەنە دەیگوت:

-مرۆ بەرامبەر تینوێتی دڵ هیچی بۆ ناکرێ!.

- چاوەکانت، (پەریخان)، چاوەکانت!!

-یا شێێێێخ!

بێ وەی (پەریخان) پێ بزانێ، مەسینەکە پڕ دەبوو. ئاوی لەسەر دەڕژاو بە دەورەیدا دەهاتە خوارێ، ئاوێکی روونو زولال وەکو خۆشەویستی بەینیان، وەکوو رووی (پەریخان)!

ئەو ساڵە، (سەعید)و (پەریخان) بوون بە دوو دزی کات. یەک خوڵەکیان نەدەچواند. هەر جارەی (پەریخان) دەچووە لای بیر، یان دەچووە لای دارهەنجیرو هەنارو توو بۆ ئەوەی بنیان بماڵێ. (سەعید) لە پاژێر سەری

هەڵدەکێشا، ئینجا دەچووە دەرێ بۆ حەوشە تا لە (پەریخان) نزیک بێو تەندووری دڵی بە گڕی خۆشەویستی وێ دابگیرسێنێ.
ناچاربوون چاوپێکەوتنەکانیان کەم بکەنەوەو تەنیا بە خێرایی‌و سەرەڕۆیی یەکتر ببینن بۆ ئەوەی سەرنجی کارەکەرەکان نەڕووژێنن‌و خەڵک قسەی پێوە نەکەن..
ئەو هاوینە، (سەعید)، دڵی بە تینوویی مایەوە.
تەندووری خۆشەویستییەکی توندی لە دڵ داگیرسا، باج‌و هەستەی جوانیی لە چاوەکانی (پەریخان) وەردەگرت. لە هەمان کاتدا، لەشکری عوسمانلی‌و رووسی خەریکی داگیرساندنی توونی جەنگێکی تازە بوون.
بەوای ئەو جەنگەوە، خەڵک حاڵیان پەرێشان بوو. باجگرو هەستەستێن لەگەڵ جەندرمان بە هەموو گوندو قەزاز ناحییەکاندا دەسووڕانەوەو بە ناوی یاسا، باج‌و هەستەیان کۆدەکردەوە. دەستیان بە سەر مێگەلە مەڕ دادەگرت‌و زێڕو خشلی ژنان‌و ماڵی خەڵکیان تالان دەکرد. حوکوومەت هۆزە کۆچەرەکانی ناچار کرد ئاکنجی بن بۆ ئەوەی باجی شارنشینانیان بەسەردا بسەپێنێ.
خەڵک، تەنانەت دوو ساڵ پێش ڕوودانی جەنگ، بۆنی جەنگیان دەکرد. بە دڵنیاییەوە دەیانزانی، دەروازەی باڵا خۆی بۆ شەڕێکی گەورە ئامادە دەکا. چونکە حوکوومەت فەرمانبەرەکانی دەنارد بۆ ئەوەی باج لەو خەڵک بسەنن کە باجی سەردەمی ئاشتی شانی شەکەت کردبوون.
باج لەسەر هەموو شتێ هەبوو: ماسی، تووتن، خوێ، دار، بگرە گۆرەوی چەلین کە پیرەمێرد لە پێیان دەکرد. ئەو زولمەی دەسەلاتداران لە ڕێی باجگرییەوە دەیانکرد، لە قەوامدا نەبوو. خەڵک ماڵاتی خۆیان هەرزانفرۆش کرد: تەگە بە یەک قرۆش، بەرخ بە قرۆش‌و نیوێک. زۆر کەس بەرەو سنووری باکوورو ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد. ئەوانەی توانای ئەو کۆچەیان نەبوو، ڕوویان کردە چیاکان‌و خۆیان لە چاوی دەوڵەت شاردەوە. گوند چۆڵ بوون، زەوی بوونە بەیارو چەتەو ڕێگر زۆربوون، کاروان زۆر بە پارێزو بە وریایی دەڕۆیشتن.

دەوڵەت بە دادپەروەری، ستەمی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد. کەس نەما بەشی خۆی لەو زولمە بێ شۆیە بەرنەکەوێ: ئەرمەنو عارەبو کوردو چەرکەسو لازو ئەرنائووت. هەر یەکەیان لەم وڵاتەدا، وەکو ئەوانەی تر، بە ئاشکرا تالآن دەکرا.
مریدان، لەبەر دەرگای ماڵی (شێخ مەحموود)ی باوکی شێخ (سەعید)و لەبەر دەرگای ماڵی شێخەکانی دیکەی ڕێبازی نەقشبەندی ئاپۆرەیان دەدا. هەروەکوو خەڵک لەبەر دەرگای ماڵە عەیانو ئاغاکان دەیانکردە قەرەباڵغی. لە برسان چەمابوونەوە، هەتا هەندێ لەوانەی لای (قارس)و (ئەرزنجان)، منداڵەکانی خۆیان دەفرۆشت بۆ ئەوەی خەرج و ئەرکی ژیاندنیان لە کۆڵ بێتەوە.
بەڵام شێخ لەو شەوە ئەنگوستە چاوەدا، تەنیا گوێی لە زایەلەی گۆرانی خۆشەویستیی (پەریخان) دەبوو. لەو تاریکەدا، تەنیا خەندەی بەهەشتیی (پەریخان)ی دەدی. لە ناو زاری تینوو و لەبن زمانیدا، تەنیا هەستی بە تامی ماچە خێراکانی دەکرد.
رووی (پەریخان) ببوو بە تیفۆکێک، دەنووکی لە هەنجیری گەییوی خەیاڵی (سەعید) دەدا.
تینوێتیی نەختێ هێور بووەوە، بەڵام دەنگی هاوڕێ لە سێدارەدراوەکانی کە وەکو دەولک بە ریزە سێدارەیەکی چەقاو هەڵواسرابوونو لرخە لرخیان دەهات، تینووتری کرد.

***

ئەمە لە رۆژێکی هاوین بوو. هاوینان، تینوێتی دەبێ بە سولتانێکو فەرمانڕەوایی هەموو گەروویەک دەکا.
(سەعید)، تازە لە مزگەوت هاتبووەوە کە کۆڵانێکی دوورو درێژ لە کۆڵانەکانی شارۆچکەی (پالو) بە ماڵەوەی دەگەیاند. رێگاکە ئەوەندە دوور بوو مرۆی تینوو دەکرد. ئەو رۆژە، رۆجیار وەکو دوگمەیەکی زێڕ

بوو لەسەر کەوای ئاسمانی شین دەدرەوشایەوە. ئەوەندە گەرم بوو دەتگوت لە جێگای خۆی چەقیوەو نابزوێ.
هێمانی (سەعید) گەیشتەوە ماڵێ، رووی کردە بیر. کارەکەرەکان خواردنیان بۆ مریدان لێ دەنا، دەنگیان هەڵبڕی.
(پەریخان) هەستی بە هاتنەوەی کردو لە ترپەی پێی ناسی. (پەریخان) لە ترپەی پێڵاوی، یان لە دەنگی کەوای ئەتلەسی، یان تەنانەت لە سێبەری، کە بە پێش خۆی دەکەوت، دەیزانی ئەوە..
(پەریخان) وەکو مێخەک بە خەرامانی رۆیشت، پێشوازی کردو بە ناز گوتی:
-خێرە گەورەم!؟ دەمو چاوت وا تێکچووە!؟.
-پەری، تینووم. تینوووووووووووووووم!
بە دەنگێکی وشک وای پێگوتو رووی کردە بیر، چوو لەسەر لێوی وەستا.
(سەعید)، کەمێ بووژایەوە، ئەو پنجە پوونگو نەعنایانەی بەوای ئاوی رژاوی دەولکەوە روابوون، جۆرە تەڕایەتییەکیان بە دەوری بیرەکە دابوو. دەیتوانێ خۆی بە تەنیا ئاو لە بیر هەڵکێشێو تێر ئاوی زولال بخواتەوە، بەڵام بە تینوێتی وەستاو چاوەڕێی کرد. (سەعید) چاوەڕێی کرد (پەریخان) پەرداخێکی شووشەی بۆ بێنێ.
ئانیشکی بەسەر لێوی بیر داداو تەماشای وێنەی خۆی کرد لە ناو ئاو.
ئەم بیرە، یەکێ لە مریدەکانیان لێیدابوو، پازدە گەز قووڵ بوو، دیوارەکانی ناوەوەی بە قەوزەی سەوز داپۆشرابوو، دەتگوت بەڕێکە لە مەخمەڵ.
ئاوی مەندی بنی بیر، بەو قرچەی نیوەڕۆیە، وەکو ئاوێنەیەکی روون وابوو. (سەعید) تەنیا دەمو چاوی خۆی لەناو دەدی، بەڵام لە هیکڕا، دەمو چاوێکی دیکەی لە تەک دەمو چاوی خۆی بینی. (پەریخان) بوو.
(پەریخان) پرسی:
-گەورەم، ئەوە چاوت لە چ بڕیوە؟

- لە تۆ دەگەڕێم. (پەریخان)، لە تۆ دەگەڕێم!!
- بۆ پێت وایە من جنۆکەمو لە بنی بیر دەژیم؟!
نەختێ پێکەنی. کەمێ خۆڵ لە لێوی بیر بەربووەوە ناو بیرو ئاوەکە شلەقا، دەمو چاویان لەرزیو یەکیان گرت.
کاتێ (پەریخان) دەستی بۆ پەتەکە درێژ کرد تا دەولکەکە لە بیر هەڵکێشێ، ((سەعید)یش دەستی درێژ کردو دەستی (پەریخان)ی گرت. مامز لە چاوەکانی (پەریخان) کەوتنە سەماو باز لە چاوەکانی (سەعید) هەڵفرین، ماچێکی خێرای لە گۆنای (پەریخان) کرد. هەردووکیان، لەگەڵ ئەو ماچە خێرایەدا، ئاوڕیان لە دواوە دایەوە. کەس لە حەوشەی ماڵەوە نەبوو. (سەعید) چەند شەقاوێک کشایەوە دواوە، پشتی لە (پەریخان) کردو چوو پشتی بە دارهەنجیرەکە دا، لەوێ دانیشتو چاوی بڕییە باڵای (پەریخان).
سیرەی پەتەکە کە بە سەر گڕ گرەی قەناتی بیردا دا دەڕۆیشت، لە دەنگی قازی دەکرد لە گۆلێکی نزیک. (پەریخان)، هەرچەندە نیو گەز دەولکەکەی هەڵدەکێشا، ئاوڕی لە دواوە دەدایەوەو خەندەیەکی بۆ (سەعید)ی تینوو دەکرد. دوو پەلکەی لە بن دەسرۆک خزیبوونە دەرێ، لەبەر تیشکی خۆر دەبریسکانەوە. (سەعید) تێنوێتی هەر بە بیر نەما.
ئاخیری، دەولک لەناو بیر هاتە دەرێ. پڕ بوو لە ئاوی لەرزانو ئەو پشکە ئاوانەی لە کونە بچووکەکانی بنەوەی دەولکەکە دەڕژان دەتگوت دەنکە مروارین.
(پەریخان) دەولکی پڕی راکێشا بۆ باوەشی خۆیو هەوڵی دا پەرداخی سەر لێوی بیر پڕ بکا. دەولکەکە قورس بوو، نەیتوانی بەرزەفتی بکا. دایە پاڵ قەناتی بیرو نەختێ لاری کردەوە بۆ سەر پەرداخەکە.
(سەعید)، لەو ساتەدا (خدر بۆتی)و چۆنیەتی ئاوخواردنەوەی بیر کەوتەوە. دڵۆپە ئاوەکانی بیر کەوتەوە کە دەڕژانە سەر ریشی نیمچە تۆپی. تاسەکەی بیر کەوتەوە کە بە بنی کووپ دەکەوتو زرنگەی دەهات. وشەکانی وەکو وشەی سۆفیگەریی بوون.

خدر چەلێکیان گوتی:

-هیوادارم لەناو ئاو بمرم.

زستانێک، (سەعید)، (خدری بۆتی) بینی لە سەر رووباری مراد رچیبوو و فەراقی لەبەر برابوو.

دەنگی بەقەبەقی ئاوی دەولک لەو نیوەرۆ بەزرەقانەدا، تێکەڵ بە خشەخشی گەڵای هەنجیری هۆگر ببوو. لەنکاورا، (سەعید)، دیتی دەولکەکە لەبەر قورسی بەربووەوە ناو بیر. (پەریخان) دەستی چەپەی بۆ پەتەکە درێژ کرد تا لینەگەڕێ دەولکەکە بەربێتەوە. بەڵام دەولکەکە زۆری بۆ هێناو لەگەڵ خۆیدا رایکێشا خوارێ.

(سەعید)، وەک یەکێ شەپڵەی لێدابێ، تەماشای دیمەنەکەی کرد. بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەکرد. وای زەن برد، ئەوەی لەبەر چاوی روو دەدا مێردەزمەیە. هەموو شتێ بە خێرایی رووی دا. بەڵام قیژەی (پەریخان) هوشیاری کردەوەو بەرەو بیر رایکرد.

-(سەعیییییییییید)!

ئەم قیژەیە، بەم نیوەڕۆ دۆزەخییە، کەوری بێدەنگیی شەق کرد. دیوارەکانی دڵی (سەعید)ی شەق کرد. هەر ئەوەندەی زانی وا لەسەر لێوی بیر وەستاوەو بانگی (پەریخان) دەکا. (پەریخان)، دوای بەربوونەوە ناو بیر، دەنگێکی لێوە هات، ئەمە نیشانە بوو کە (پەریخان) هێشتا زیندووە. (سەعید) لە دەستی چوو. نەیدەزانی چ بکا. چووە سەر قەناتی بیرو بانگی کرد، داوای لە مریدەکان کرد فریای کەون. لە زگ بوو خۆی فڕێ بداتە ناو بیر.

کە مریدەکان بە دوو بانگییەوە هاتن، یەکێکیان بازووی گرتو تکای لێکرد گوتی:

-وەرە خوارێ، گەورەم، وەرە خوارێ!

***

# هەنگاوی سێیەم

(سێ هەنگاو دەتگەیەنێ بە خودا: هەنگاوی یەکەم واز لەم دونیایە دێنی، هەنگاوی دووەم واز لەو دونیا دێنێ و هەنگاوی سێیەم دەگەیت.)

(حەلاج)

-دەی سەرکەوە، ئەمە دوا هەنگاوتە!

دوو سەربازە تورکەکە بە یەک دەنگ فەرمانیان بە شێخ کرد. شێخ هەنگاوی سێیەمی نا کە دوو سەربازەکە ناویان نا دوا هەنگاو. پێی راستەی لەسەر کورسی بن پەتی سێدارە داناو گوتی: یا ئەللا!

دوو سەربازەکە زۆر توند بازووەکانیان راگوشی‌و بردیانە سەر کورسییەکە وەک ئەوەی تازە فەرمانیان پێ نەکردبێ سەرکەوێ. شێخ پێی چەپەی، کە لەبەر بەردەکەی ناو پێڵاوی دەیئێشا، لە تەنیشت پێی راستە دانا، دڵنیا بوو ئەمە دوا هەنگاوە لە ژیانی دەینێ

هەستی کرد قولفانگەی سێدارەی بە دەم‌و چاو کەوت. لە بۆنی ناخۆشی پەتەکە زانی چەند رۆژێک لە ناو چەوراتیدا بووە. ویستی رووی وەرگێڕێ، بەڵام زانی شتەکە ئەو ماندووبوونە ناهێنێ.

پەتی سێدارەو ئەو پەتەی بەر لە پەنجا ساڵ، (پەریخان)ی راکێشایە بنی بیر، لەو ساتەدا لەبەر چاوی یەکیان گرت.

چاوی گێڕا، لە دوای ئەو ئەستێرەیە گەڕا کە بەری کەمێک، لە ناو پەتی سێدارەدا بینی، تەنیا ئاسمانێکی تاریکی بینی‌و بەس. چاوەکانی پەریخان وەکو دوو ئەستێرەی شین لە ئاسمانی خەیاڵی دەبریسکانەوە.

گوێی لە لرخە لرخی گەرووی هاوڕێ لە سێدارەدراوەکانی بوو. ئەو لرخە لرخە یەهەری کون کردو مێخی لە قەدی رۆحی کوتا. وەخت بوو پرسارە دواخراوەکەی لە خودا بکا، بەڵام دیتی پەتەکە هێشتا لە ملی دوورەو زۆری کات لە پێشە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوای خۆی بدوێ

ئەو سێدارانەی لەوێ چەقاندرابوون خۆیان لە خۆیانەوە پرسیار بوون. پرسیاری پەتگەلێک بوون لە خودانێک دەکران گوێکانی بە مۆم قەپات کردبوو.
لە دڵی خۆیدا، پرسیاری لە هاوڕێ لە سێدارەدراوەکانی کرد: (ئەرێ ئەنگۆش کە گەیشتنە پەتی سێدارە، ئەو هەموو شتانەتان بیر کەوتەوە؟)

***

بەو نیوڕانە،، کە مریدەکان بە غار بە هاناو بە دەم بانگییەوە هاتن، (سەعید) هێژ لەسەر لێوی بیر وەستابوو، بە دوو لێوی زوا وەک شێت هاواری دەکرد.
-هێشتا زیندووە. هێشتا زیندووە!
دوو مرید قۆڵیان گرتو گوتیان:
-وەرە خوارێ گەورەم! ئێمە دەچینە ناو بیر.
هێنایانە خوارێ.
یەکێ لە مریدەکان لچکی کەواکەی لە دەمی ناو هاواری کرد: (یا شاهی نەقشبەند!!)و شۆڕ بووەوە خوارێ بۆ ناو بیر.
دوای کەمێ، گەیشتە بنی بیر. پەتی لە (پەریخان) بەستو هاواری کرد:
-زوو، پرزەی ژیانی تێدا ماوە.
مریدەکانی دەوری بیر، (پەریخان)یان هەڵکێشایەوە. (سەعید) تەماشای دەکردنو دڵی بە پەرۆشیو چاوەڕوانیی لێیدەدا.
(پەریخان) دەرکەوت.
کە مریدەکان لە تەک بیر درێژیان کرد، بە زەحمەت چاوەکانی کردەوە کە خوێنیان بەسەر داڕژابوو، تەماشای (سەعید)ی کردو بە دەنگێکی کز گوتی:
-ئاوت خواردەوە، گەورەم!؟
ئینجا گیانی دا.

(سەعید) هێدمگرتوو ببوو، قسەی بۆ بۆ نەدەکرا. وەلامی نەدایەوە. نەیدەزانی ئاخۆ ئاوی خواردۆتەوە یان نا؟ پەرداخەکە کەوتبووە ناو بیر. ئێستا، پاش ئەم هەموو ساڵە، تازە زانی ئەو رۆژە ئاوی نەخواردەوە. لە ناخی خەیاڵی خۆیەوە هاواری کرد: ((پەریخان)، تینووم. ئەوە پەنجا ساڵە هێشتا تینووم. پەنجا ساڵە، تێنوێتی ئەو رۆژە بە رۆحمەوە لکاوە. تێنوێتی بۆتە دەشتێک لە زارم بە هەموو ئاوی دونیا تێر نابێ. ئەو تێنوێتییە بۆتە پرسیارێکی منجڕ دەمەوێ لە خودای خۆمی بکەمو ناتوانم. ئاوم لە هەزاران سەروچاوەی تەزیو جۆگا خواردۆتەوە. ئاوی زەمزەمیشم نۆشیوە کە حاجی دەیهێنن بەڵام تێنوێتی ئەو رۆژەم بەم هەموو ئاوە نەشکا. ئەوەتا تا ئەم سێدارەیەو ئەم پەتەی لە پەتی بیری حەوشەی ماڵەوەمان دەکا، لەگەڵم هاتووە. بۆم ناکرێ، سەرنجی چاوە هێمنەکانی پێش مردنت ژ بیر بکەم. ئەم تێنوێتییە زالم بابەیش گەرووم بەرنادا.)

(سەعید)، هەموو سبەینان دەچووە سەردانی گۆڕی (پەریخان). دوو قۆرتی لێدەداو پڕ ئاوی دەکردن بۆ ئەوەی تەیرو توور ئاوی لێ بخۆنەوە. ئێواران، لە ماڵەوە دزەی دەکرد، دەچووە سەر گۆڕیو چەند سەعاتێک دادەنیشت و. دەیگوت:

-(پەریخان)، بێ تۆ، هەمیشە تینووم!

ئینجا بە دەسەسرە کەسکەکەی، کە وەکوو بەهار، وابوو، دڵۆپە روندکەکانی دەسڕییەوە. ئەسرینی لە چاو دەهات. دڵۆپەکان وەکو سولتانەکان سەریان لە دوو یەک دەنا و بە گۆنایدا دەهاتنە خوارێ.

***

ئەو هاوینە گۆڕانی سولتانەکان لە (ئەستەنبۆل) زۆر بوو. فتوای (حەسەن خەیروللا فەندی)ی شیخی ئیسلام، (سولتان عەبدولعەزیز)و (سولتان مراد)ی بە بیانووی شێتایەتی لە کۆشکی (تۆپ قاپی)و

(بشیکتاش)، لەسەر عەرش خستە خوارەوە. تەنیا تێنوێتی (شێخ سەعید) وەکو سولتان هەتا هەتایە لە سەر عەرشی رۆحی مایەوە.
جارێکیان، (خدر بۆتی) بە شێخی گوت:
-کە رۆح تینوو دەبێ، قەتاو قەت تینوێتی ناشکێ.
ئیتر (سەعید) نەیتوانی لە (پالو) بمێنێ. تەواوکردنی خوێندنی لە (مەلازگرد) کرد بە بیانوو و رووی کردە ئەوێ. مامۆستایەکی گەورەی بەناوبانگی لە زانستی (فەرایز) لێبوو. (سەعید) چووە مزگەوتەکەی تا ئەو زانستەی لێ وەربگرێو چەند مانگێک لەوێ مایەوە.
لە وانەیەکدا، (سەعید) لە مامۆستاکەی پرسی:
-مامۆستا، ئەگەر عوسمانییەکان دەولەتیان لەناو بچێ، کورد چ میراتێکیان بەردەکەوێ؟
- دەوڵەت هێشتا ماوە. کە لەناو چوو، هەنگی، خوا کەریمە!
- گوتم (ئەگەر)، گەورەم.
-ئەگەر ئەو دەوڵەتە لەناو بچێ، کورد سێدارەیان بە میرات دەبێ.
- گەورەم، ئێستایش سێدارە هەن ملی کورد دەدوورنەوە!
مامۆستا پێکەنی. بەرچاڤکەکەی لە چاو کردەوەو فرمێسکی سڕییەوە کە لە پێکەنینیان لە چاوی هات. ئینجا گوتی:
-باوک هەن، هێشتا لە ژیاندا ماون، میراتیان دابەش دەکەن. ئەمەیش وەکو ئەوە.
(سەعید)، لە (مەلازگرد)، لە حوجرەی ئەو مامۆستا زمانپاراوە، دووبارە (فەقێ رۆستەم)ی هاوڕێی بینی. (رۆستەم) هێشتا لەسەر باوەڕی خۆی مابوو، بگرە گەرمتر ببوو و زیاتر لەسەر سولتان هەڵیدەدایێ. بە (سەعید)ی دەگوت: (لەوە زیاتر چن دەوێ؟ سەردەمی مەشرووتە هاتو ئەنجوومەنی نوێنەران دامەزرا. هەیە لە (ئەستەنبۆل)و لە کۆشکی (بشیکتاش) بە ناوی ئێمە قسە دەکا. یاسای بنەڕەتی داندراوەو ئێمە بەرامبەر بەم یاسایە یەکسانین. هەمووامان عوسمانلین، برام.)

(کاکە (سەعید ئەفەندی)، پاشامان حەزرەتی سولتان عەبدولحەمید نموونەی نییە. پێم بڕوا بکە (عومەر خەتاب)ی دووەمینە!.)

بە دەم ئەم قسەیەوە، سەری بڵند کردو سینگی دەرپەڕاند. ئینجا پەڕە کاغەزێکی زەردی لە گیرفانی دەرهێناو گوتی:

-چاو دێ، ئەمە یەکێکە لە مادەکانی یاسای بنەڕەتی:

( هەر یەکێ لە دەوڵەتی عوسمانلی، بە دۆخی خۆیو بێ چاودانە ئایینو ڕێبازو نەتەوە، بە هاولاتییەکی عوسمانلی دادەنرێ.)

(سەعید)ی موستەعید بە لاقردێ وەلامی دایەوە:

-(مەلا ڕۆستەم)، ئەگەر ئێستا (خالیس) لێرە بوایە، نەدەوێرای ئەم بەندە بخوێنیتەوە.

- کابرا، ئەم (خالیس)ە، لە دین وەرگەڕاوە. حەرام ئەگەر بە ڕەچەڵەک خەڵکی (بدلیس)ی شاری (مەولانا ئیدریس)ی ناودار بێ. حەیف و مخابن!!

- (بدلیس) شاری (شەرەفخان)و (عەبدالخان)یشە.

-بەڵێ. بەڵێ. کێ دەڵێ وا نییە. ئایا شەرەفنامە پەسنی سولتانە گەورەکانی عوسمانلیانی تێدا نییە؟ ئەی حەزرەتی ئەفەندیو پاشامان (سولتان عەبدولحەمید) نەوەی ئەو سولتانانە نییە؟

(ڕۆستەم) هەڵوێستی نەگۆڕا. لە کاتی جەنگی ڕووسی- عوسمانلیدا، لەگەڵ هێزەکانی (شێخ عوبێدولای نەهری) ڕووی کردە بەرەی (بایەزید). لەوێ، ئەفسەرە عوسمانلییەکان ئەسپیان لە سەربازە کوردەکان دەسەند بۆ ئەوەی لە شەڕ ڕانەکەن. ئەسپی (ڕۆستەم)یشیان برد. (ڕۆستەم) درەنگ زانی بەشداری شەڕێک دەکا لە ڕێی خودا ناکرێ. ئەو درەنگ تێگەیشتنەی لە گوللەی سەربازانی ڕووس نەجاتی نەدا.

شێخی ئیسلام لە (ئەستەنبۆل)، فتوای جیهادی دەرکردبوو. زۆر لە مریدەکانی تەکیەی شەمزینی خۆیان فڕێدایە ناو توونی جەنگ. خەڵک بە سولتانیان دەگوت غازی. بەڵام ئەمە بێ مفا بوو. نە نازناوی غازیو نە فتوای جیهاد، نەیانتوانی لەشکری شەکەتی عوسمانلی لە بەزین نەجات

بدەن کە بۆ جەنگ تەیارو لە دەسکدا نەبوو. فەوجەکانی سەربازی رووسی، ورچ چۆن لە دوای هەنگوین دەگەڕێ، ئاوها بە باشوور وەربببوون، یەک لە دوای یەک، شارەکانیان داگیر دەکرد.
(شێخ عوبێدولا) کە زانی (سولتان عەبدولحەمید) لە رێی خودا چاکسازی نەکردووە، دەستی خۆی لە کوورەی داگیرساوی جەنگ کێشایەوەو گەڕایەوە هەکاری. هەر ئەوەندە شەڕ برایەوە، ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوەشایەوەو یاسای بنەڕەتی بوو بە دیلی ئەو کاغەزەی لەسەری نووسرابوو. بارودۆخ وەکو خۆی مایەوەو خەڵکی ئەوراتر بوون. ئاغەو بەگلەر زیاتر خەڵکیان تالان کرد. هەموو عالەم لە دەست باجو هەستە رایان کرد. شێنیی لە گوندان نەما. کەس نەما کشتو کاڵ بکا.
حەیدەرانییەکان لەگەڵ (شێخ عوبێدولا) دیتیان بارو دۆخ خراپەو دەرفەت رەخساوە بۆ راپەڕین. شێخ عەیانو گرەگرەکانی کوردی هەموو لایەکی خڕ کردەوەو شیرەتی پێکردن چ هەنگاوێک هەڵێنێ.
زۆربەی ئەوانەی بانگی کردبوون دژی راپەڕین بوون لە رووی عوسمانلییەکان.
سەرۆک هۆزو شێخو بەگەکان وەڵامیان دایەوە:
- دینو مەزەبمان یەکەو ئێمە رەعیەتی ئەم دەوڵەتەین. شەمشێری لە روو هەڵناکێشین.
کەشتی شۆڕش ملی بە دەریایەکی دیکەوە نا، کەشتییەکە رووی کردە دەریای قاجارەکان، بەڵام گەرداوی لێ رابوو و لەناو پێلو شەپۆلاندا نقوومی کرد.
شێخ، بەرامبەر پەتی چەورکراودا، لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەویش گوێزەکەی لە گومەز گیر نەبوو.)
دڵی، وەکو بەرخی سبەینەی جەژنی قوربان، کە لەبەر دەستی قەساب پەلەقاژە دەکا، دادەخورپا.

***

دوو رۆژ مابوو بۆ جەژنی قوربان. شێخ لە چلو شەش سێدارەکە ورد بوووەوە و هەقایەتی بەرانو (حەزرەتی ئیبراهیم)ی بیر کەوتەوە.
خەڵ پاش دوو رۆژێتکە چۆن پیرۆزبایی لە یەک دەکەن؟ چ دەڵێن؟ ئایا تازیە دادەنێن؟ ئایا دەچنە سەر قەبران؟و سوورەتی یاسین دەخوێنن؟ یان پیرۆزبایی جەژنی قوربان لە یەک دەکەن؟
پاش دوو رۆژی تر دەنگی تەکبیر لە منارەکان بەرز دەبێتەوە. بەڵام ئایا کچو ژن قژیان لە خەنە دەنێن؟ ئایا منداڵ لە دایبابیان ناپرسن هۆی خەفەتبارییان لە جەژندا چییە؟
بازی خەیاڵی شێخ هاتە خوارێ تا لە هەورێشەی ساڵەکانی نزیک کەوتەوە کە لێرەو لەوێ، لە دەشتی تەمەنیدا قەلەمبازی دەهاویشتو لە پشت بێشەو تەپۆلکاندا بزر بوو. لەو بلندایییەو لەسەر ئەو کورسییەو لە ژێر ئەو پەتە لە رۆن هەڵکێشراوەدا، کە بە دەمو چاوی دەکەوت، بازی خەیاڵی، نێچیری قەڵەوی هەڵدەبژاردو پەلاماری دەدا. ئەو رۆژەی جەژنی قوربانی بیر کەوتەوە. پایزێکی سارد بوو، لەگەڵ (عەلی رەزا)ی کوڕی بۆ سەردانی چەند خەلیفەو مریدێکی، چوونە (بدلیس). جەنگی گەورە، دۆڵی دڕابوو و تەنیا لرخەی نووساو دەهات، لە گەرووی تێر گریاندا دەهاتە دەرێ. (مەلا سەلیمی خیزانی) پێش چەند ساڵێ، دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی پەنای بۆ کونسولییەتی رووسی برد، گیراو لەسەری درا. دەیانگوت (مەلا سەلیم) مەندیلەکەی لەسەر بەربووەوەو بەسەر زەویدا گلۆر بووەوە، رێگایەکی بەفری دروست کرد لە دەرگای قونسولییەتەوە کە سێدارەی خۆیو سێدارەی هاوڕێکانی لێ چەقابوو، تا مزگەوتی (شەرەفخان) درێژ بووەوە. سەربازی تورکی لەسەر ئەو رێگایەی مەندیلی (مەلا سەلیم) دروستی کردبوو، دەهاتنو دەچوون. شێخ، پاشان زانی ئەو (مەلا سەلیم)ە هەمان (فەقێ زازایی) خەڵکی (جۆلەمێرگ)و هاوڕێی (خالیس)ە.
شێخ لە دڵی خۆیدا گوتی: (کابرا ساحیبی قسەی خۆی دەرچوو!)

شێخ، کە لە نوێژی جەژن هاتە دەرەوە، مریدەکان دەوریان لێدا، شانو دەستو بگرە پێڵاویان ماچ دەکرد. (خالیس)ی هاوڕێی خوێندنی بیر کەوتەوە. لە یەکێ لە مریدەکانی پرسی:

-رۆڵە، (خالیس) ناناسی؟

- (خالیس)ە شێت؟!

شێخ تەعجووبی ما، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. مریدەکە بە دەست ئاماژەی بۆ پیاوێک کرد، لە دوورەوە وەستا بوو، گوتی:

-گەورەم، ئەوێهێ هەوە. ژنێکی ئەرمەنی هەبوو. ژنەکەی کوژرا، لە داخان شێت بوو!!

شێخ چووە لایەوەو بە کۆمی مریدانی گوت کە وەک پێل دەوریان دابوو و دەیانەویست لەگەڵیدا بچن: (ئێوە لە جێی خۆتان بن. مەیێن!.)

(خالیس) وەستا بوو، چاوی بڕیبووە گومەزی مزگەوتی قورەیش، شەرواڵێکی بۆتیی چوخی خەتخەتی رەشو سپی لەبەر بوو. پشدێنێکی سووری لە پشت بەستبوو. کڵاوێکی قووچی شینی لەسەر بوو، چەفییەیەکی زەردی لێ پێچابوو. خەریک بوو گوێزی لە گومەزەکە دەگرت، قەلوونێکی رەشی باسک درێژی بە دەمەوە بوو هیچ توونتنی تێدا نەبوو. شێخ سەری سوڕماو لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەمە (خدر بۆتی) نییە؟)

کە لێی نزیک کەوتەوە ناسی. (خالیس) بوو بخۆ! بەڵام ئەو جلکانەی لە کوێ بوو؟ کە (خالیس) چاوی بە شێخ کەوت، پێیگوت:

-دەتەوێ گوێزێک باوێی؟

شێخ خەندەیەکی بە رووی کردو گوتی:

-کابرا، نامناسی؟

- با. با. دەتناسم. وەرە تۆیش گوێزێک باوێ. ئەمانە گوێزی چیای (شەرەفدین)ن.

- (خالیس)، خۆت دەزانی گوێز لە گومەز گیر نابێ.

- گیر دەبێ. با گیر دەبێ! کێ دەڵێ گیر نابێ؟! راستە کارێکی زەحمەتە، بەڵام ئەگەر گومەز خۆش بکرێ، گیر دەبێ.

-گومەز خۆش ناکرێ.

- با خۆش دەکرێ! گومەز تۆپە هەویرە بە هێز خۆش دەکرێ. هێێێ!

لەگەڵ هاواری هێنییدا، (خالیس) گوێزێکی لە کیسەکەی دەرهێناو لە گومەزەکەی گرت. بە مرووز گرژی گوتی:

-دەزانی گومەز چییە؟ گونی سولتانە. منارەیش....

شێخ دەستی لەسەر دەمی (خالیس) دانا. بەڵام (خالیس) قسەکەی کردو گوتی:

-منارەیش کی...!

شێخ بواری نەدا رستەکەی تەواو بکا، لێیپرسی:

-پێم بڵێ ئەو جلکانەت لە کوێ بوو؟

- ها! نازانی؟ گوێزەکەیت بردو لە ناو شەختە جێت هێشت. نەمردبوو. کە بەهار هات لە ناو روباری مراد هاتە دەرێو هاتەوە. ئەم جلکانەی دایە من.

- تۆ باسی کێ دەکەی؟

-باسی (خدری بۆتی) دەکەم.

- دەتناسی؟

- من ئەوم یا شێێێخ! من (خدر بۆتی)م.

شێخ حەوقەلەیەکی کردو گەڕایەوە لای مریدەکانی. (خالیس) کەوتە دوای شێخو دانە گوێزێکی لەناو دەستی نا. بە دەنگێکی وەکو شەنەبا کردنی خەرمان ، پێیگوت:

-(سەعید)، خۆشەویستیی (پەریخان) گومەزێک نەبوو تۆ گوێزی دڵی خۆتت تێگرت!؟

***

ملهێبی خەیاڵی، جۆخینی حەفتا ساڵەی بە ئاوازی (با)ی مردنی نزیک بووەوە، شەنەبا دەکرد. شێخ گومانی لە راستیی ئەو رووداوانە دەکرد کە لەو چرکەساتەدا، بە خەیاڵیدا دەهات، دەتگوت خەونەو لە ئاسمانی خەیاڵی دەفڕێ. هەر دەفڕێو دەفڕێ، بێ ئەوەی لە سەر چلی هیچ درەختێک بنیشێ. گومانی کرد خەیاڵی ژیانێک دەکا نەژیاوەو بیری کردەوە: (...(خدر بۆتی)و (رۆستەم مەلازگردی)و (خالیس بدلیسی)و (سەلیم خیزانی)و ئەم هەموو جێگاو ئەم هەموو کەسانەی کە چادری خۆیان لە دەشتی خەیاڵی هەڵداوە، لیلانو تراویلکەن؟ ئەی (پەریخان)؟ (پەریخان) کە وەکو بڵێسەیەکی داگیرساو، دڵی روناک کردەوە؟ ئایا ئەویش جۆرە خەیاڵێک بوو؟

-دەزوویەکی باریکو نەپەنی، خەیاڵ لە راستی دەدووری.

ئەم وشانەی لە گوێدا زرنگایەوە کە رۆژێ لە رۆژان، یەکێ لە شێخەکانی نەقشبەندی وەک زەنگ دووبارەی کردەوە.

ساڵانی تەمەنی وەک چیایەکی ناو تەم هاتە بەرچاو.

لەناکاو: زەنگەکان کپ بوونەوە.

-فەرمانی قڕانی ئەرمەن دەرچووە .

زۆر کەس ئەم قسەیەیان بە شادی دووبارە دەکردەوە. هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانی ئەرمەنانو تاڵانیان دەکردنو دەیانکوشتن. سوارەی حەمیدی خەریک بوون ئەرمەنیان قەتڵو عام دەکرد. ئاگرێک بوون لە پووش بەربوون.

رۆڵەی سەرۆک عەشایرەکان لە قوتابخانەی عەشایر لە (ئەستەنبۆل)، وانەی قینو قڕکردنی ئەرمەنیان دەخوێند. شێخو مەلای تورک وەک ستری لە ناوچە کوردییەکان روان. چەند ساڵێک خەریک بوون قوتابی کوردیان لە ئەرمەنەکان بەردەداو بە رقو کینە پەروەردەیان دەکردن. ئەلفو بێی قین بە وشەی ئەرمەن دەستی پێکرد.

-ئەلف- ئەرمەن کافرن.

ئەو چەقۆیانەی بۆ کوشتنی ئەو کافرانە تیژ کران، بە زۆری چەقۆی کوردی بوون.

لە زەمانی سەفەربەرلکیش، دوای ئەوەی (ئیتتیحادو تەرەققی- یەککگرتن‌و پێشکەوتن) جلەوی فەرمانڕەواییان گرتە دەست، قڕکردن بە شێوەیەکی دڕندانەتر بەردەوام بوو. خەڵک ئیتر گوێیان نە لە دەنگی زەنگ و نە لە پێکەنینی کچە ئەرمەنان دەبوو کە (خالیسی بدلیسی) لە (موش)و (بدلیس) خۆی لێ مەلاس دابوون. ئەو دەنگانە گۆڕان‌و بوون بە گریانی منداڵی سێوی سەر جادان کە بە لاشەی ئاوساو نەخش ببوون.

-ژن‌و منداڵ‌و پیرەمێردان مەکوژن. شەرع ڕێی شتی وای نەداوە.

ئەمە فتوای (شێخ سەعید) بوو، لەگەڵ فەتوای تری وای شێخانی دیکە وەکو شنەیەکی فێنک لەو دۆزەخە هەڵی کرد. شێخ نامەیەکی بۆ مفتی ناوچەی (لجە) نووسی‌و داوای لێکرد ژن‌و منداڵی ئەرمەنان چەپاڵە بداو ئاگاداری سەلامەتییان بێ:

-ئەگەر بەرگری کردن‌و وەدەنگ هاتن لەسەر ئەوانە، پێویستی بە شەڕ کرد، شەڕ بکەن. کوشتنی ئەوانە تاوانێکە بە هیچ جۆرێ قەبووڵ ناکرێ.

بەڵام ئەو قینەی لە مێشکی خەڵکیان چاندبوو لەو نامەیەو لەو ڕاسپاردانە گەورەتر بوو.

ئەو کوردانەی پەنای ئەرمەنەکانیان دەدا تووشی زۆر گیرو گرفتی گەورە دەبوون. تەنانەت دەوڵەت ئەوانیشی بە ئەرمەن دادەنا. وای لێهاتبوو شاردنەوەی ئەرمەنییەک ئازایەتییەکی گەورە بوو.

ماڵی (شێخ سەعید) پڕ بوو لە ژن‌و منداڵ‌و کچە ئەرمەن. ئەو ئەرمەنانە پەنایان بۆ سێبەری جوببەی پیرۆزی هێنابوو و بە چاوێک کە ترس ئیلیانی لێ کردبوو، سەیری چاوە یەزدانییەکانی شێخیان دەکرد.

یەکێ لەو هەموو کچانەی ماڵی (شێخ سەعید)یان سیخناخ کردبوو، کچێکی جوان بوو، تازە دەگەیشتێ. دەم‌و چاو سوورو سپی‌و چەنەگە تیژو چاو هەنگوینی بوو. لە بەرگییەوە دیار بوو خەڵکی شاری (وان) بوو. شێخ لێیپرسی:

-کچم، ناوت چییە؟

-گەورەم، من (هامێست)م. من کچی (ئەنترانیک)م.

ناوی (ئەنترانیک) وەکو زەنگ لە گوێی شێخدا زرنگایەوە. شێخ گۆلێکی خوێنی لە چاوەکانی کچەکە بینی. لێپرسی:

-(ئەنترانیک)ی کوڕی (وانیس بۆغۆصیان)ی ئەرزەرۆمی؟

(هامێست) کە گوێی لێ بوو، شێخ ناوی باب‌و باپیری هێنا، گریا. داهاتەوە بۆ ئەوەی پێی ماچ بکاو پێلاوی بە فرمێسکی تەڕ بکا. گوتی:

-بەڵێ، شێخی گەورەم، (ئەنترانیک) باوکمە. دەوڵەت راپێچا بۆ بەرەی شەڕ لە (ساری قامیش). نازانم داخۆ مردووە؟ یان ماوە؟ لە خێزانەکەمان تەنیا ئەمن ماوم.

-دەتەوێ ببی بە موسلمان، یان رەوانەی (لجە)ت بکەین.؟

-لجە؟

- بەڵێ، کچم. مفتی ئەوێ برادەرمە. لە کنەوان بە تا خودا دەروویەک لە ئێمەو لە ئێوەیش دەکاتەوە.

(هامێست) فرمێسکی گەرمی سڕییەوەو بە دەم نزگرەوە گوتی:

-یاشێخ، بە قەرەواشت بم، رەوانەی (لجە)م بکە!

مالباتە گرەگرەکانی کورد زۆربەی ئەو ئەرمەنانەی پەنایا بۆ دەهێنان رەوانەی لای (مووسل)و (حەلەب)یان دەکردن. (شێخ سەعید)یش کاروانێکی لە ئەرمەنەکانی ماڵی خۆی پێکەوە ناو بۆ (دیاربەکر)ی ناردن‌و بە مریدەکانی گوت:

-ئەمانە بە سەلامەتی بگەیەننە (لجە)و لەوێوەیش لەگەڵ هی تر بیانبەنە هەر شوێنێ کە دەستی ئەو تێشکە گورگانەی ناگاتێ.

ئەو بەهارە غەموونە، لە شەوێکی کلکەچەمی بێ هەیڤدا، مریدەکان کاروانی بەدبەختەکانیان بەرەو باشوور هاژوا.

هەیبەت‌و ناوبانگی تەکیەی شێخ گەیشتبووە هەموو جێگایەک. ئەوانەی لە عەسکەریش فیراریان دەکرد هانایان وەبەر دەبردو لەوێوە روویان دەکردە چارەنووسی خۆیان.

زستانێکیان، کە (ئەنوەر پاشا) لە شەڕی (ساری قامیش) شکا، سەدان سەرباز بە هەموو لایەکدا بەرەو (قارس)و (موش)و (ئەرزەڕۆم)و (وان)و (جولەک)و (بدلیس)و (دێرسم)و جێگای تر فیراریان کرد. بریندار‌بوون، جلکی لۆنگ‌و شڕیان لەبەر بوو، لەبرسان نیوەمر ببوون. ئەوەندە لەڕو لاچار بوون یەک یەک پەراسووت بژماردبان. چاویان لە قەپێلک چووبووە خوارێ.

ئەو سەربازەی تفەنگەکەی بە یەک نان ئاڵشت بکردایە، خۆی بە پاشای هەموو دونیا دەزانی. وەک شێت قەڵەمبازی دەهاویشت‌و وەک گورگ دەیلووراند. ئەو ئەرمەنانەی لەگەڵ لەشکری رووسی چووبوون، کە هێرشیان دەکردە سەر شارو گوندەکانی کوردان. هەموویان قڕ دەکردن. ئەو قینەی (سولتان عەبدولحەمید)و دوای ئەو، کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی)، لە دڵی خەڵکیان چاند، روا بوو و تەشەنەی کردبوو و خەڵکی کوێر کردبوو.

زستانێک، لەو سەربازە فیرارانە، دوو گەنجی خەڵکی (ئەرزەڕۆم) هاتنە ماڵی شێخ. دوای شکانی لەشکری عوسمانلی بە سەرکردایەتی (ئەنوەر پاشا)، لە (ساری قامیش) فیراریان کردبوو. یەکێکیان (یونس ئامێدی)و دووەم (رەمۆی دیاربەکری) بوو. پاش ئەوەی دوو رۆژ نانی گەرمیان خواردو خۆیان شووشت‌و جلکیان گۆڕی‌و هاتنەوە سەرخۆ. شێخ رەوانەی شاری (دیاربەکر)ی کردن‌و پێیگوتن:

-خواتان لەگەڵ. من ناتوانم لەوە زیاتر لای خۆم دالدەتان بدەم. ئێوە فیرارن. ئاگاتان لە خۆتان بێ!

ئینجا یەکەو تویشەبەرەی پڕ نان و خواردنی دانێ و هەندێ مەجیدی پێدان. ئەوانیش بەرەو (دیاربەکر) تێیانتەقاند.

کە شەڕ گەرم بوو و ئاگری جەنگ تەنییەوە، لەشکری رووسی‌و چەکداری ئەرمەنی یاوەری، وەک کلۆ بەفر لە باکوورەوە هێرشیان هێنا. هەرچی هاتە سەر رێیان کاول‌و کامباخیان کرد. چەکدارە ئەرمەنەکان کە قین دڵی کوێر کردبوون، لە بانگی تۆڵە پێوە، گوێیان لە هیچ نەدەگرت. بە

بێ رەحمی خەڵکیان دەکوشت. خەڵکیان لە مزگەوتان خڕ دەکردەوە، رووتیان دەکردنەوەو دەیانگوت:
-یاللا، ژن لە ریزەکانی پێشەوەو پیاو لە پشتەوە، نوێژ بکەن. یاللا نوێژ دابەستن.
شێخ، کە دیتی ناوچەکە ئەمانی تێدا نەما. خاوخێزانی گەورەی خۆیو کتێبەکانیو کەری پەزی خۆی کۆکردەوەو بەرەو (پیران) هاژوای. دوو برای پێش سەفەربەرلک، لەوێ بنەجێ ببوون. شێخ چووە لای دوو براکەی لە (پیران). جارێکیان، کە میوانی مفتی (لجە) بوو، پرسیاری (هامێست)ی لێ کرد. مفتی پێکەنیو گوتی:
-شووی کرد. لە (دیاربەکر) کارەکەری ماڵێک بوو. لەوێ گەنجێکی ناسی لە عەسکەری فیراری کردبوو، خەڵکی بادینان بوو، مێردی پێکرد. گالیسکەچییەکەم لە (لجە) بۆی گێڕامەوە، بە گالیسکەکەی گەیاندبوونییە ئەودیو.
شێخ هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو رووی گەش بووەوە. مفتی پێکەنینێکی سووکی بۆ کردو پرسی:
-جەنابی شێخ، بۆچی لە زێدە هەموویان لەو دەپرسی؟
-ئەمە نەوەی یەکێ لە برادەرەکانمە لە (ئەرزەرۆم). ئەم شانەو ئەنگوستیلە دیاری ئەون پێشکێشی کردم.
شانە رەشەکەی لە بەرکی دەرهێنا، ئینجا ئەو دەستەیەی درێژ کرد کە ئەنگوستیلەیەکی زیوی نگین فەیرۆزەیی لە یەکێ لە پەنجەکاندا بوو، گوتی:
-بە مەزەندەی تۆ! ئەم ئەموستیلەیە نرخی چەندە؟
- گەورەم، ئەگەر ئەموستیلەکە لە پەنجەی تۆدا بێ وڵاتێک سەربەسەر دێنێ، بەڵام ئەگەر لە قامکی تۆ نەبێ، دەوری چوار پێنج مەجیدی دەکا.

***

(شێخ سەعید)، تا ئەو ساتە ئەموستیلەکەی لە بیر نەبوو، لە پەنجەیەکی یەکێ لە دەستەکانی بوو کە لە پشتەوە بەسرابوونەوە، لە دوای ئەنگوستیلەکە گەڕا. نەیدۆزییەوە. ئینجا بە بیری هاتەوە، کاتێ لای پردەکە بە دیل گیرا، (قاسم بەگ)ی هەڤلنگی ئەنگوستیلەکەیشی لێ سەندو پێیگوت:

-ئەنگوستیلەکە بدە بە من. بۆ پەنجەی تۆ بچووکە، ئازارت دەدا.

ئەو چلو شەش لاشەیەی بە سێدارەکاندا شۆڕ ببوونەوە، وەکوو کەشکۆڵی کرڵی دەروێشان، لەبەر چاوی شێخ دەهەژانەوە. لە ناو قوڵفانگەی پەتی ئەو سێدارەیەی زۆر بە بە زبری بە دەمو چاوی دەکەوت، تەماشای ئەو لاشانەی کرد کە پێش کەمێ پیاوی تۆکمەو پتەو بوونو لە پێناوی ئازادی هاواریان دەکردو شیعریان دەخوێندەوە. چاوی بە ئاسمانی (دیاربەکر)دا گێڕا، دیتی وەک ئەو خوولییەیە کە کۆچەر کاتێ بار دەکەن لە ئاگردانیان جێی دەمێنێ. وەخت بوو پرسیارە دواخراوەکەی لە خودا بکاو فوو لەو خۆڵەکەوە ساردە بکا بەڵکو یشکۆیەکی لەناو بگەشێنێتەوەو دایگیرسێنێ!. بەڵام لە ناخی دڵی خۆیەوە گوتی: نا. جارێ کاتی نەهاتووە.

-ئەو خۆڵەمێشی زەمانەیەو کە درەنگتر دابێ، پرسیارەکان پێدەگەنو لەبەردەم عەرشی نوورانی خودا دەتەقنەوە.

شاهی نەقشبەند وای گوت.

کورد ئازارو ئاواتو خەونەکانی خۆیان لە ناو هەمبانەیەکی دڕاو نا، بە شانیان داداو لە دەرگای (پاریس)و (لەندەن)و (واشنتۆن)یان دا. ئەو پایتەختانە چارەنووسی گەلانیان لە سەر مێز پان کردبووەوە.

کورد، لە هەموو جێگایەک بەرامبەر گومەزەکان وەستانو دانە گوێزیان تێگرتن.

-ئەگەر ، هەرچی گوێزیان هەیە بیگرنە یەک گومەز، لە ناو گوێز نوقمی دەکەن.

شێخ ئەم رستەیەی (خالیسی بدلیسی) لە بەر گوێی شەوی خۆڵەمێشی (دیاربەکر) دووبارە کردەوەو سەری نەختێ بۆ دواوە کێشایەوە بۆ ئەوەی پەتەکەی پێ نەکەوێ.
پەتی چەورکراو بۆ دەمو چاوی شێخ چوو. شێخ دیتی ئەگەر سەری زیاتر بۆ دواوە بکێشێتەوە. پشتاو پشت لەسەر کورسییەکە بەردەبێتەوە. دووبارە سەیری ئاسمانی کپو لاڵی کردو گوتی:
-ئای خودایە!
گاسنی تینوێتی لە زەویی گەرووی وشکی، چووە خوارێ.

***

پیرەگای عوسمانلی، پێستەی لە بازارەکانی دوای جەنگی گەورە فرۆشرا، ئیتر نەیدەتوانی زەوی بە گاسنی ژەنگاوی بکێڵێو خەونەکانی ئیمپراتۆریەتێکی بەزیو دەناو بێنێ. سولتانی (ئەستەنبۆل)، (وەحیدودین خان) لە کۆشکی (یلدز)، لە پشت شووشەی عەینەکەکەیەوە، تەماشای کەفی دەریای دەکرد کەوتبووە سەر پیلەکانی دەریای مەرمەرە. پەنجە گەورەو شادەنوێژەی دەستی راستەی بە سەری سمێڵەکانی داهێناو لە دڵی خۆیدا گوتی:
-(مستەفا پاشا) عەرشی بابو باپیرانم بۆ وەردەگرێتەوەو سمێلم وەکو جاری جاران، لە (قارس)ەوە تا (حیجاز)و (مەغریب)و بگرە تا (بۆسنە)، سێبەر لەسەر هەموو ناوچەکە دەکا.
ئینجا هەموو قورسایی خۆی هاویشتە سەر دۆشەکی تووکی کەوو قەتێ..
هەموو فاقیان بە دەستەوە بوو و سلاویان لەوانەی تر دەکرد. هەر یەکە تۆڕی لەبەر پێی ئەوەی دیکە دادەنایەوە. هەر یەکە دەیەویست خەونەکانی بە خوێن بشوا.

ڕۆژێکیان، یەکێ لە خەلیفەکانی (شێخ سەعید)، هاتە سەردانی شێخ‌و بە ترسەوە ڕۆژنامەیەکی لەبن هەنگڵی دەرهێنا. وەکو نەخشەی گەنجینە، لەبەر دەم شێخ پانی کردەوەو بە دەنگێکی لەرزان گوتی:
-گەورەم، چاو دێ، ئەم ڕۆژنامەیە چی بڵاو کردۆتەوە؟
-ئەمە ڕۆژنامەی پەیامی بەیانی ئەستەنبۆلییە؟
- بەڵێ، گەورەم.
شێخ ڕۆژنامەکەی وەرگرت‌و نەختێکی لێ خوێندەوە. گوتارەکە باسی (بۆغۆص نۆبار)ی پاشای ئەرمەنی‌و (شەریف پاشا)ی کوردی دەکرد. ئەو دووە لە (پاریس) کۆببوونەوەو بڕیاریان دابوو یاداشتێکی هاوبەش بنووسن و پێشکێش کۆنگرەی (پاریس)ی بکەن. شێخ بێ ئەوەی ڕۆژنامەکە دابنێ، گوتی:
-جا لە چ دەترسی؟ با ڕێک بکەون. ئەوە باشتر نییە لەوەی دووبارە کوشتار دەست پێ بکاتەوە؟!
-گەورەم، ئەی لە کۆڵمان نەبوونەوە؟ بۆچی چارەنووسی ئێمە بە چارەنووسی ئەوان ببەسرێتەوە؟
-ئەگەر تورک لەم وڵاتەدا، کە وڵاتی خۆمانە، قەبووڵمان نەکەن، چارەنووسمان بە چارەنووسی ئەجندەیش دەبەستینەوە.
شێخ وایگوت‌و ڕۆژنامەکەی هاویشتە ناو ئاگری سۆبەی داگیرساوی بەردەمی. کاغەزەکە سووتاو کوریشکی کرد. پیتە عەرەبییە وردەکانی، کە یاداشتی (بۆغۆص)ی ئەرمەن‌و (شەریف)ی کوردی پێ نووسرابوو، بە سپی‌و بریسکەداری دەرکەوتن. پیاو دەیتوانی تەنانەت لەناو گڕی بڵێسەیش بیخوێنێتەوە. شێخ ماوەیەک بێدەنگ بوو، هیچ قسەی نەکرد. ئینجا دەستی بۆ کتێبێک درێژ کرد لە تەک بەرماڵەکەی بوو. کردییەوەو گوتی:
-برا، تۆ ئەمە بخوێنەوە. ئەم کتێبە بخوێنەوە، نەک ئەو ڕۆژنامانەی هەریەکە شتێکی جیا لەوەی تر دەڵێ. ئەمە کتێبی (شێخ ئەحمەدی خانی)یە. ئەوە پەنجا ساڵە پێمە. گوێ بگرە چ دەڵێ.

چەند دێڕێکی دیباجەی مەم‌و زینی بە دەنگی بەرز خوێندەوە. ئینجا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو ئاخێکی توندی فڕێ دا ئاگرەکەی خۆشتر کرد. ئاگرەکە دێڕەکانی گوتارەکەی لرف کرد.

ئەمە لە زستانێکی ساردو سەقەم بوو.

ئەو گەلانەی دەولەتە زلەکان قەلوونیان دابوونێ تا جگەرەی ئاواتی پێ بکێشن، دەچوون لە دەرگای کۆمەڵەی گەلانیان دەداو داوای بەشە تووتنی خۆیان لەو پایەختانە دەکرد کە ئەو دەرگایەیان دروست کردبوو. کەچی هەر سەرکردەیەکی کورد قەلوونەکەی زیاتر بە هەقی خۆی دەزانی. کەس ئامادە نەبوو بیداتە ئەوەی تر مژێکی لێ بدا. کورد نەگەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی (خانی) لە کتێبەکەی داوای دەکا. بەڵکو هەر یەکە بەرەی لە ژێر پێی ئەوەی تر دەردەکێشا بۆ ئەوەی تەنیا خۆی لەسەری دابنیشێ.

دەوڵەتە زلەکان سەریان لە ناکۆکی کورد سوڕما بوو. نەیاندەزانی کێ نوێنەری راستەقینەی کوردە! نەیاندەزانی لەگەڵ کێ ڕێک بکەون‌و کێ خاوەنی مەسەلەکەیە. هەر کەسە دەیگوت من نوێنەری ئەم گەلە بەدبەختەم.

-کە کابان زۆر بوو، چێشت، یان سوێر دەبێ، یان بێ خوێ.

شێخ لە خەیاڵی سووتاوی خۆی وایگوت‌و ئەو نامانەی بیر کەوتەوە، کە بەری چەند مانگێک، بۆ سەرۆک عەشایەرو ئاغاو بەگ‌و شێخ‌و مەلاکانی کوردی نارد. زۆر کورد بوونە لای (ئەنقەرە)و لە دژی ئەو وەستان. کە چەکدارە نەیارەکانی بە دیل دەگیران، بەرەلای دەکردن‌و نامەی پێ بۆ سەرکردەکانیان دەناردو لە نامەکاندا پێیدەگوتن:

-ئەگەر ناشتوانن پشتگیریم بکەن، لانی کەم شەڕم لەگەڵ مەکەن. ئینجا واژۆی خۆی لە خوارەوە دەدا کە وەکو دەشتێک بوو بەفر داپۆشی بێ:
(میری موجاهیدان: (سەعید)ی نەقشبەندی)

چۆن مۆسیقا لێدان بۆ گا، سوودی نییە، ئاوها ئەم داوایانە بێ کەلک بوون. ئەوانەی نامەکانیان بۆ دەچوو، بەر لەوەی نامەکە بخوێننەوە،

دەیانسووتاند. نامەکە دەبوو بە مشکیو (با) دەیبرد. ئەو زێڕەی لە (ئەنقەرە)وە دەهاتو گیرفانی ئەو دەسەڵاتدارانەی پڕ دەکرد تاکە نامەیەک بوو بە رەوانی دەخوێنرایەوە.

خەیاڵی شێخ بوو بە ئینجانەیەکی سواڵەتی پڕ لە لم. لە هەموو لایەوە بەردی بۆ دەهات. ئەم ئینجانە سواڵەتە لە ژێر بەردەباراندا شکا. لمی ناوی رژاو بوو بە دەشتێکی دووزو بێ پیڤانو کەپکەی لەسەر رۆحی کرد.

***

# ئینجانەی (سیڤر)

ئەو سێشەممەیەی مانگی تەباخ ئاسمان بە وردی دەخونی. کرێکارانی کارگەی سواڵەتکاریی لە شاری (سیڤر)ی نزیک (پاریس) بۆ پشوو هاتنە دەرەوە. لەبەر ئەو پڕووشەیەدا کە لە تەڕوپڕیو ناسکیدا لە پەنجەی پەریانی دەکرد، جگەرەیان دەکێشا. لە باکوورەوە، رووباری (سین)، وێنەی درەختە رواوەکانی هەردوو کەناری تێدا دەدرەوشایەوە. خۆی بە سەوزێکی بریقەدار دەنواند. رووبارێکی خەواڵوو بوو، بە ئارامی دەڕۆیشت.

هەندێ کەس گوێیان بەو پڕووشە وردە نەدەدا، لە سەر هەردوو کەنار پیاسەیان دەکرد. هەندێکیان بە خۆو بە سەگەکان هاتبوونە سەیران، ئاشقەکانیش لە پەنا درەختەکان ماچی لە ئاگری داگیرساوی توونی کارگەی سواڵەتکاری گەرمتریان لە یەک دەکرد. برێکی دیکە بە شادو گوشادی لە ناو بەلەمەکانیان تەماشای تیشکی خۆریان دەکرد کە ناو بە ناو، وەکو لەگەنێکی زێڕین لە پەنا هەور دەردەکەوت.

دوو سەد ساڵ بوو، دەفرە سواڵەتەکانی کارگەکانی (سیڤر) ، ناوبانگیان لە هەموو ئەوروپادا بڵاو ببووەوە. ئەو سواڵەتکارییە ئەوەندە بەناوو دەنگ بوو، ئەگەر بازرگانێک بیویستایە بانگەشە بۆ بەرهەمی سواڵەتکاری خۆی بکا، دەیگوت: (بەرهەمی (سیڤر)ە. دەستی لێدەن، نەرمو لووسە وەک مەمکی کچی سەرو عوزرشۆر وایە.)

لە سەردەمی (لویسی پازدەم)ی ژنبازەوە، پاشاو میرەکانی ئەوروپا، هەموو جارێ کە سەردانی بارەگای (پاریس)یان دەکرد، دەفری سواڵەتی وەکو تەبەقو لەگەنو تاسەو ئینجانەو شەکردانو خوێدانو تەپڵە جگەرەو بادەی شەرابو فنجانی قاوەو قۆری چایشیان پێشکێش دەکردن

ئەو رۆژە درێژەی هاوین، کرێکارانی کارگەی سواڵەتکاری کە دومانی جگەرەیان تێکەڵ بە دووکەڵی کارگەکە ببوو، نەیاندەزانی چوارەکە سەعاتە رێیەک دوور لەوانەوە، ئینجانەی گەورەی وەکو خەونی ئەو گەلانە دروست دەکرێ کە بە ئاواتەوە دەژین. ئەو کرێکارانە نەیاندەزانی گەورەکان لە هۆلێکی کۆنی گەورە، لە یەکێ لە کۆشکەکانی ئەو شارۆچکەیە کۆبوونەتەوە چارەنووسی گەلانیان وەکو لەتەرە بە دەستەوە گرتووە. بای دەدەنو خەون لە خوێنو مەرکەب چێ دەکەنو بە پەڕەمووچەی زێڕین هەندێ دەوڵەت دەسڕنەوەو هەندێکی تر لەسەرکاغەز دروست دەکەن.

لەو شارۆچکەیەی سەر کەناری (سین)، دوور لە رووباری (دیجلە)، ئینجانەیەکی سواڵەتیان بۆ کوردیش دروست کرد. ئینجانەکە بە نەخشی ئەوروپی بوو، بە پەنجەی هونەرمەندانی سیاسەتی تەماوی کێشرابوو و مۆری داماد (فەرید پاشا)ی نوێنەری ئیمپراتۆرییەتی بەر ئاوزینگانی لێدرابوو.

هەر ئاغایەکی کورد چەند نۆکەرێکی لە خۆی کۆکردبوەوە، هەر نەجیبزادەیەکی میرزادە چەند ئەوروپیەکی دەناسی، هەر شێخێکی چەند مریدێکی کەوتبووە دوو، هەر ئەفسەرێکی سوارەی حەمیدی چەند سەربازێکی مارتینو مێجەر بە دەستی لە دوو دەڕۆیشت، دەیەویست دەست بەسەر ئەو ئینجانەیە دابگرێ. هەموو مێزی خەیاڵیان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی ئەو ئینجانەیەی (سیڤر)ی لەسەر دابنێن. هەر یەکە گوڵی خەونەکانی خۆی بە فەرمانڕەوایی کردنی کورد ئاودەدا بۆ ئەوەی پاشان لەناو ئەو ئینجانەیەی دابنێ.

چەند رۆژێکی کەمی مابوو بۆ جەژنی قوربان. رێکەوتنامەی (سیڤر) بۆنی دەوڵەتێکی کوردی بڵاو کردەوە، هەموو عالەم بۆنیان کرد. بەڵام (ئەنقەرە) لە (سیڤر) نزیکتر بوو.

له رۆژانی جەژندا، ئەو مەلاو شێخانەی زێڕی (ئەنقەرە)یان رژابووە گیرفان، لە گوتارەکانیاندا باسی خیانەتی فەرید پاشاو ئەرمەن‌و کوردیان دەکرد. دەخەبتین رێکەوتنامەکە روناکی ببینێ.

-ئەوانە کافرن، دەیانەوێ حوکمی خیلافەتی ئیسلام لەناو بچێ.

-ئەوانە کرێگرتەی ئینگلیزن، تێدەکۆشن کوردو تورک قڕ بکەن.

-ئەوانە بەو رێکەتننامەیە یارمەتی لەشکری یونانی دەدەن.

ئەو بەگو ئاغایانەی مەیلی (ئەنقەرە)یان هەبوو. لە کۆڕەکاندا، باسی خیانەتی ئەو کەسانەیان دەکرد کە رێکەوتنامەکەیان مۆر کردبوو و خەڵکیان بە هاتنەوەی ئەرمەن دەترساند.

-ئەم رێکەوتنامەیە بەر لەوەی دژی تورک بێ، دژی کوردە. وڵاتەکەمان بەسەر ئەرمەندا دابەش دەکەن‌و ئێمە دەبین بە کۆیلەیان. برایان، (بدلیس)و (وان)و (ئەرزەڕۆم)مان لە دەست دەچێ.

رۆشنبیرو شێخە کوردە هوشیارەکان نەیانتوانی بەرگری شەپۆلی دوژمنداریی کردنی رێکەوتنامەکە بکەن. بە پێچەوانەوە، ئەو کوردانەی دوژمنداریی رێکەوتنامەکەیان دەکرد، خەڵکیان هان دەداو رەوانەی بەرەکانی شەڕیان دەکردن لە رۆژئاوا.

ئینجانەی (سیڤر) کە نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکان لەسەر مێزی خەیاڵی کوردیان دانا، بە بێ گوڵ مایەوە.

کورد، نەرگزی ئازادییان هێنا کە لە خەوندا پشکووتبوو بۆ ئەوەی لەناو ئەو ئینجانەیەی دابنێن.

-نەرگز دوو رۆژ بێ ئاو بێ، دەژاکێ.

خەیاڵی تینوو وای بە خەیاڵی تینوو دەگوت.

***

هاوینی ئەو ساڵە گەرم بوو. هەموو گوڵە نەرگزی تێدا ژاکا. (خالد جبرانلی)، گەنجی تەمەن سی‌و نۆ ساڵەی خەڵکی (گمگم)، کە لە (ئەستەنبۆل)، لە قوتابخانەی عەشایەر دەرچووبوو، کوڕی (مەحموود

بەگ)ی سەرۆکی عەشیرەتی (جبرانلی)و سەرۆکی پێشووی سوارەی حەمیدی بوو، بۆنی دەوڵەتێکی کوردی کردبوو. نەرگزی پشکووتووی خەیاڵی هەرگیزاو هەرگیز نەژاکا.

-من زیاتر بۆنی دەوڵەتێکی کوردی دەکەم تا بۆنی نەرگزی ئینجانەیەک.

وای بە هاوڕێی ڕێگای خۆیو شاعیرو ڕۆشنبیر، (یووسف زیا بەگ)ی خەڵکی (بدلیس) دەگوت.

هەردووکیان دەیانزانی تەشی چارەنووس کەوتۆتە دەست دەوڵەتە گەورەکان. دەیانزانی قەڵەمی مێژوو لە دەست ئینگلیزو فرەنسییەکانە، چی بیانەوێ لەسەر ئەو پەڕەی دەنووسن کە لە رووباری (قیزل ئیرماق)ەوە تا گۆلی (وان)، درێژ بووەوە.

-سەربەخۆیی!

(یووسف زیا) تیلاکی خواردو رستەکەی دوگاڕکی کردەوەو گوتی:

-دەرمانمان ئەوەیەو دەورمان هاتووە وڵاتەکەمان بکەین بە گۆڕەپانێک ئەسپی ئازادی تەڕادو مەترووەدی تێدا بکا.

ئەو هاوینە، هەردووکیان پەیوەندییان بە (سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدولا)ی (نەهری)، ئەندامی (تەعالی کوردستان) لە (ئەستەنبۆل)، کرد.

ئینجا هەر کەسێکی بۆنی ئاگری لە دڵدا بوو پەیوەندییان پێوە کرد.. پەیوەندیان بە هەر کوردێکەوە کرد کە مێژوو تەلەی خۆی لە بەر پێیە کوێرەکانی دانابووەوە.

نەیاندەزانی مێژوو خەریکە بەڕەی خۆی بە تەونی (ئەنقەرە) دەچنێو ئەو تەشییەی (ئەستەنبۆل) چارەنووسی گەلانی پێ دەڕست، ئێستا داڕزاوەو کرم خواردوویەتی. (ئەستەنبۆل) بۆتە پیرەژنێک لەسەر کفنی خۆی دانیشتووە.

کورد، لە (قوجکیری)و (دێرسیم)، سەر لە نوێ گوێزی خۆیان لە کومەزی خەونی ئازادیی گرت. بەڵام هەر زوو ئەم گوێزەیش چل بووەوەو شکا.

(ئەنقەرە) دانیشتنی خۆی لە بەردەم تەونەکە ڕێک دەخستو بە کەیفی خۆی بەڕەی مێژووی دەچنی. پارتی تاشناکی ئەرمەنی، کە پایزی ئەو ساڵە ویستی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی (سیڤر) بە تفەنگ جێ بە جێ بکا، لە شەڕی لەگەڵ هێزەکانی حوکوومەتی سەر بە (ئەنقەرە)، لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا، تووشی شکستێکی گەورە هات. (مۆسکۆ)ی بەلشەفی دەستی لەناو دەستی (ئەنقەرە) ناو هەردوولا پەیماننامەیەکی دۆستێنییان مۆر کرد. لەشکری یونانی، لەبەرەی ڕۆژئاوا، لە نزیک ڕووباری (ساقاریا)، چەکو کوژراوەکانی لە دوای خۆیەوە جێ هێشت، قوچاندیو هەڵات. فڕەنسییەکان لە باشوور بوون، بە بێ ئاگاداری ئینگلیزەکان، ڕێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ (ئەنقەرە) واژۆ کردو هێزەکانی خۆیان لە (ئەنتاکیە) کێشایەوە. ئیتالییەکانیش شاری (ئەنتاکیە)یان جێ هێشت. لە (تورکیا)دا، تەنیا یەک حوکوومەت مایەوەو سولتان لەناو مووزەی مێژوودا، بوو بە پارچەیەکی کۆن..

(تورکیا) بوو بە کۆمار. بوو بە بەردێکو بەو ئینجانەیە کەوت کە وەکو کۆترێکی سپی لەسەر مێزی خەیاڵی کورد داندرابوو.

(لەندەن)یش ناچار بوو لای خۆیەوە بەردێک لەو ئینجانەیە بگرێ کە شەقی بردو تەنیا یەک زەبر ما بۆ ئەوەی ببێ بە پارچەی ورد ووردو بهاڕێ.

***

# بەردی (لۆزان)

دەنگی بەردێک هات بە شتێ کەوت. دوو سەربازەکەی لە تەک ئەو کورسییە وەستابوون کە شێخی لەسەر بوو، ئاوڕیان دایەوە. هیچ جوولە نەبوو. بەڵام ئەوان پەنجەیان نایە سەر پەلاپیتکەو گوێیان قوڵاغ کرد. شێخ خەندەیەکی هاتیو تەماشای رووی دوو سەربازەکەی کردو بە دەنگێ کە تەنیا خۆی بیستی، گوتی:

-بەردی لۆزانە. ئەو بەردەی ئینجانەی (سێڤر)ی وردو خاش کرد.

شێخ ئەو بەردە بچووکانەی بیرکەوتەوە کە خۆیو هاوڕێکانی دەوری منداڵیی بە دیواری قسنەکانیانەوە دەلکاند. بەردەکانی یاری قەمچانی بیرکەوتەوە، ئەو بەردانەی بیرکەوتەوە کە لەسەر یەکیان دادەنانو بە تۆپێکی قوماشی پێچراو دەیانهاویشتن. بەردەکانی ختمی بیر کەوتەوە، کە دوای نوێژی عەسر لەگەڵ نوێژکەران کۆدەبوەوەو بەردی بچووکی بەسەر دابەش دەکردن تا زیکرو تەسبیحاتی پێ بکەن. بەردی بەردەقانی بیرکەوتەوە کە دەیهاویشتە کێشکەو باڵندان.

بەڵام شێخ، لەو ساتەدا، لە هەمووی زیاتر ئەو بەردانەی بیرکەوتەوە کە بە گچکەیی، زۆر جار لە ئاوی رووباری دەگرت. خۆیو هاوڕێکانی ساپی پانو لووسیان دەهێناو لە رووباریان دەگرت. بەردەکە نەختێ لە هەوا بەرز دەبووەوە ئینجا چەند جارێک بە رووی ئاوەکە دەکەوت، ئەوسا لە جوولە دەکەوتو لە ئاودا نقووم دەبوو، بازنەی بچووک بچووکی لە دوای خۆیەوە جێ دەهێشت، بازنەکان وردە وردە فراوان دەبوونو پاشان لەناو دەچوون.

منداڵ بە شادو گوشادی هاواریان دەکرد:

-بەردەکە ئاوی ماچ کرد.

منداڵەکان دەیانژمارد بەردەکانیان چەند جار ئاوی ماچ کردووەو شاییان پێ دەهات.
پەتی سێدارە، کە بە رووی شێخ دەکەوت، وەک قۆچەقانی، بەردی خەیاڵی شێخی لە رووباری سالآنی تەمەنی دەگرت کە بەرەو کۆتایی دەچوو. بەردەکە چەند جارێک رووی رووبارەکەی ماچ دەکرد، دوای ئەوە، جوولەی هێدی و کەم دەبووەوە. بەردی تەمەن خێن خێن بۆ بنی دەچووە خوارێ.

***

ئەمە جارێکی تریش، هاوین بوو، رووی دا. پێش دوو ساڵ، رۆژی جەژنی قوربان، لە شاری (لۆزان)، نزیک گۆلی (لیمان)ی سویسری روویدا. هێشتا بەرف نەحەلی بوو. وەکو جەنازەی ناو کفن وا بوو لەسەر دوندی چیاکانی باکووری شار. خەڵک بە شادو گوشادی لەسەر بەفر خلیسکانەیان دەکرد، نەیاندەزانی ئاواتی گەلان لە ژوورە داخراوەکان‌دا، بە هەناسەی کۆبووەوە پلان بەدەستەکانەوە دەتوێتەوە. نەیاندەزانی خەریکن پەیماننامەی (سێڤر) سەردەبڕن و دەنێژن.
ئەو سبەینەیە، کورد خەریک بوون قوربانییان سەردەبڕی‌و زیافەتیان دەکردو گۆشتیان دەبەشییەوەو جەژنە پیرۆزەیان لە یەک دەکرد. بێ ئەوەی بزانن (ئەنقەرە) لە شارێکی دوور، خەونەکانیان دەکاتە قوربانی‌و ئاواتەکانیان سەر ژێ دەکا.
(عیسمەت پاشا)ی نوێنەری حوکوومەتی (ئەنقەرە) دەستی خستە بن گوێی بۆ ئەوەی گوێ لە قسەی نزمی (لۆرد کورزون)ی ئینگلیز بێ. (لۆرد)، کە بۆنی فیلی هیندی لێ دەهات، قووتووی عاجی جگەرەی کردەوە. بۆ (عیسمەت پاشا)ی راداشت‌و پێیگوت:
-بخۆ، بخۆ! گەوارە دووکەڵێک بە سەر خۆمان‌و ناکۆکییەکانماندا بەردەوە.

(عیسمەت پاشا) خەندەیەکی بۆ کرد. دەسەسڕی سپی لە گیرفانی چاکەتی سمۆکنی دەرهێنا، ئارەقەی سڕییەوە. ئینجا دەستی بە سمێڵی داهێناو گوتی:

-دووکەڵمان بەسەر سولتانیش داکرد. ئێستا تەنیا بەناو خەلیفەیەو کاتی خۆی لە حەرەمسەرادا بەسەر دەبا. تەنیا لێپرسراوی قەرەواشانەو بەس!. کۆتایی بە خیلافەتیش دێنین‌و (تورکیا) دەکەین بە کۆمار. لەوە زیاتر چیتان دەوێ؟

- (مووسل).

- (مووسل) تا مووسل لەناو گیرفانم نەنێم ناچمەوە (ئەنقەرە).

- نا. (مووسل) لە گیرفانی ئێمە دەمێنێ. تۆ بۆ خۆت خەون بە شتێکی ترەوە ببینە. (عیسمەت پاشا)، ئینجانەی (سێڤر) لە (مووسل) بە نرخترە.

بەردێکی لە گیرفانی دەرهێناو هاویشتییە ئینجانەیەک لە ناوەڕاستی مێزەکە بوو، دەتگوت پەرییە لەناو دومانی جگەرە.. (عیسمەت پاشا) پێکەنی. تاسە ئاوی تەزی بەردەمی بڵند کردو قومێکی خواردەوە. ئینجا ئەوژی بەردێکی لە بەرکی دەرهێنا. بەردەکەی لە ئینجانەی نیوەشکاوی (سێڤر) گرت.

پرزەی ئینجانەکە فڕی‌و لە پەنجەرەی هۆڵەکە چووە دەرێ تا گەیشتە گۆلی (لیمان). هەندێ پرزە چەند جارێک ڕووی گۆلەکەیان ماچ کرد، ئینجا نقووم بوون بۆ بنەوە.

ئینجانەی خەونەکان لە گۆلی (لیمان)ی نزیک شاری (لۆزان) نقووم بوو. (عیسمەت پاشا)، بێ ئەوەی (مووسل) لەناو بەرکی بنێ، گەڕایەوە (ئەنقەرە). بەڵام شتێکی گەورەترو بە نرختری هێنایەوە. شتێکی پڕ هەموو گیرفانەکانی هێنایەوە. هاتەوە، چارەنووسی کوردی لە دەست بوو.

***

# تەواوبوونی هەنگاوەکان

(ئەو هەنگاوانەمان نا کە لەسەرمان بوو،
ئەوەی هەنگاوی لەسەر بنووسرێ دەبێ
بیهاوێ.)

شاعیر (درینی)

یەکێ لە دوو سەربازەکە چووە لای شێخ. دەستەکانی لە گیرفانی دەرهێنا. بۆ ئەوەی ملی شێخ لەناو قولفانکەی پەتەکە بنێ. شێخ لەزگ بوو پێیان بڵێ: (بە چ یاسایەک قولفانگەیەکی تینوو لە پەتەکە دەدەن؟) بەڵام شەرمی پێبوو. وازی لێهێنا.

-تێنوێتیم لەگەڵ خۆم بۆ خوا دەبەم.

سەری دانەواند، بەڵکو سەری کەمێ کێشایەوە دواوە. ئامۆژگاری خۆی بیر کەوتەوە کە بۆ شێخ (عەلی ناجی) کرد، خۆی لە پەتەکە لادا.

-تەنانەت بەرخیش کاتێ بۆ سەربڕین دەبرێ، بەرگری دەکا، من بۆ بەرگری نەکەم؟!

سەربازەکەی دیکە هات. هێشتا دەستەکانی لە ناو گیرفانی بوو. لە تەک شێخ وەستا. بە تورکی گوتی:

-مەترسە، شێخەفەندی، مەترسە! ڕێک بە ئەندازەی تۆیە.

ئینجا دەستی بۆ پەتەکە درێژ کرد

ئەو سەربازو جەندرمانەی ئەرکی خۆیان لە سێدارەکانی تر تەواو کردبوو، هاتن لەتەک سێدارەی شێخ وەستان بۆ ئەوەی ببینن چۆن پەت لە ئاو زووتر، تێنوێتی پیرەمێرد دەشکێنێ.

شێخ لە قسەی سەربازەکە تووڕەبوو. ئەو نەدەترسا. ئەو شەوە، چویچکی ترس لەسەر کەدی فەرهەنگی خەیاڵی هەڵفڕی بوو.

-ئای خودایە!

-جارێکی تر، شێخ رووی کردە ئاسمان  کە وەکو پۆستاڵێکی رەش  وا بوو لە سەررا پێی لە (دیار بەکر)  نابوو. وەکو تیرێکی خەیاڵی،  پەڕی لەبەر  تیری پرسیارەکەی راکرد، بەڵام نەیهاویشت.
گرنژی‌و پێکەنی. بۆ ئەوەی سەربازەکانی دەوری بزانن لە مردن ناترسێ، دەنگی پێکەنینی بەرز کردەوە.
سەر لە نوێ هەوڵی دا سەری نەباتە ناو قوڵفانگەی پەتی قەنارە. یەکێ لە ئەفسەرەکان هاواری لە دوو سەربازەکە کرد، گوتی:
-یاللا بازووی بگرن.
-بێ ئەوەی مەندیلی لەسەر بکەنەوە کە خۆی لە گوندی (قول حەسار)ی شارۆچکەی (خنوس) پێچابووی، بە خورتی سەریان لەناو قوڵفەی پەتەکە نا کە لە لۆزان هۆنیبوویانەوە. مەندیلەکە لە قولفەی پەتەکە گەورەتر بوو، مەندیلەکە بیست  گەز بوو،  شێخ، چل‌و شەش پێچی بەستبوو، مەندیلەکە لە کتانی میسری بوو و بە درێژایی حەفتا رۆژ شەڕو حەفتاو پێنج رۆژ بەندیی لە شاری (دیار بەکر)، لەسەری نەکردبووەوە، ئێستا لەسەری بەربووەوەو گلۆر بووەوە. مەندیلەکە کەوتە بەر پۆستالی ئەفسەرو سەربازەکان. وەک جۆگای شیر چل بووەوە.
ئەفسەرەکە بینی شێخ چاوی دایە گلۆربوونەوەی مەندیلەکەی. بە دەنگێکی تیژ گوتی:
-شێخەفەندی، غەمی لێ مەخۆ! چەند گەز کتانێکی سپییە، تازە بە کەلکت نایە.
شێخ گوێی لە قسەی ئەفسەرەکە نەبوو. خەیاڵی، لەگەڵ مەندیلەکەی لەو بڵندابیە گلۆر بووەوەو شۆڕ بووەوە بۆ پێدەشتی ساڵانی تەمەنی رابردووی.

***

بەری دوو سالا، شێخ لە ئاخیرو ئۆخری هاوین، لە گوندی (قول حەسار)، لە شارۆچکەی (خنوس)، لە حوجرەکەی خۆی دانیشت، مەندیلە کتانە بەنرخەکەی پێچا. قسەو ئامۆژگاری باوکی بیرکەوتەوە کە یەکەم جار مەندیلێکی سپی لە سەری نا:

-مەندیل تاجی دونیایە، کوڕم. هەموو جارێ کە ویستت لەسەری بنێی، دەبێ بیسمیللا بکەی. مەندیلەکە گەورە بێ، یان بچووک، جیاوازی نییە، گرنگ ئەوەیە ئەقڵ گەورە بێ.

شێخ کە ئەم وشانەی بە بیر هاتەوە، بە کەسەرەوە سەیری تاسە ئاوی بەرامبەری کرد. ئەو ڕۆژەی بە بیر هاتەوە کە (پەریخان) کەوتە ناو بیر، ئەو تاسەیەی بە بیرهاتەوە کە لەسەر لێوی بیر بوو، ئاوی تاسەکەی نەخواردەوە. زرنگەی تاسەی (خدر بۆتی) لە بنی کووپی ئاوی مزگەوتی (موش) هاتەوە بەر گوێی خەیاڵ.

ئەو کاتە شێخ تینوو بوو. دەیەویست بەر لەوەی میوانەکانی بگەنە دێ، پێچانی مەندیلەکە تەواو بکاو لەسەری بنێ.

مریدەکان دەهاتنو دەچوون. ورتە ورتەیان دەکرد، گۆشتی بەرخیان لەناو حەفت مەنجەڵی بە زنجیر لێدەنا.

شێخ چاوەڕوانی میوانێکی گەورەی دەکرد. (یووسف زیا بەگ)ی کوڕی (حاجی سوعاد)، نوێنەری پێشووی (بدلیس) لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە (ئەنقەرە)، ئەندامی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان)و ئەو شاعیرەی شیعرەکانی خۆی لە ڕۆژنامەکانی (ڕۆژی کورد)و (ژین) بڵاو دەکردەوە، سەرەڕای هەموو ئەمەیش تێکۆشەری ڕیزی کۆمەڵەی ئازادی!

شێخ دەیزانی حوکوومەت خەفیەی هەنو هەموو جوولانەوەیەکی بەرشکی ناوچەکەی بۆ دەبەن. بۆیە سیمایەکی ئایینی بە میواندارییەکەی (یووسف زیا بەگ)و سوارە یاوەرەکانی دا. بڵاوی کردەوە بە نیازە ئەڵقەیەکی زیکری نەقشبەندی گەورە ساز بدا.

پێش نیوەڕۆ، (یووسف زیا بەگ)و چەند سوارێک گەیشتنە بەر دەرگای ماڵی شێخ. مریدەکان هەر رایان کرد جڵەوی ئەسپەکانیان گرتو بردیاننە تەوڵخانەو ئاوو ئالیکیان دانێ. میوانەکانیش روویان کردە حوجرەی شێخ کە هێشتا هەر چاوی بڕیبووە تاسە ئاوەکە.
(یووسف بەگ) داهاتەوە بۆ دەستی شێخو یاوەرەکانیشی یەک لە دوای چوونە دەستی شێخ. ئینجا هەر یەکەیان لە جێگای خۆی دانیشت.
شێخ دەیەویست نەختێ لەگەڵ میوانە گەورەکەی بە تەنیا بێ. رووی کردە میوانەکانی دیکەو گوتی:
-بەڕێزینە! بە روخسەتتان، من قسەیەکم لەگەڵ (یووسف بەگ) هەس!
دوو بە دوو روویان کردە بەر سێبەری دارتووی سەرکەشی ناوەڕاستی حەوشە، کە چڵەکانی دابووە بەر کزەبایەکی ناسک، بە نەرمی ماچی دەکردن. چۆلەکەکانی سەر چڵەکان هەڵفڕین وەک ئەوەی بزانن ئەو دوو پیاوە چ قسەیەکی گرنگ دەکەنو دەبێ گفتوگۆکە تەنیا لە بەینی خۆیانەوە بێ. چۆلەکەکان بەرەو دوور فڕین و لەسەر لکەکانی دار سوورە چنارەکانی دەوری قەڵای (خنوس) نیشتن.
مریدەکان سەیریان کرد قسەیان دەکرد، دەنگیان زۆر نزم بوو، تەنانەت کزەبای ناسکیش نەیدەتوانی قسەی بەینیان بگوازێتەوە.
مریدەکان زانیان باسی شتێکی گرنگ دەکەن. شێخیان بینی گوێی بۆ قسەکانی (یووسف زیا بەگ) کلۆر کردبوو و تەماشای رووی گەنجو لەڕو غەمگینو سمێڵی جوان هەڵپاچاوو بۆینباغی ملی دەکرد. (یووسف زیا)، لە جووڵاندنی لەشو دەستەکانی دیاربوو، باسی شتێکی گرنگی دەکرد. شێخ داوای دوو تاسە ئاوی کرد. دوای کەمێ یەکێ لە مریدەکان ویستی دوو تاسە ئاویان بۆ ببا، شێخ بە دەست ئاماژەی رەت کردنەوەی داو فەرمانی بە مریدەکە کرد دوور بکەوێتەوە.
مریدەکان بیریان کردەوە:
-مەسەلە چییە؟ ئەو بابەتە چییە باسی دەکەن بە جۆرێ تینوێتی لە بیر بردوونەتەوە؟!

(یووسف بەگ)، لە کاتی قسە کردندا، فێسی سووری لەسەر دەکردەوەو ئارەقەی هەنیەو لاجانگەکانی دەسڕییەوە. ئینجا دەهات سەر لە نوێ تووی قسەی بەسەر بەڕەیەک وەردەکرد کپیو گوێ راگرتنی شێخ چنیبووی.

***

دانە توویەک لە درەختەکە بەربووەوە. دانەیەکی رەشی گەییو! چەند دلۆپە ئاوی شیرینی بە مەندیلی تازە پێچراوی شێخدا پرژا. شێخ دەستی بۆ دانە تووەکە درێژ کرد، دوو سێ جار فووی لێکرد، تۆزی لێ پاک کردەوەو پێشکێش میوانەکەی کرد.

(یووسف بەگ) دنکە تووەکەی وەرگرت، کە لەبەر گەرمای هاوینی (خنوس)، وەک دڵی ئاشقانی دیوەخانەکەی گەیی بوو. لە ناو دەستی رایگرتو لە قسە بەردەوام بوو.

کزەبایەکی فێنک لای چیاکانی (جەولیک)ەوە هات، چلەکانی دارتووە کەی هەژاندەوە کە ئەو دوو مرۆیە لەبەر سێبەری دانیشتبوون. هەروها داوی ئاوریشمی شۆڕابەی فێسی (یووسف زیا بەگی) لەراندەوە. کە (یوسف بەگ) زانی شێخ تەماشای داوە ئارمووشە رەشەکانی فێسی دەکا، خەندەیەکی کرد خەفەتی رووی زیاتر کردو گوتی:

-گەورەم، دەرکەوت ئینگلیز لە داوی ئاوریشمی شۆڕابەی فێسی من زیاتر وازی دەکەن.

شێخ، کە تا ئەو ساتە، زۆر بە وردی گوێی لە قسەی میوانەکەی گرتبوو، دەستی بۆ مەندیلی خۆی درێژ کردو بۆ پێشەوە پاڵی دا تا لێوی لە پێشەوە گەیشتە نزیک برۆ سپیو پەیوەستەکانی. ئینجا بۆ پاشەوەی بردو گوتی:

-چۆن؟ ئێمە خراپەی ئینگلیز دەزانین، خراپەی داوی ئارمووشی فێس چییە؟

-گەورەم، خۆی خراپ نییە. بەڵام کە (با)ی دێ بە لای راستەو چەپەدا دەچێ. لە شوێنی خۆی ناوەستێ.
ئینجا دەستی پێکرد، باسی (لوزان)ی بۆ شێخ کرد:
-تەمادار بووین ئینگلیز لە فشار خستنە سەر تورک بەردەوام بن‌و لەم وڵاتەدا، بمانکەن بە هاوبەش، یان رێگامان بدەن لە تورک جودا بینەوە، سەربەخۆبین‌و خۆمان فەرمانڕەوایی خۆمان بکەین.
ئەو ئاماژانەی ئینگلیز بۆ ئێمەیان داو ئەوەی لە (سێڤر) رووی دا، دنەی داین لە هەندێ ناوچە شۆڕش بکەین. جەنابی شێخ، خۆت دەزانی پێش دوو ساڵ، خەڵک لە (دیرسیم)و (قۆجکیری) راپەڕین. ئێمە نەخشەمان بۆ دانابوو. وامان زەن دەبرد ئینگلیز لە (ئامێدی)و (سلێمانی) هێزەکانیان دەجووڵێنن‌و فرەنسی لە سوریاوە دەبزوون‌و بە هانامانەوە دێن، بەڵام... هەروەها گەورەم، خۆت دەزانی خەڵکەکە چییان بەسەر هات‌و چۆن (توبال ئوسمان ئاغا)ی لاز ئاگری لە دونیا بەرداو لە کۆڵانەی هەموو گوندو شارێک، سەری پیاوانی بە سەری سونگییەوە کرد.
(یووسف زیا بەگ) هێشتا دنکە تووەکەی هەر بە دەستییەوە بوو. شێخ تەماشای دانە تووەکەی کرد و گوتی:
-جارێکی تریش قلە گوێزەکە لە گومەز گیر نەبوو!
ئەوجا پێکەنی‌و سەیری دانە تووەکەی کردو گوتی:
-بیخۆ، پیاو! بیخۆ تا مێروو نەیانخواردووە.
(یووسف بەگ)یش پێکەنی، دانە تووەکەی هاویشتە زاری‌و گوتی:
-گەورەم، چۆن ئەم دانە تووە پێگەیشتووە، ئاوهایش بارودۆخ بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی پێگەیشتووە. پێویستە بەر لەوەی مێرووی لەسەر کۆ ببێتەوە، رایبگەیەنین.
ئەمجا دێرە شیعرێکی سیاپۆشی شاعیری خوێندەوە:

ئەی حەبیبم گەر جەهەننەم داڤە بی تو دانە بی
سەد قەسەم دێ بچمە نێڤ دا ئەز ب قەسدا دانەیێ

سەر لە نوێ تووی خەیاڵی بە بەر پێی شێخی بێدەنگ وەرکرد:
-کۆمەڵەی گەلان بێدەنگە. ئەو فاقەی دامانناپەوە بە سەر خۆماندا تەقییەوە. فاقەکە هیچ دانەی تێدا نەبوو، گەورەم. ئێمە تیفۆکی کوێر بووین‌و بە فاقەوە بووین. کەس دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ ناکا، گەورەم. بەری چەند هەیڤا، چاوم بە لێپرسراوێکی رووسی گەورە کەوت، باسی پەیماننامەی (سیڤر)و رێکەوتنامەی (لوزان)م، بۆ کرد. باسی ئینگلیزو پشتگیریی بۆ (ئەنقەرە)م بۆ کرد، بۆم باس کرد چۆن لە بازاڕی (لۆزان) ئازادی ئێمەیان (بە مووسل) ئاڵشت کرد. گەورەم، ئایا دەزانی ئەو لێپرسراوە رووسە چی پێگوتم؟ گوتی پێویستە دەست لە ناو دەستی حوکوومەتی (ئەنقەرە) بنێین بۆ ئەوەی پیلانەکانی ئینگلیز بپووکێنینەوە. دەیەوێ ئێمەیش وەکو نوێنەرە- پەرژین بێ لە ئێوە-بێ شەرەفەکان بین. کە لە پەرلەمانی (ئەنقەرە)، برووسکەیان بۆ (لۆزان) لێداو گوتیان نامانەوێ لە تورکیا جودا ببنەوە. ئای لە بەختی شوومی خۆمان، گەورەم!! تەنانەت رووسیش، کە سەدان ساڵە دوژمنداریی تورک دەکەن، ئێستا لای تورکەکانن.

(یوسف بەگ)، لەم کۆبوونەوەیەی بن دارتووەکەی ماڵی شێخ (سەعید)، لە گوندی (قۆڵ حەسار)، باسی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان (ئازادی)ی کرد. پێیگوت دەرفەت بۆ ئیستیقلال رەخساوە، حوکوومەتی (ئەنقەرە) سولتانی لاداوەو لە کۆشکەکانی (ئەستەنبۆل) دیلی کردووە کە ئیتر پایتەخت نییە. حوکوومەتی دەروازەی باڵایش رۆیشتووە. (ئەنقەرە) بە ئاشکرا دژایەتی ئیسلام دەکا. زمانی کوردی قەدەغە کردووە، خەڵک بارودۆخیان خراپتر بووە.
-ئەگەر خەڵ بۆ ئیستیقلالی کوردستانیش بە دەنگمانەوە نەیەن، لانی کەم بە هانای دینەکەیانەوە دێن. یا شێخ، لە جەنابت پێوە، کەس ناتوانێ سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە بکا.

لەو دانیشتنەدا، هەردووکیان ڕێک کەوتن. (شێخ سەعید) ئامادە بوو ئاگر لە حوکوومەتی (ئەنقەرە)ی کافر بەربدا. ئامادە بوو ئاڵای جیهادی لە دژ بەرز بکاتەوە. بە بیانووی ئەوە کە حوکوومەتی (ئەنقەرە) کافرەو شەرعی نییە، ئامادە بوو، خۆی فڕێ بداتە ناو دۆژە بۆ ئەوەی دانەی ئیستیقلالی دەست بکەوێ.

کۆبوونەوەکەیان چەند سەعاتێک بەردەوام بوو. مریدەکان بێزار بوون. چاوەڕێیان دەکرد بچنە ناو ئەڵقەی زیکرو لەگەڵ شێخی خۆیان چاو بنووقێنن‌و روو بکەنە خوا، هانا وەبەر شای نەقشبەندو (مەولانا خالید)و شێخەکانی دیکەی ڕێبازی نەقشبەندی ببەن.

کە شێخ‌و میوانەکەی هەستان، گوێیان لە غەڵبە غەڵبێک بوو. کابرایەک فەردەیەکی بە پشتی دادابوو، بانگی دەکرد: (کوانێ شێخ؟ کوا شێخ؟) مریدەکان گرتیان، لێنەگەڕان بچێتە لای شێخ‌و (یووسف بەگ) کە بە تەنیا دانیشتبوون. ئەوان کە چاویان بە کابرا کەوت، هەردووکیان بە یەک دەنگ، هاواریان کرد:

-ئۆی، ئەوە (خالیس)ە!

شێخ بە دەست ئاماژەی بۆ مریدەکان کرد لێی گەڕێن بێ.

کە (خالیسی بدلیسی) گەیشتە لای درەختەکە، شەروالی چۆخی رەشی خەتخەتی لە بەردێک جەڕا، رەتی بردو لەپەوروو بەربووەوە. فەردەکەیشی بەربووەوەو گوێزەکانی ناوی بە گوڕێ وەربوون.

***

قسە وەک دانە گوێزی وشک لە زاری (خالیسی بدلیسی)ی هاوڕێی سەردەمی خوێندنی شێخ لە (موش)، پەرت‌و بڵاو بووەوە. ئەو (خالیسی بدلیسی)یە بوو کاتێ خۆی، پێش هەشت ساڵ، کە دیتی چۆن کاتێ مەلاکان لەگەڵ (مەلا سەلیم) لە سەریان درا، مەندیلیان لەسەر کەوت و گلۆر بووەوە، شێت بوو. لەو ساوە فەردە گوێزێکی بە کۆڵەوە بوو، لێرەو لەوێ دەگەڕا، بگەیشتایە هەر گومەزێک گوێزی تێدەگرت.

(خالیس) بە شێخی گوت:
-ئەوە سێ ڕۆژە لە سەفەرم. پیاو کوو ئەوەندە دووردەکەوێتەوە؟ چوومە (موش)، لەوێ نەمبینیت، رووم کردە (گمگم)و خۆیشم نەمزانی چۆن لە رووباری مراد پەڕیمەوە! کاتێکم زانی لە قونتاری چیای (شەرەفدین)م! لەوێش بۆنی تۆم نەکرد. لەوێ پێیانگوتم شێخ لە (خنوس)ە.. ئایا راستە تۆ لە (خنووس)ی؟
داهاتەوە، ئەو گوێزانەی هەڵگرتەوە کە بە گۆڕێ وەربببوون. دانە دانە خڕی کردنەوەو لە ناو فەردەکەی کردنەوە.

***

ئەو شەوە تاریکو نووتەکە، ئاسمانی (دیاربەکر) چی ئەستێرەی لە هەگبەدا مابوو هەمووی تەکاند. تا کات زیاتر دەڕۆیشت، تێنوێتی زیاتر دەبوو و مردن نزیکتر دەکەوتەوە. چلو شەش لاشە بە هێدیو بە هێمنی لەگەڵ شنەبادا دەلەرانەوە. هەموو ئەفسەرو سەربازو جەندرمەو ئەندامانی دادگاو دختۆر لەبەردەم سێدارەی شێخ کۆبوونەوە. لەو کاتەدا، لای ئەو سێدارەیە، قسە تەنیا بە تورکی بوو. تەنیا لاشە هەڵواسراوەکان بە کوردییەکی نووساو قسەیان دەکرد.
-سەعات دوازدە دەی دەوێ!
دەنگێکی گڕ بە تورکی سینگی تاریکی شەق کردو کاتەکەی راگەیاند. ئێستا شێخ زانی سەعات چەندە.
-لەز کەن!
یەکێ لە ئەفسەرەکان بە تورکی فەرمانی بە سەربازێک کرد تەنیا لە تەک شێخ مابووەوە.
سەربازەکە، کە چاوەکانی بەرگریان لە سێدارەی وەنەوز دەکرد، کە گوێی لە دەنگی ئەفسەرەکە بوو، راچڵەکی. دەستی بۆ پەتی سێدارە درێژ کرد کە لە ملی شێخ ئاڵا بوو. گرێی پەتەکەی نەختێ توند کرد بۆ ئەوەی قوڵفەکە تەسک بکاتەوە. ئینجا بە قەشمەری پرسی:

-هێ. یا شێخ، خۆ ئەمە ئەزیەتت نادا؟!
شێخ ئەوساکە کەوتبووە ناو ئۆقیانووسی خەیاڵو گوێی لێ نەبوو. دەریای تەمەنی شەپۆلی هارو هاجی لێ هەڵدەستاو خۆی بۆ کۆتایی هەڵدەکوتا. بەڵام هێشتا بڕەک گوێزی لە هەگبەدا مابوو لەبەر پێی خوای خۆی بە گۆڕێی وەر بکا کە لە ئاسمان، لەسەر عەرشی نوورانی دانیشتبوو و لە هەنگوینی خەودا نقووم ببوو.
پار بەهارێ، (یووسف زیا بەگ) جارێکی تر بۆ سەردانی شێخ، هاتە گوندی (قۆڵ حەسار). لە (کانی ڕەش)، لەگەڵ (خالد بەگی جبری) هاتبوو. (یوسف بەگ)، بە ڕوویەکی گەشی بێ غەم، کە پێش هەشت مانگ غەمی لەسەر دەڕژایەوە، نامەی (خالد بەگ)ی دایە شێخ. پەپوولەی ئاواتی لەسەر ڕوو کەوتە باڵەفرەو بە شێخی گوت:
-گەورەم، ئێمە شەڕکردنمان لە چارە نووسراوە. ئەوەتا خیلافەت لەناو چوو و سولتانیش سورگوم کرا. خەڵک بە کۆمەڵ دێنە پاڵمان. عەشایرە کوردەکان چەکدار دەکەین. گەورەم، چی زۆرە، چەک زۆرە!! ئەو چەکەی عوسمانلیو ڕووس لە جەنگی گەورەدا دوای خۆیان جییانهێشت، خەڵک هەموویان شاردۆتەوە. لە ئەشکەوتان شاردوویتیانەوەو دایان کردووە. شێخی گەورەم، چەک بە بار، لە گوندان هەیە پێم بڕوا بکە تفەنگ هەیە هێشتا تەقەی پێ نەکراوەو سندووقە فیشەک هەیە چۆن لای ئاغا بەگەکان بوو هەر وەکو خۆیەتی دەستی لێنەدراوە. (سمکۆ ئاغای شکاک)و (شێخ مەحموودی سلێمانی)ش پشتگیریمان دەکەن. قسەمان لەگەڵ دیرسیمییەکان کردووە، زۆرمان زەحمەت لە گفتوگۆ کێشا، بەڵام ئیشاللا ئەوانیش لەگەڵ ئێمە رادەپەڕن. نامە بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنێرین، سکالا دەکەین کە مافمان خوراوەو بۆیان ڕوون دەکەینەوە شەڕمان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانمانە.
پایز، شێخ، لەسەر داوای (کۆمەڵەی ئازادی)، (عەلی ڕەزا)ی کوڕی ڕەوانەی (حەلەب) کردو پێیگوت:

- لەویٚ رانە مەڕێک ببە (ئەستەنبۆل) بۆ خەرجی چالاکییەکانت بیفرۆشە. برۆ لای (سەید عەبدولقادر)و چیت بەسەر هاتووەو لە (حەلەب) چت کردووە، هەمووی بۆ بگێڕەوەو لەوێوە بزڤرە. لە (ماڵی خالد بەگ) یەک دەگرینەوە. .

(عەلی رەزا)، لە ترسی سیخوڕو زماندزان کە حوکوومەتی (ئەنقەرە) لە هەموو جێگایەکی چاندبوون، بە بەرگی چۆدار رووی کردە (حەلەب)، لەگەڵ چەند خانەدان‌و گرەگری کورد کۆبووەوەو هەندیٚ نەخشەیان دانا. لەویٚ، رۆیشت بۆ (ئەستەنبۆڵ)و چاوی بە (سەید عەبدولقادر) کەوت. چەند شەوێک لە (ئەستەنبۆل) مایەوە، ئینجا رووی کردە (ئەرزەڕۆم) بۆ ئەوەی بچێتە ماڵی (خالد بەگی جبری) لە (کانی رەش). (شێخ سەعید)ی باوکی لەویٚ بوو، میوانی (خالد بەگ) بوو.

(عەلی رەزا) بڕیاری داگیرساندنی راپەڕینێکی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو.

-لە یەکی رەمەزان.

-کوڕم، ئەمە دوور نییە؟

-نا. باوکە. یەکی رەمەزان رێکەوتی سەرەتای بەهار دەکا، رێکەوتی نەورۆز دەکا. گوڵ هێشتا نەپشکووتووە، تەنیا کانی‌و سەرچاوە زاون‌و هەروەها دڵیش!

(خالد بەگ) فێسەکەی کەمیٚ لار کردەوەو گوتی:

-کاتێکی لەباریان هەڵبژاردووە. سەرما دەشکیٚ‌و دڵ، بەر لە سروشت، پڕ دەبیٚ لە بەهار.

بەڵام گورگەبۆر شتێکی ئاسان نییە. چاوەدێریی دەکاو خۆی لە کۆزە بەرخی ساوا مەلاس داوە.

-گەورەم، ئەگەر شوان چاوی کرابێتەوە، گورگ ناوێریٚ توخنی مێگەڵ بکەوی!

هەرسێکیان بە داوی باریک، خەونیان بۆ دڵیان دەدووری.

پایزی ئەو ساڵە، (خالد جبری) بە چفرە بروسکەیەکی بۆ ئەفسەرە کوردەکانی (هەکاری) نارد. نووسی:

-بەرخەکان بەرەللا کەن، با شیر بخۆن.

ئەفسەرەکان بە غەڵەتی لە چفرەکە گەیشتن. وەک ئەوەی بەهار داهاتبێ، چوونە چیا. سیخوڕەکانی (ئەنقەرە) چاوەدێریی هەموو چالاکییەکیان دەکردو خۆیان لێ دادەنووساند. چاوەدێری ئەفسەرەکانیان دەکرد لەگەڵ هەزارو پێنج سەد سەرباز چوونە چیا، خەبەری دەوڵەتیان دا. ئەفسەرە کوردەکان تێگەیشتن برووسکەکە داوای نەکردبوو بۆ شۆڕش بچنە چیا، بەڵام تازە کار  لە کار ترازابوو، هیچ دەرفەتی گەڕانەوەیان لەبەردەم نەمابوو. ناچار بوون روویان کردە رۆژهەڵات بۆ ئەوەی لە سنوور ئاودیو بن.

بۆنی راپەڕین دەهات. پەردەی لەسەر لاکەوت و دەوڵەت دەستی بە پشکنین کرد.

رووڤی چۆن دزە دەکا بۆ ناو رەزی مێو، پیاوانی دەوڵەت ئاوها بە ناو گوندو شارۆچکەکان وەربوون. گرەگرەکانی کوردو هەر کەسێکی بۆنی ئاگری لێدەهات، گرتیان. (خالد بەگی جبری)ی میر ئالایان لە (ئەرزەڕۆم)و (یوسف بەگ زیا)یان لە (بدلیس) دەستگیر کردو لە دادگایەکی سەربازی لە (بدلیس) دادگاییان کردن. دەیان کەس گیرانو بە تەلەی پێوارەوە بوون.

شێخ هێشتا لە (قول حەسار) بوو کە خەبەری گیرانی دوو برادەرەکەی بیست. دوای چەند رۆژێک، قایقامی (خنوس) هاتە سەردانی:

-شێخەفەندی، پێویستمان بە ئیفادەی تۆیە. تکایە لەگەڵمان بفەرموو بۆ (بدلیس).

شێخ زانی ئیفادە بیانووە بۆ دەستگیرکرانی. دەترسا نەوەک (خالد بەگ)و (یوسف بەگ) لە ژێر ئەشکەنجەدا، دانیان بە هەندێ شتی نهێنی بەینیان نابێ. ئای خودایە!!

شێخ کۆکی‌و دەستی لەسەر سینگی داناو لە ناو چاوەکانی قایمقام راماو بە دەنگێکی کز گوتی:

-جەنابی قایمقام، من پیاوێکی نەساخم‌و دونیا هەمووی خووسارە. ئایا تۆ پێت ئاساییە شێخێکی زورهانی وەکو من بۆ ئیفادە لێرەوە بچێتە (تفلیس)؟ ئەگەر بە سواری ئەسپیش بچم، سێ رۆژم پێدەچێ. ناتوانم.

شێخ نەچوو. ناوچەی سەرحەدان بەفرێکی کپ‌و سپی لە خۆی پێچا بوو. وەک مەندیلەکەی وا بوو کە تازە گلۆر بووەوە بەر پێی جەندرمەکان. لە شەوێکی کپ‌و هێمندا، هەستا جوببەی کردە بەرو مەندیلی لەسەر ناو دەسەسرە سەوزەکەیشی برد کە خۆری خۆشەویستییەکی سەر ئاوابوونی حەفتا پەڕی لە ناوەڕاست بوو. بەرەو شارۆچکەی (گمگم) تێیتەقاند.

***

# سێبەری سەوزی دڵ

(سێبەر راحەتی پشت پەردەیە.)

(ئیبن عەرەبی)

شێخ دەسەسڕە سەوزەکەی دەرهێنا کە وەکو بەهارێکی شراوەی ژێر بەفری جوببە سپییەکەی وابوو، گوتی:

-جوببە تەنیا ئاگری داگیرساوی تێدایە. ئیتر کەسێکی تێدا نییە بە ناوی (سەعید نەقشبەندی).

دەسەسڕەکەی بڵند کردو پێشانی گوندیو شێخو مەلاو فەقێو مریدەکانی دەوروبەری خۆیدا. کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا. نامەیەک بوو بۆ هۆزە خورمەکییەکان، دیباجەکەی بە عەرەبی نووسرابوو:

(بسم الله الرحمن الرحيم. من محمد سعيد النقشبندی الی رؤساء عشائر الخورمک . السلام عليكم و رحمه الله و بركاته وله الحمد والمنة.)

شێخ لە نامەکەیدا داوای لە سەرۆک هۆزە عەلەوییەکان کردبوو بچنە ریزی شۆڕشەکەیەوە. بۆی روون کردبوونەوە ئەوەی دەیکا، خەباتێکی نەتەوایەتییە نەک ئایینی. شێخ بۆی نووسیبوون: پێویستە رێگای (ئیمام حوسێن) بگرنە بەرو لە رووی زولمو کوفری (ئەنقەرە) بوەستن. ئەم خاکە خڕ کەربەلایە. وەرن هەموومان وەکو (حوسێن) بین.

شێخ وای بۆ نووسیبوون.

خورمەکییەکان، لەباتی ئەوەی بە (بەڵێ)، یا (نەخێر) وەڵامی نامەکەی شێخ بدەنەوە، پوختەو زەریف نامەکەیان گەیاندە دەست قایمقامی (گمگم).

-دیارە، ئیشم لێرە ناڕوا.

شێخ بە ساردی وایگوتو لەو ناوانە رۆیشت، رووی کردە باشوور کە شۆڕشی تێدا دەجۆشا..

خەڵک لە هەموو لایەکەوە چوونە پاڵییەوە. وەک شەپۆڵ گرمەیان لێ هەستا. شێخ، کە بە ئەسپی کەوێتو جوببەی سپی، لەو دۆڵو نهاڵو ڕێگا سەختو هەڵەتانەی چیا دەڕۆیشت، وەکو مۆمێکی داگیرساو وابوو پەروانەی تێ ئاڵابن..

شێخ لە (سالوخان) وەستا. کلۆ بەفر کە دەکەوتە سەر مەندیلو ریشو جوببەی، لەبەر هەناسەی گەرمی زوو دەتوایەوە.

لە ڕکان، دەستی دەلەرزی، دەستی دەماری شینی تێدابوو، دەسەسرەکەی بەو دەستە لەرزانە ڕاوەشاندو گوتی:

-بە دورمانکەرەکان بێژن، بە ژنو بووکەکانتان بڵێن، ئاڵاو بەیداخی وەک ئەمە بدوورن. ئەم بەیداخە دەبێ بە نیشانەی جیهادمان. ئەم بەهارە خۆرێکی تازەمان لێ هەڵدێ.

(کۆمەڵەی ئازادی)، دوای دەستگیرکرانی (خالد بەگی جبری)ی میر ئاڵاو (یووسف زیا) لە (بدلیس)، ناچار بوو شێخ بکا بە سەرکردە. شێخ دەیزانی چارەنووس بارێکی لە توانای خۆی قورستتری لە ئەستۆ بار کردووە. بەڵام چار نییە. بەرەلاکردنی خەڵک بەبێ شوان، بێ غیرەتیو نامەردییە.

شێخ لە دڵی خۆیدا وایدەگوتو بە دوو چاوی غەمبارو توورەو بە ڕۆندک تەماشای دەسەسری (پەریخان)ی دەکرد.

-سوێندم بە خوای بانی سەر، ئەم مەندیلە لەسەر ناکەمەوە تا، یان لە پێناو دینو خەڵک شەهید دەکرێم، یان سەربەخۆیی لە بەینی کەڵبەکانی گورگەبۆرو (خلق فرقەسی - پارتی گەل) دەردێنم.

شێخ سەردانی زۆر گوندی کرد، گوند بە گوند، بە شارەکاندا گەڕا، شار بە شار. نە بەفرو نە باهۆزو نە بای باکوورو نە قەشای ئەستوور، لە بەردەمیا نەبوون بە ئاستەنگ. شێخ تیرێک بوو لە کەوانی چارەنووس دەرچووبوو. هیچ شتێکو هیچ کەسێک نەیدەتوانی شۆڕشی دڵی ڕابگرێ کە خۆرێکی گەشی بەسەردا هەڵاتبوو وەک ئەو خۆرەی لەسەر دەسەسرە سەوزەکەی کێشرا بوو.

ژمارەی مریدەکانی تا دەهات زیادی دەکرد. خەڵک سەرقاڵی دروونی بەیداخی سەوزی وەکو قانە نەعنا بوون، خۆرێکیان لە ناوەڕاست بوو، دەتگوت دیناری زێڕینە.
شێخ، لە گوندی (جانی)، توندو تووڕە بوو. لەبەر چاوی ئەو شێخانەی پێش کەمێ دیتی لاشەیان بە سێدارەدا شۆڕ بۆتەوە، تەسبێحەکەی تووڕ هەڵدا. تەسبێحەکەی لە ئەرزەرۆم کڕیبوو، گوتی:
-هۆ شێخینۆ! مەلاینۆ! خوا شایەدەو ئێوەیش بە شایەد بن. ئەوە تەسبێحەکەم فڕێداو تفەنگم هەڵگرت. گەلی موسلمانان، زیکر بە تفەنگ باشتر دەکرێ!
لەوێ، رووی کردە (کاهکیک)، گوندی (عومەراغا فارۆ). (عومەراغا) بەردەوام قەننەی بە دەمەوە بوو، بچووبایە هەر کوێ ئەڵقەی دووکەڵی سەرسەری ئاشکرای دەکرد. (عومەراغا) تووتنی لە قەننەکەی کردو سوێندی خوارد:
-گەورەم، سوێندم بە گۆڕی محەممەد پێغەمبەر، لە بن ئەم گومەزە سەوزەدا، وەک ئەم تووتنە، خۆم لە پێناوی تۆدا دەسووتێنم.
شێخ پێکەنی. بە دەستەکانی دووکەڵی لەبەر دەمو چاوی لاداو گوتی:
-(عومەراغا)، پێویستە کافرەکانی (پارتی گەڵ) بسووتێنی، نەک رۆحی خۆت.

***

ئەو هەڵمەی لە دوو بڕ ناخی ئەسپی شێخ دەهاتە دەرەوە کە جڵەوی لە دەست چەرکەسی زازایی مەیتەر بوو، دەمو چاوی چەرکەسی زازایی دادەپۆشی. هەڵمەکە لەو دومانەی دەکرد کە (عومەراغا) ئەو رۆژە بە بای دەکرد.
ناوچەی سەرحەدان کەوتە دوای شێخ کە بەرەو چارەنووسێکی پێوار دەچوو. شێخ بەو زستانە بەفراویە رووی کردە (لجە). رووباری (دیجلە) لە دوورەوە، لە ناو بەفردا، لە دەماری ملی (پەریخان)ی دەکرد..

دەسەسڕی ناو گیرفانی سەرەوەی لای دڵی، چرای داگیرساوی دڵی رووناکتر وگەرمتر دەکردەوە.
بەر لەوەی بگاتە شار، لای پردێک سەدان مریدی گوندەکانی (ئەرغانی)و (مەعدەن)و و(ئەکیل)و (هازۆ)و (فارقین)و (هینی)و (جنار)و (باسۆر)و بگرە تا (بەسمەل)و (جەرموک)یش هاتنە لای. هەندێک نەساخو گرفتارو بڕەک شێتو چەندێک شەهتو کەترەو کەڕو لاڵو کوێریان هێنابوو، هاواریان دەکردو دەپاڕانەوەو داوایان لە شێخ دەکرد دوعا بۆ خۆیانو بۆ نەساغەکانیان بکا چاک ببنەوە.
شێخ، شەو لە (دوملی) مایەوە، پیادەو سوارەکانی لەگەڵیدا بوون بەسەر ماڵەکانی گونددا دابەش بوون. رۆژی پاشی کە دووشەم بوو، شێخ ئەڵقەیەکی گەورەی تەوەجوهی بەست.
-کابرا، ئەمە ئەڵقەی زیکر نییە، ئەمە رۆژی حەشرە!
-تۆیش شێخت بینی؟
- چۆن نایبینم؟ دەستیشم ماچ کرد.
-منیش جوببەکەیم ماچ کرد. بە خوا بۆنی بەهەشتی لێ دەهات.
-کابرا تۆ بەهەشتت دیوە؟ ئەو بۆنەی کردت بۆنی کۆڵەگەی عەرشی رەحمانە!
-بۆ من ناڵێن؟ بەخوا، ئاوی دەستنوێژیم خواردەوە. لەمێشەم بوو، سوێندم بە قورئان، یەکسەر چاک بووەوە.
-تۆش سێبەرەکەیت دی؟ سوێندم بە خوا سێبەری سەوز بوو. دیم سێبەری وەک سەوزەگیا کەوتبووە سەر بەفر.
- سوێندم بە قورئان منیش بینیم.
مریدەکان، لە بەینی خۆیانەوە، ئەم قسانەیان دەکرد.
لەم ئەڵقەی زیکرەدا، بۆ یەکەم جار، شێخ (سەعید) هۆنراوەی کوردی بۆ مریدەکانی خوێندەوە. دەچووە لای هەر مریدێک جوببەی خۆی بەسەر دادەداو دێرە شیعرێکی (جزیری)، یان (خانی)، یان (مەولانا خالدی) دەخوێندەوە. هەندێ دێریشی بە فارسیو زازایی خوێندەوە.

که مریدەکان دیتیان شێخ بە دەنگی خۆی کە ئاوازێکی جوانی پیریی تێدا بوو، شیعریان بۆ دەخوێنێتەوە، دەستیان لە حەناس دڵیان لە سەر سینگ داناو بە ملکەچی‌و سەرکزی گوێیان گرت‌و گریان. هەناسەی شێخ گەرمی دەکردنەوە. بۆنی مسکی لە ریشی دەهات، ئەو بۆنە دەیبردنە بەهەشتی پڕ حوورروو نوورو هەمیشە سەوز. ئەوان دەگریان و شێخیش دەگریا. شێخ ئەم شیعرەی (جزیری) خوێندەوە:

کەس ب دادا مە نەپرست، گلە ئو داد چ کەت
تە نەبت دادرەسەک بێهوودە فەریاد چ کەت؟

شێخ، بێ ئەوەی کەس ببینێ، دەسەسرە سەوزەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێناو ئەسرینی پێ سڕییەوە.
دڵنیا بوو کە چارەنووس هەنگاوی بۆ تەلەیەکی جوانی ددان تیژ ئامادە کردووە. دەیزانی دەوڵەتە راراکان پشتیان لە کورد کردووەو ئێستا وەک ورچ خەریکی ئەو هەنگوینەن کە (ئەنقەرە) پێشکێشیان دەکا. دەیزانی لە ناوەندی دەریایەکی هارو هاجدایە، دوورە لە کەنار.
شێخ، دوای ئەوەی ئەم هەموو شتانەی بە بیر هاتەوە ، ئەم دێڕەی لە بن گوێی مریدێک خوێندەوە:

کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها
بەڵێ. ئەوانەی باریان سووکەو لەسەر کەناری گۆلی (لیمان)، لە (لۆزان) پشوو دەدەن‌و قولابیان داوێنە ناو گۆلەکەو چاوەڕێ دەکەن ماسی پێوەبێ، جگەرە دەخۆن‌و خۆیان بە ئاگری ناو سێ کوچکە گەرم دەکەنەوە، چ ئاگایان لە بارو دۆخی شێخ‌و هاوڕێکانیەتی؟ لە کوێ حاڵی ئەو هەزاران هەزار مریدە دەزانن کە بێ ئەوەی بزانن مەسەلە چییە، کۆبوونەتەوە.

خەڵک کە لەسەر کەنارەکانی تایمز، لە ناو تەمو مژو مۆران سلاو لە یەک دەکەنو شەپقە بۆ یەکتر بەرز دەکەنەوە، چ ئاگایان لێیە ئەو بارەی لە ئەستۆی ئەم پیاوە حەفتاساڵییەیان ناوە ، باری مزە؟

کوڕو لاوانی سەر کەناری (ڤۆلگا)ی بەستوو کە ئاگری خۆشەویستی بە لێو دادەگیرسێنن، چ ئاگایان لێیە ئەو ئاگرەی شێخ کردۆتییەوە چۆن لەم گوندانە دەگرێ؟

شێخ چووە لای مریدێکی دی رۆندکی لە چاوە نوقاوەکان دەهاتە خوارێ، دێرە شیعرێکی (جزیری) بۆ خوێندەوە.

مریدەکان، دوای ئەوەی نانی تەوەججوهیان خوارد، چەند کەسێکیان لەگەڵ شێخ چوونە پێگەی (پیر مەنسوور). شێخ، لەبەر دەرگا، بە یاوەرەکانی گوت:

-ئێوە لێرە بن، من بە تەنیا دەچم.

شێخ پێڵاوی لە پێ کردەوە، چووە ژوورەوەو بە ملکەچی چاوەکانی هاویشتە سەر یەک. خەیاڵی سەوزاییەکی دڵگوشای کرد هەر زوو بوو بە سوورێکی وەک خوێن. ترس چرنۆکی لە دڵی گیر کرد. چاوەکانی کردەوەو بە پەلە بۆی دەرچوو. مریدەکان، بە بێدەنگی، وەستابوون. کە چاویان بە شێخ کەوت، لە سەرسامییان دەمیان بەش بووەوە، لە بەینی خۆیانەوە گوتیان:

-چاو دەنە ئەم کەرامەتە! شێخ سێبەری سەوزە. ئای چەند کەسکە!!

شێخ ئاوڕی دایەوەو تەماشای پشتەوەی کرد. سێبەری خۆی بینیو بە زەردەخەنە بە مریدەکانی گوت:

-ئەمە سێبەری دڵە. سێبەری دڵی منە.

ئینجا بە دەنگێکی نووساو گوتی:

-کامەتان ئەسپەکەی لەوانی دی بەبەزترە؟

- ئەسپی من گەورەم. ئەمر کە، لە خزمەتتدام.

- بە ماوەی چەند دەگەیتە (هوزات)؟

-تەنیا دوو رۆژ. یان ئەوپەڕی سێ رۆژ. گەورەم، خۆت دەزانی رێگای (هوزات) رووبارو دۆڵی زۆرە. لەوەیش زیاتر، زماندزانی ئەو حوکوومەتە کافرەن.
شێخ چەند وشەیەکی بە مریدەکەی گوتو داوای لێکرد چەند جارێک دووبارەی بکاتەوە تا دڵنیا بوو لە بەری کردو تێیگەیشت. دەستی لە شانی داو گوتی:
-دە بڕۆ بۆ لای (سەید رەزا) . بە خێرو بەرەکەت بچیو خوا چەپاڵەت بدا!
ئینجا ئاوڕی لە مریدەکانی تر دایەوەو گوتی:
- ئەگەر (سەید رەزا) پشتگیریمان نەکا، ئیشمان شلۆقە.
رۆیشتو مریدەکان کەوتنە شوێنییەوە. چاویان بڕیبووە ئەو بەهارە سەوزەی لە دوای بەفری جوببەی شێخ دەڕۆیشت.

***

لە (لجە)، شێخ لەبەر دەرگای مزگەوت بوو، سوارێکی بینی لە دوورەوە دەهات، دەتگوت بەهارە. بەفر لە بن سمی ئەسپەکەی دەردەپەڕی، دەتگوت رۆحی زستانێکی بەر ئاوزینگانە!.
کە سوارەکە نزیک کەوتەوە، خەڵکەکەی دەوری شێخ لە سێبەری سەوزی رادەمان. شێخ دڵی بە خێرایی لێیدا. بە ئاواتەوە بوو، ئەو سوارە قاسیدەکەی بێ کە پێش چەند رۆژێ رەوانەی (هوزات)ی کرد. بە ئاواتەوە بوو سوارەکە نامەیەکی (سەید رەزا)ی پێ بێ . بە دڵ، رووی کردە ئاسمان:
-خوایە!!
مریدەکان لە بەینی خۆیانەوە کردیانە پستە پست:
-ئەوە (فەهمی)یەفەندی هات.
-ئەمە (فەهمی)ی خەڵکی (لجە)یە.

سوارەکە دابەزی‌و داهاتەوە، سەری بردە بن گوێی شێخ (تاهیر)ی برای (شێخ سەعید)و شتێکی چرپاندە گوێی. ئینجا هەردووکیان چوون لە تەک شێخ وەستان:

-گەورەم، من ئێستا وا لە (دیاربەکر) دێم. تکایە روخسەتم بدەن بە تەنیا قسەیەکتان لەگەڵ بکەم.

شێخ رۆیشت. فەهمییەفەندی کەوتە دوایەوە، مریدەکان وەدوویان راچوون. مریدەکان، بە ئاماژەیەکی شێخ، هەموو لە جێگای خۆیان وەستان و سەرنجیان وەک قەتێ بەردایە دوای سێبەرە سەوزەکە.

-گەورەم، خەڵک راستی مەسەلەکە نازانن، چل رۆژی ماوە بۆ رەمەزان. ئەگەر خەڵکەکە ئێستا کۆبوونەتەوە، زەحمەتە جارێکی تر خڕببنەوە چونکە ورەیان سارد دەبێتەوەو بە دەنگمانەوە نایەن. جگە لەوە، دوای راکردنی (ئیحسان پاشا)ی میر ئالاو گیرانی (یووسف زیا بەگ)و (خالد بەگ جبری)، حوکوومەت چاوەدێری جوولانەوەی هەموو کەس دەکا. گومانی تێدا نییە ئێستا هەنگاو بە هەنگاو چاوەدێری تۆ دەکەن. (کۆمەڵەی ئازادی) بڕیاری داوە جەنابت ئێستا لە مەیدان دوور بکەویتەوەو نەختێ خۆت لە خەڵک بە دوور بگری.

(فەهمی)یە فەندی عەریزەنووسی خەڵکی (لجە)، کە لە پاڵ زمانی کوردیدا، تورکیی‌و فرەنسییەکی باشی دەزانی‌و پاشان ناوی بوو بە میرزای شێخ، لە حوجرەی مزگەوتی (لجە) وای بە شێخ گوت

شێخ سەری بادا، ناولەپی دەستی راستەی بە ریشی داهێناو گوتی:

-بەڵێ، کورم، با وابێ! بەڵام خوا چی مەیلی لەسەر بێ، وا دەبێ.

-ئێوارێ، خەڵک لە مزگەوت کۆبوونەوە. ئەوانەی تازە تۆبەیان لەسەر دەستی شێخ کردبوو، بە شادمانی لەبەر کۆسپەی دەرگا، لەناو پێڵاوان، لەسەر چۆک دانیشتبوون. یەکێ لە ئاغاکانی (هینی) رووی کردە شێخو بە رێزەوە پێیگوت:

- گەورەم، نۆرەی (هینی) هاتووە. سەرفراز دەبین سەردانمان بکەی.

(فەهمی بیلال) بە تی چاو تەماشای کرد. ئەوسا بە چاوێکی پڕ پرسیارو چاوەڕوانی تەماشای شێخی کرد. شێخ لە تووڕەیی (فەهمی)یە فەندی حاڵی بوو. دەمی قسەی کردە ئاغاکەو گوتی:

-ناکرێ. کاتم نییە. با بۆ جارێکی تر بێ!

- ئەز بگۆرێ! لەمێژە ئێمە چاوەڕێی ئەمڕۆ دەکەین. تکا دەکەم سەرفیرازمان بکە!

(فەهمی بیلال) سەرنجێکی لەوەی پێشوو تیژتری لێداو پێیگوت:

-برام، شێخ سەخڵەت مەکە. زستانەو دونیا ساردە.!

- تەلاقم کەوتبێ، تەلاقی هەر چوار ژنم کەوتبێ، هەر دوازدە تەلاقم کەوتبێ، بە هیچ مەزەبێک چاک نەبێتەوە، شێخ سبەی لە گوندی (هینی) میوانی من دەبێ!

شێخ نەیویست خاتری بشکێنێو لە دڵی خۆیدا گوتی: (قەیدی نییە. رۆژێک لە (هینی) دەبم، زەرەری نییە.) ئینجا سەرنجێکی تەوازۆی لە (فەهمی بیلال) داو ئاوڕی لە ئاغاکە دایەوەو پێیگوت:

-ئیشێکی خراپت کرد! سوێند بە تەلاق مەخۆ! بەڵام قەیدی نییە مادام وای لێهات، بۆ خاتری سوێندەکەت سبەی دێمە سەردانی گوندەکەتان. ئەوەی خوا بکا، ناگەڕێتەوە!

مریدەکان لە مزگەوت، لە دەوری شێخی بە ساڵاچوو گردبوونەوە کە چاوی خۆی لەبەر ئێش هەڵدەگلۆفت. وردە وردە کۆڕەکە بڵاوەی تێکەوت. کونەکانی حوجرەکە، کە ورتە ورتی زکری نەقشبەندیی لێدەهات؟، پڕ بوون لە قندیلۆکەی زمانە زێڕ، رەنگی سەوزیان لێ دەبووەوە.

***

(با)ی باکوور لە (هینی)، بە شێوەی قادرییەکان ، بە نەڕە نەڕ زیکری دەکرد. (با)کە وەک شوان هەوری کۆوەبووی وەک رانە مەڕ، بەرەو (دیاربەکر) رادا. یەک پەلە هەور چییە، لە ئاسمان نەما.

شێخ، بە هۆی ئەو بەفرەی لەو رۆژانە بارییبوو، چاوەکانی ژانیان دەکرد. کلی سەردەمی گەنجێتی بیر کەوتەوە کە (پەریخان) بۆی دروست دەکرد. دڵی یەشا.

هێمانی شێخ لە ماڵی ئەو ئاغایە چووە دەرەوە کە سوێندی بە تەلاق خوارد دەبێ شێخ لە گوندەکەی سەردانی بکاو رووی کردە مزگەوت، دیتی یەکێ لە مریدەکانی، لەلای بازاڕەوە دەهات. کە مریدەکە گەیشتە لایەوە، سەری دانەواندو بە ملکەچی گوتی:

-گەورەم (عەبدوڕەحیم)ی برات بە خۆو بە سەد سوارەوە لێرەیە.

شێخ بە زراوچوویی پرسی:

-(عەبدورەحیم)؟

(عەبدوڕەحیم) لە حەوشەی مزگەوت بوو. تفەنگی مارتینی لە تەنیشت بوو، قسەی بۆ کۆمەڵە جەنگاوەرێکی قەلبینی و دێرەیی‌و پیرانی دەکرد. کاتێ چاویان بە شێخ کەوت، هەموو هەستانەوە، یەک لە دوای یەک، داهاتنەوەو دەستی شێخیان ماچ کرد. شێخ بە روویەکی گرژ تەماشای برای کردو بە وشکی پرسی:

-(عەبدوڕەحیم)، خێرە؟!

-برام، بەر لەوەی یەکێکی تر داوەتت بکا، ئێمەیش دەمانەوێ بێیتە (پیران).

- ناتوانم. کاتم نییە.

جەنگاوەرە یاوەرەکانی (عەبدورەحیم) پاڕانەوە، گوتیان:

-تکات لێ دەکەین گەورەم، بە خەڵکمان گوتووە جەنابی شێخ دێنین. سوێندمان بەخوا دەبێ لەگەڵمان بێی.

-پێمگوتن ناتوانم. ناکرێ.

-تکات لێ دەکەین، برام، لەگەڵمان وەرە. ئەتۆو گۆڕی بابم، ئەگەر نەیەی!!.

من ئەوە هەشت ساڵە لە (پیران)م، چاوەڕێی ڕۆژێکی وا دەکەم. چوومە ماڵی (مەهدی)ی برام لە (سارد). تۆیش ئەوەتا لە (هینی)، وەرە (پیران)یش.

-(عەبدوڕەحیم) پاملی مەکە! ناتوانم بێمو ناشتوانم بۆت باس بکەم بۆچی ناتوانم لەگەڵتان بێم.

- گەورەم، (پیران) نزیکە. بەرداوێژێک لێرە دوورە!.

زۆریان گەنگەشە کرد. شێخ بۆی دووبارە دەکردنەوە ناتوانێ بچێ کەچی (عەبدوڕەحیم)و یاوەرە لاملەکانی وازیان لە داوەت کردنی نەدەهێنا.

-(عەبدوڕەحیم) لەگەڵتان دێم. بەڵام دەبێ بزانی ئەم جەنە گرتنەی تۆ بە هیلاکمان دەدا!.

شێخ ئەم قسەیەی بە دڵشکاویو مرووز گرژی کرد. باهۆزی نائومێدی بەسەردا وەزیو ئینجا چوو بە غەمگینی لە میحراب دانیشت.

دوو چاوە شەکەتەکانی داخستو وەک ئەوەی زیکر دووبارە بکاتەوە، دووبارەی کردەوە: گێلن، گێلن!

***

-گێلن!

شێخ، تەماشای برایو سەلەفە سوارە چەکدارەکەی کرد کە بردیانە (پیران)و لە دڵی خۆیەوە کە نائومێدی گوشیبووی، وایگوت.

نەیدەتوانی بۆیان باس بکا بۆچی نایەوێ لەگەڵیان بچێ. سووربوونی لەسەر گۆزەگۆز نەکردن نەخشەکانی ئاشکرا دەکرد. دەبوایە لە یەکی ڕەمەزاندا، تیری ڕاپەڕین بە کەوانی قەدەر باوێ. نەدەبوو باس بکا ئەو دڵانەی پڕن لە تووڕەیی ساڵانە لەگەڵ کرانەوەی گوڵو کڵووک دەکرێنەوە.

شۆفار لە هەموو جێیەک هەبوون. ئاشکرا بوو جوولانەوەکانی لەوە دەرچووبوو تەنیا سەردانی گۆڕی وەلیو پیاوچاکانو ڕێنمایی خەڵکو هاندانیان بێ بۆ تۆبە.

-گێلن!

-شێخ ئەم وشەیەی دووبارە کردەوە، ئینجا دەسەسڕە سەوزەکەی لەبەر پشدێنی دەرهێناو چاوی سڕییەوەو بە تووڕەیی گوتی:

-گێلن! بەخوا گێلن!

شێخ، لەوێ، لە ماڵی (عەبدوڕەحیم)ی برای، چاوی بە قاسیدەکەی کەوت کە بۆ لای (سەید ڕەزا)ی ناردبوو. نەختێ هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا. لە تەنیشت خۆی دانا، هەموو گیانی: دڵو ڕۆحو چاوو گوێی، بوون بە پرسیارێکی گەورە:

-چی گوت؟

-گەورەم...

قاسیدەکەی دەمی تێک ئالا. خووزی قووتدایەوە. بە غەمباری هەندێ قسەی بێ سەروبەری کرد. شێخ بە توندو تووڕەیی گوتی:

-پێم بڵێ چی وەڵام دایتەوە؟

-گەورەم، ناتوانی شۆڕش بکا.

شێخ دوو چاوە کولەکانی سڕییەوە، ئینجا لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشای ئاسمانی کرد. دەتگوت تەماشای ئاوێنەی چارەنووس دەکا. بە کەسەرەوە، ئاخنکێکی هەڵکێشاو گوتی:

-کوڕم شۆڕش دەکا. کوڕم، شۆڕش دەکا. بەهارێک دێ شۆڕش دەکا بەڵام ئەو حەلە شۆرشەکەی هیچ بە کەلکی ئێمە نایە.

لە پڕ، تاڵییەکی لە رادەبەدەر شۆڕبووەوە ناو گەرووی، دەتگوت یەکێ دەستی لە خنخنۆکی ناوە، دەیەوێ بیخنکێنێ.

***

# سێبەر لە بڵێسەدا ون دەبێ

(پێتان دەڵێم دراوسێ چەند تەفرەیان دام بۆ ئەوەی بێمە ناو ئەم پێشبڕکێیە؟)

(سەلیم بەرەکات)- دیوان

ئەو پەتەی لە ملی شێخ ئالابوو نەختێ گەرووی گوشی. ئاوێکی تاڵ لە دەشتی زاری وشکو تینووی دەربوو، رووباری زەقنەبووتی بیرەوەریی لە بیابانی خەیاڵیدا رۆیشت.

-(سەید رەزا) بە هانامانەوە نەهات. (سمکۆی شکاک٩ نەهاتو (شێخ مەحموود)ی سلێمانیش نەهات. بەڵام لانی کەم ئەوان وەکو سەرۆک هۆزەکان، لە پشتەوە خەنجەریان لێ نەدام.

دووبارە گوێزەکەی (خدر بۆتی)و (خالیس بدلیسی) بیر کەوتەوە.

-ئەو دانە وەزییەی منیش هاویشتم لە گومەزەکە گیر نەبوو.

رێگاو کۆڵانە تەسکەکانی خەیاڵی سیخناخ بوون لە وێنەی (عەبدورەحیم)ی برایو ئەو سوارە چەکدارانەی لە شوباتێکی شێتدا، بازارو شەقامەکانی (لجە)یان پڕ کردبوو.

-(عەبدورەحیم)، خۆزگە لەگەڵت نەهاتبام بۆ (پیران)! بریا بە قسەم نەکردبای! من چیم کرد؟ تۆ چیت کرد (عەبدورەحیم)؟!

بەو تاریکە ئەنگوستەچاوە، بەهاری ساڵی بووری وەکو مافوورێکی سەوز، لە پێش خەیاڵ دەرکەوت.

***

مانگو نیوێک مابوو بۆ رەمەزان. زستان مافوورێکی لە بن بەفر شاردبووەوە، پەنجەی رۆژگار دەیچنیو نەخشی زێڕینی وەک خۆری لەسەر دەکرد.

مریدەکان لە ماڵی (عەبدوڕەحیم)، بە بێ دەنگی، دەوریان لە شێخ دابوو. سەریان دانەواندبوو، دەستیان لەسەر سنگ دانابوو، لەسەر چۆک دانیشتبوونو تەماشای زەوییان دەکرد. شێخ لە هەندێکیان ورد بووەوە. نهێنی جۆراو جۆریان لە دەمو چاودابوو. سەری بۆ لای برای لارکردەوەو قامکێ بۆ یەکێ لە دانیشتوان راداشتو گوتی:

--ئەوە کێیە؟

-ئەوە وەلی (هەدیک)ی خەڵکی (قەلبین)ەو ئەوەی تەنیشتی (حەسکیی عەلێکی) خەڵکی (دێرە)یەو ئەوەی سێیەم...

- بۆچی تفەنگیان هەڵگرتووە؟

- قاچاغی دەوڵەتن، مەحکوومن.

-مەحکووم لە کۆڕی من چ دەکا؟

-برام، ئەوانە میوانن. میوان. پاش دەمێکی دی دەڕۆن.

لەناکاو، یەکێ لە دانیشتوان، لەوانەی وەکو شێخ، چەکدارەکان سەرنجیان راکێشا، هەستا، رۆیشتو ئاوڕی نەدایەوە.

(عەبدوڕەحیم) چاوی لە بەینی شێخی برایو ئەو چەکدارانەی شێخ ئامادەی بۆ کردن، دەگێڕا. ئەوەی ناسی کە زوو دەرچوو. بەڵام قسەی نەکرد چونکە نەیویست زەوقی (شێخ سەعید)ی برای تێک بدا. ئەویش بە دەوری خۆیەوە دیتی چ رووی داو بە توندو تووڕەیی گوتی:

-ئەدی ئەوە کێ بوو تازە دەرچوو؟

(نەبۆ ئاغا کەلەش)، کە لە تەنیشت شێخ دانیشتبوو، بە تەمسەری گوتی:

-گوێ مەدەرێ گەورەم، ئەوە (ئیبراهیم حاجی عەلی)یە. شۆڤارێکی دەوڵەتە، پیاوێکی – حاشەکی تۆ- بێ ئەدەبە.

شێخ زیاتر تووڕە بوو. چاوی بڕییە برایو (نەبۆ ئاغا)و بە غەمباری گوتی:

- باشتان نەکرد. دانە گوێزەکەتان لە دەست دام.

-گوێز؟

هەردووکیان بیریان کردەوە: (نەبۆ ئاغا)و برای شێخ، تەماشای یەکتریان کرد، لە مانای قسەکە نەگەیشتن. (نەبۆ ئاغا) گوتی:

-هیوادارم شێخی گەورەمان زەوقی تێک نەچێ. مێشکی خۆتی پێوە خەریک مەکە، گەورەم.

-چۆن مێشکی خۆمی پێوە خەریک نەکەم، (نەبۆ ئاغا)؟ هەنووکە دەچێتە پۆلیسخانەو خەبەری پۆلیس دەدا.

-پۆلیسخانە! گەورەم، ئەو پۆلیسخانەیە تازە دروست کراوە. لێرە نزیکە، لە گەڕەکی (جەللان)ە. تەنیا چاوەشێک‌و دوو سەربازی کلۆڵی تێدایە. هەموویان دەناسین. یەکێ لە سەربازەکان (ئیبراهیم)ی بەندەتە کە پێش نەختێ دەرچوو.

-ئیشێکی باشتان نەکرد! دانە گوێزەکەتان لە دەست دام.

شێخ بە غەمباری دووبارەی کردەوە، ئینجا ئاوڕی لە (چەرکەسی زازایی)ی مەیتەری دایەوەو گوتی:

-مەحکوومەکان لە کۆڕی من دەرکەنە دەرەوە. بیانبەنە ماڵێکی تر. یان با لە ژوورێکی تر دابنیشن.

-مەحکوومەکان یەک لە دوای یەک چوونە دەرەوە.

مریدەکان سەریان سوڕما. (نەبۆ)و برای شێخ دووبارە تەماشای یەکتریان کردو بیریان کردەوە: (شێخ باسی چ گوێزێک دەکا؟ هیچمان لەناو دەستی نەبینی. دەبێ ئەمە یەکێک بێ لە کەرامەتەکانی؟)

شێخ بابەتەکەی لە مێشکی خۆی هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد. کە ویستی کۆڕەکە جێ بێڵێ، لە (پیران) بڕواو بچێتە (هینی)، گوێی لە دەنگەدەنگی زەبتیەو جەندرمەی پۆلیسخانە بوو. لە کۆڕی خۆی ڕەق بوو. دەتگوت لە زەوی کوتراوە.

جەندرمە چەکدارەکان بە ژووریّ کەوتن، سەرۆکی پۆلیسخانە بە پێش کەوتبوو، بێ ئەوەی سەلام بکا، هاواری کرد:

-کوا؟ مەحکوومەکان، لە کوێن؟

زایەلەی پرسیارێکی هەتیو لە کۆڕەکەدا دەنگی دایەوە:

-چیتان لێ دەوێن؟
سەرۆکی پۆلیسخانە بە توندی گوتی:
-ئێمە لە دوای فیراریانی دەوڵەت دەگەڕێین.
-(نەبۆ ئاغا)و (عەبدوڕەحیم) خوێنیان لە دەمار جۆشا. هەستانەوە بۆ ئەوەی لە رووی سەرۆکی پۆلیسخانە بوەستن، بەڵام شێخ ئاماژەی بۆ کردن و داوای لێ کردن دابنیشن. ئینجا رووی کردە سەرۆکی مەخفەرو گوتی:
-ئێمە ئێستا لە کۆڕی مۆچیاریو ڕێنماییین. خۆتان دەزانن ئەمڕۆ هەینییە. هەموو کەس دێن بۆ ئەوەی گوێ لە ئامۆژگاری بگرن. دەرکردنی ئەوانەی دەتانەوێ بەم شێوەیە، شتێکی جوان نییە. جگە لەوە ئەوانە لە کۆڕی من نین.
- یا شێخەفەندی، ئەوانە حوکمیان لەسەرەو قاچاغی دەوڵەتن. تاوانی کوشتنیان لە ملە. ئەرکی سەر شانی منە دەستگیریان بکەم. یانی چی جوان نییە؟
-بەڕێز، من ئەرکی تۆ دەزانم، بەڵام تکا دەکەم بۆ خاتری من بابەتەکە دوا بخە! ئێستا کەمێکی تر، من لەم کۆڕە دەڕۆم، ئەوسا کەیفی خۆتە! چ دەکەی، بکە!
سەرۆکی پۆلیسخانە سمێلی خۆی بادا. سینگی دەرپەڕاند. دەستی دایە بڕنۆو بە توندی گوتی:
-ئەفەندی، ئێمە دەبێ رێزی دەوڵەت بگرین. سەردەمی عوسمانلییان رۆیشت. ئێستا یاسا هەیە، کۆمار هەیە.
(نەبۆ ئاغا) خۆی پێ رانەگیرا. تفەنگی مارتینی بڵند کردو لە سەرۆکی پۆلیسخانەی راگرت. سەرۆکی پۆلیسخانەو جەندرمەکان هەنگاوێک کشانەوە دواوە، بەڵام نەچوونە دەرەوە. (نەبۆ ئاغا) بە دەنگێکی گەورە هاواری کرد:
-هەی بێ تەربیەتینە! هەر ئێستا بڕۆن، لێرە نەمێنن! گوتم بڕۆن!

(عەبدوڕەحیم)یش دەستی دایە تفەنگەکەیو بە توندی لە سەرۆکی پۆلیسخانەو جەندرمەکانی ڕاگرت. ناچاری کردن لە کۆڕەکە دەربچنو بە بێ وەستان ڕوو بکەنەوە پۆلیسخانە.

شێخ لەو ڕووداوە حەپەسا. نەختێ بێدەنگ بوو، ئینجا هاواری کرد:

-ئەوە چییە؟ شتی وا نەکەن. مەسەلەکە وا چارەسەر ناکرێ.

دەنگی شێخ، وەک هاواری خنکاوێک شەپۆل لوولی بدا، لە حەوشە بزر بوو. هەموو مریدەکان چوونە دەرەوە. حوکمدراوەکانیش چوونە دەرەوە. ئەوان لە ژوورێکی تر بوون. دەستیان دایە تفەنگو کەوتنە دوای (نەبۆ ئاغا)و (عەبدوڕەحیم)ی برای شێخ.

(شێخ سەعید) هەر هاواری دەکردو گازی دەکردن. کەس ئاوڕی لێنەدایەوە:

-گێلن... گێلن... زۆر گێلن.

سکریی هاوارەکەی بەری شەپۆلی تووڕەیی جۆشاوی دڵی ئەو مرۆیانەی نەگرت.

خۆیو دەسەسڕەکەی بە تەنیا لە کۆڕەکە مانەوە. تەماشای خۆری گەشی ناوەڕاستی دەسەسڕەکەی کردو بە حەسرەتەوە گوتی:

-پێش وەخت هەڵاتی، ئەی خۆر.

ئینجا جوببەکەی لە خۆی لوول داو بە لەز لە ماڵەوە دەرچوو.

کە (چەرکەسی زازایی)ی مەیتەری بینی، بە ڕێزەوە لەبەر دەرگا وەستاوە، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. ڕووی کرایەوەو بە هێمنییەکی تێکەڵ بە مەندەهۆشیی، گوتی:

-(چەرکەس)؟ وامزانی تۆیش لەگەڵ ئەوان چووی!

-گەورەم، چۆن بە تەنیا جێت دێلم، ئەز بەنی!

هەردووکیان لەبەر تیشکی هەتاوێکی کاڵ ڕوویان کردە مزگەوت.

***

شێخ ملی لەناو قوڵفەی توندو شەتەک درێژ کردو سەرنجێکی لە جەستەی (چەرکەسی زازایی) دا. سەری بۆ لای شێخ لار ببووەوە بایەکی غەموون دەیلەراندەوە.
شێخ ملی ئێشا. ویستی بکۆکێ، هەنسکێکی وەک ناڵەی، لە گەرووی تۆق کراو هاتە دەرەوە. لەپڕ سەربازێک لێی چووە پێش‌و دەستی بۆ پەتەکە درێژ کرد. شێخ ویستی پرسیارە دواخراوەکەی بۆ خوای ئامادە کردبوو، لە ئاسمانی رەشی وەک دەفرێکی تەنیگرتوو بکا. زۆر سەرسام بوو کە دیتی سەربازەکە پەتەکەی نەختێ لە دەوری ملی شل کردەوە. ئاخۆ دەبێ چ قەوما بێ؟ ئایا دەشێ پەرجۆ رووی دابێ؟ فەرمانی لە سێدارەنەدانی لە (ئەنقەرە) دەرچووبێ.؟
ئایا دەشێ هەموو ئەوەی تا نها بینی، خەون‌و خەیاڵ بێ؟ ئایا دەبێ وابێ؟ لەوانەیشە قولفەی پەتەکە کە گەرووی گوشی، خەیاڵی گەشاندبێتەوە؟ یان لەوانەیە رۆحی خەریک بێ دەربچێ‌و ئەوەی ئێستا دەیبینێ لەبەر دەرچوونی رۆحە؟ پرسیاری دواخراوی بۆ خودا، لەناو زۆر پرسیاردا ون بوو لە ناو دڵی سەرگەردان‌و تێکشکاوی هەڵتۆقان..
سەربازەکە، بە گورجی‌و خێرایی سەری شێخی لە ناو قولفەکە دەرهێناو جلی سپی لە سێدارەدانی کردە بەرو گەڕایەوە بۆ ئەوەی پەتەکە بکاتەوە ملی، ئینجا کشایەوە دواوە.
چی تاڵی لە زاری کۆببووەوە، هەمووی شۆڕ بووەوە ناو گەرووی. نەختێ تینوێتی هەرەژی خۆی لەبیر کرد.
یەکێ لە سەربازەکان بە رەقی هاواری کرد:
-یاللا زوو ئەو قوماشەی لە سەری لوول دە.
سەربازە کپەکە داهاتەوەو مەندیلی شێخی هەڵگرتەوە کە لەسەر زەوی کەوتبوو، بە لەز لوولی داو هەرچۆنی بوو لەسەر سەری شێخی دانا. جەندرمەو ئەفسەرەکانی لەوێ گردببوونەوە پێکەنین. قامکیان بۆ جلکی لەسێدارەدان راداشت کە پێش کەمێ لەبەریان کردو یەکێکیان گوتی:
-چاودێ چاودێ ! شێخەفەندی، جلەکە یەک بە بەژنی خۆتە.

شێخ هیچ ئاگای لەوان نەبوو. بە خەیاڵ لە مزگەوتی (پیران) بوو. کاتێ شێخو (چەرکەس زازایی)ی مەیتەری بە لای خەڵکی (پیران)دا دەڕۆیشتن، لەبەر تەکبیر لێدانی خەڵکەکە گوێی لە پێتڕانکی ئەفسەرو جەندرمەکان نەبوو.

(نەبۆ ئاغا)و (عەبدوڕەحیم)و قاچاغەکانی دەوڵەت سەریان لە دوو سەرۆکی پۆلیسخانەو جەندرمە زراوچووەکان نا. هەموو عالەم چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی سەیری ئەم دیمەنە بکەنو هێرشبەران هان بدەن.

-لە دایکو باوکمتان کەوێ، لێیان دەن!

- تەقەی لێ بکە! گوللەیەک لە تەختی تەوێلی ئەو بێژمۆتە خوێڕییە دە.

ئەو سەرۆک پۆلیسخانە بێ ئەدەبە بئەنگێوە! بەری دەوە!

شێخ بە دەنگی بەرز، گازی کرد:

-بگەڕێنەوە گێلینە! گوێزەکەتان چواندم، گومەزەکە مەڕووخێنن. وەرن سەرکێشینە! وەرن لەباری مەبەن!

دەنگی شێخو بانگی پیرانەی لە ناو گیزەی گوللەو دەنگی تەقەو هاتو هاواری خەڵک بزر بوو.

شێخ لەو زەردەپەڕەدا، سێبەری درێژ ببووەوە. جگە لە مەیتەر کەس بایەخی بە سێبەری شێخ نەدەدا. خۆر بە ترسو نیگەرانی چووبووە سەر ئاوابوون. تیشکی خۆر، ئاسوی ساردی، بە رەنگی خەنە بۆیە کردبوو. لەپڕ (چەرکەسی زازایی) هاواری کرد:

-گەورەم!

-چییە کوڕم؟ خێرە؟

- سێبەرت، گەورەم، سێبەرت، رەنگی زەردە.

شێخ ئاوڕی دایەوە. سێبەری خۆی وەکو پایزی بریندار بینی لە تەک دیواری مزگەوت کەوتبووە سەر بەفر. هەوری خەفەت دەمو چاوی ژاکاوی داگرت. بە دەنگێکی وەکو ناڵە گوتی:

-ئەمە سێبەری رۆحمە. (چەرکەس)، ئەمڕۆ رۆحم ژاکا! پایزی رۆحە، کوڕم!

چووە حەوشەی مزگەوت.
(شێخ سەعید) لە میحراب دانیشت. رووی کردە لای باشوورو چاوەکانی چوقاند. مەیتەر وەدووی راچوو و بێ ئەوەی هیچ دەنگ بکا، لە پشتییەوە دانیشت. شێخ، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، گوتی:
-(چەرکەس)، ئەسپی کەوێتم بۆ زین کە! ئەم شەو دەڕۆین.
کە تاریک کەوتە عەردی، شەڕی مەحکوومەکانو ئەوانەی پۆلیسخانە تەواو بوو. بەندییەکان بەرەلا کرانو ژنان هەڵهەلەیان لێدا. هەراو هۆریایەکی گەورە، بە تەکبیر لێدان، رووی کردە مزگەوت.
(نەبۆ ئاغا)و (عەبدورەحیم)و مەحکوومەکان دەڕۆیشتنو ئەوانەی پۆلیسخانەیان بە باڵ بەسراوی، بە پێش خۆ دابوو. لاشەی زۆر پۆلیسیش لە پۆلیسخانە کەوتبوو.
شێخ چووە دەرەوە بۆ بەر دەرگای مزگەوت. تاریک کەوتبووە هەردی. دەمو چاوەکانی لێک نەدەکردەوە. رووی کردە حەشیمەتەکەو گوتی:
-زوو هەڵاتو زوویش ئاوا دەبێ.

***

تازە رۆژ هەڵاتبوو. بەفری دۆڵو نهالی (هینی)و بەفری دوندی چیاکان لەبەر گەزەنگی رۆژێ دەبریسکایەوە. جوببەی شێخیش لەبەر تیشکی ئەو خۆرەدا دەبریسکایەوە.
شێخ رووی کردە لای (داراهینی). بە ئاواتەوە بوو ئەو ئاگرەی لە پیران هەڵگیرسا زوو دابمرکێتەوەو نەپەڕێتەوە ناوچەکانی دیکە.
-ئاگرێک شێت هەڵیبگیرسێنێ بە هەزار ئاقڵ ناکوژێتەوە.
وایگوتو تەماشای خۆری کرد لە لای (میافارقین) هەڵاتبوو.
(چەرکەس) جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو و سوارو مریدەکان بە کپو بێدەنگی لە دوای دەڕۆیشتن. سمی ئەسپەکانیان بە بەهاری کوژراوی ژێر بەفر دەکەوت.

ئەو ئاگرەی لە (پیران) هەڵگیرسا، دەورو بەری گەرمو روناک کردەوە: (هینی)، (داراهینی)، (ئەلازغ)، (خنوس)، (مەعدەن)، (گمگم)، (ئەرغانی)، (لجە)، (جەرموک)، (مەلاتییە)و دەیان گوندی دیکە، هەموو هاتنە ناو ئەڵقەی سەمای ئاگرین. بەفر لە ژێر پێی مریدو گوندییان توایەوە. هەر کەسە لە جێی خۆی هەستاو بە فەرمانی ئاغای گوندو پیاو ماقووڵەکانی راپەڕیو فەرمانبەرانی دەوڵەتو چاوەشو قایمقامو سەربازیان دەستگیر کردن. بینای تەلەگرافو پۆلیسخانەکانیان گرتو بەیداخی سەوزیان لەسەر هەڵدان. بەیداخەکە خۆرێکی زەردی وەک سێبەری شێخی لە ناوەڕاست دەدرەوشایەوە، بچووبایە هەر شوێنێ، لەسەر بەفر بە دوایەوە بوو.

شێخ، لە (داراهینی)، دەستی بە نامەناردن کرد. بە ناوی (میری موجاهیدین محەمەد سەعید نەقشبەندی) مۆری دەکرد. زۆر نامەی بۆ شێخو ئاغاو بەگەکانو تەنانەت بۆ ئەوانەیش نارد چەند ساڵ بوو کلکیان لەگەڵ سەرۆک کۆمار کردبووە یەک.

شێخ فەرمانی دا دیلەکان بەربدەن. هەر یەکە نامەیەکی لە دەست نان بۆ سەرۆک عەشیرەتەکەیان ببەن. سەدان دیل سەدان نامەیان بردو شێخ، سەدان سەعات چاوەڕێی وەڵامەکانی کرد بەڵام هیچ وەڵام نەهاتەوە.

هەندێ ئاغاو بەگ کە لەبەر رارایی لە دیوەخانوکوشکی خۆیان بزمارکوت ببوون، تەتەری نهێنییان رەوانەی لای شێخ کردو خەبەریان بۆ نارد:

-ئەگەر (دیاربەکر) بگرن، ئێمەیش لەگەڵتان دەبین.

شێخ لە گەڕانەکەیدا، لە (خنوس)ەوە تا (پیران)، زۆر هۆزی ناکۆکی پێک هێنایەوە، خوێنبایی زۆری داو لەگەڵ هۆزەکان لەسەر شۆڕش رێک کەوت.

هەرچەندە دەیزانی ئەوەی دەیکا لە نانی دەرە دەکا، زوو ورد دەبێ، لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆر پردی لە بەینی هۆزە ناکۆکەکان چێ کرد بۆ ئەوەی مێگەلی ئاواتی لەسەر بپەڕێتەوە بۆ ئەو بەهارەی زوو هات.***

-ئەم سێدارەیەی پاش کەمێکی تر پێیدا شۆڕ دەبمەوە، پردێکە دەمگەیەنێتە خودای تەعالا.
شێخ خووزی تاڵی قووت دایەوەو لە دڵی خۆیدا وایگوت.
-شێخ نەیدەزانی چەند خولەک ماوە سەربازی تەنیشتی پێلەقە لە کورسی بن پێی بدا.. ئیتر لاشەی وەکو ئەوانەی تر شۆڕ دەبێتەوە.
ئەسپی پرسیاری دواخراوی بۆ خودای زین کرد. خەریک بوو لە بیابانی ئاسماندا تێی بتەقێنێ ئەستێرەی تێدا ون ببوون، بەڵام دانی بە خۆیدا گرتو بێدەنگ بوو. ئینجا بازی خەیاڵی بەرهەڵدا بۆ ئەوەی لە دەوری دوا رۆژەکانی بەهاری بووری ژیانیدا بخولێتەوە کە ئێستا وەکو قەتێی لێهاتووە، لە پێش گۆلی چاوەکانی دێ‌و دەچێ.
بناغەی حوکوومەتی شۆڕش، لە (داراهینی) داندرا. میری موجاهیدین، (شێخ سەعید) بەردەوام نامەی بۆ سەرکردەی بەرەکان رەوانە دەکرد. هەر جارەی دەگەیشتە جێگایەکی نوێ، لە ئەسپەکەی دادەبەزی‌و نوێژی شوکری بۆ خودا دەکرد.
ئاواتەکانی، کە لە (پیران) وەک دەفری سواڵەت تێک شکان، بە خێرا سەرکەوتنە پەیدەرپەیەکانی، یەکیان گرتەوە.
کاتی ئەوە هات روو بکاتە (دیاربەکر).
-دوا شەڕ لە (دیاربەکر) دەبێ..
لە گوندی (هینی)دا، وای بە (عومەر فارۆ)و هاوڕێکانی تری گوت.
سەرکردەکانی بەرەکان بە یاوەری ئاغاو بەگو هەزاران رەعیەتەوە روویان کردە (دیاربەکر). (عومەرئاغا) لە رێگادا، خۆی گەیاندە شێخ، قەننەکەی دەرهێنا، دوا قومی لە تووتنی داگیرساوی داو گەوارە دووکەڵێکی گەورەی بەرەڵلای سەر سەری کردو بە متمانەوە گوتی:
-گەورەم، سوێند دەخۆم، تا نەچینە ناو (دیاربەکر) جگەرە ناخۆم. باسقەنەی لێکردەوەو دایە شێخ‌و چی تووتن‌و خۆلەکەوە لە ناو سەرکی

قەننەکە مابوو، فڕێی داو سەرکەکەی لە گیرفانی خۆی ناو ئەو تووتنەی لەناو کیسەکە مابوو دایە (چەرکەسی زازایی).

***

شێخ پیش ڕۆژئاوا، نامەی شێخ (شەریف)ی خوێندەوە کە لە بەرەی (ئالازغ)ەوە بۆی هاتبوو، بە (چەرکەسی زازایی)ی مەیتەری گوت:
-(چەرکەس)، جگەرەیەکم بۆ تێکە.
(چەرکەس) کیسە تووتنی (عومەر فارۆ)ی کردەوەو جگەرەیەکی پێچاو بۆ شێخی ڕاداشت. شێخ هەر زوو ڕووی لەناو هەوری دوکەڵێکی چڕ بزر بوو.
(عومەر ئاغا فارۆ) خۆی بۆ چوونە بەرەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە ئامادە دەکرد. هەستی کرد شێخ میزاجی تێکچووە. خۆی گەیاندێو پێیگوت:
-گەورەم، مەسەلە چییە؟ شێخ (شەریف) چی نووسیوە؟
شێخ (شەریف) لە نامەکەیدا باسی کردبوو هەوڵی داوە (شێخ ڕەزا) ڕازی بکا. نووسیبووی پەیوەندی بە (حەسەن خەیری)ی نوێنەری (دێرسیم) لە ئەنجوومی نوێنەرانی (ئەنقەرە)، کردووەو داوای لێکردووە (سەید ڕەزا) ئیقناع بکا دەست بە ڕاپەڕین بکاو ڕێ لەو هێزانە بگرێ کە لە لای (سیواس)ەوە دێنو ئینجا دەست بەسەر (ئەرزنجان) دابگرێ. شێخ (شەریف) نووسیبووی (حەسەن خەیری)ی نوێنەر ئەم ئەرکەی ڕەت کردۆتەوە. هەر ئەوەندەی کردووە، بە تەلەفۆن پەیوەندی بە (هوزات)ەوە کردووەو گوتوویەتی: تا ئێمە دێین، ئەنگۆ هیچ مەکەن.
ئەو سوارەی شێخ (شەریف) ڕەوانەی لای (شێخ سەعید)ی کردبوو چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی (وقت)و (حاکمیتی مللییەت)ی لەگەڵ خۆی هێنابوو.
(شێخ سەعید) ناوەڕۆکی نامەکەی پوخت کردەوەو بە (عومەراغا)ی گوت. ئینجا پەڕەکانی دایە (فەهمی بیلال)ی خەڵکی (لجە). ئەویش بە پەلە پەڕەکانی هەڵدایەوەو گوتی:

-گەورەم، ئەم ڕۆژنامانە، حاشەکی جەنابت، لە درۆ زیاتریان تێدا نییە.
ئینجا پەنجەی لەسەر ناونیشانێک دانا بە خەتێکی گەورە نووسرا بوو و گوتی:
-ئوف! ئوف! ئوف! گوێ بدەنە ئەم درۆیە: دەڵێن ئینگلیز پشتگیری بزووتنەوەی شێخ دەکا.
ئینجا پەنجەی بەسەر هەندێ ناونیشاندا، گێڕا گوتی:
-وەرنە لای ئەو عاجباتییە. گەورەم، حاشەکی جەنابت، نووسیویانە شێخێکی ئێزدییان سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە دەکاو دەیەوێ ئیسلام لەناو ببا. ئەی ئەم ڕۆژنامەیە؟! ئۆی لەو زرپە درۆیە! لێرە نووسیویانە: رووس پشتگیری دەکەن. ئای لەو بێ ئابڕوییە!
شێخ لەو ساتەدا، وەکو چیایەک بوو تەمو مژو مۆران دایگرتبێ. بە وردی لە شوورەی شاری (دیاربەکر) راماو لەبن گەوارە دومانێک بیری کردەوە. ئاخیری، بێ ئەوەی تەماشای کەس بکا، گوتی:
-لەوە دەترسم درۆی ئەوان بەسەر راستی ئێمەدا زاڵ بێ!
ئینجا جگەرە پێچراوەکەی فڕێداو بە قۆندەرەکەی کوژاندییەوەو دەستی پێکرد بە تەشی خەیاڵی، داوی ئەو فەرشەی رست کە لەبەر پێیەوە تا ناو شاری (دیاربەکر) پان ببووەوە

***

بەردە بچووکەکەی ناو پێڵاوی ئازاری دەدا. بەڵام نەیتوانی بجووڵێتەوە. کورسییە بچووکەکە تەنیا جێگای هەردو پێی دەبووەوە لە تەک یەک لەسەری دابنێ.

پەنجەکانی پێیە بریندارەکەی لە یەک خشاندن. ئینجا سەرنجێکی تژی پاڕانەوەو سکاڵاو تووڕەیی، لە ئاسمانی رەش‌و سەخت دا. زاری پڕ بوو لە پرسیارە دواخراوەکەی، بەڵام کە دیتی هێشتا دەرفەتێک بۆ ژیان ماوەو دڵی هێشتا لێدەداو چاوی هێشتا جگەرەی داگیرساوی دەست

سەربازەکانی دەوری سێدارەکەی دەبینیو هێشتا شیبای (دیاربەکر) بەم سبەینەی سەحەری سییەکانی دەبووژێنێتەوە، دیسان بێدەنگ بوو.
خەیاڵی خۆی وەکو مەلەوانێکی هۆزان فڕێدایە ناو شەپۆلی بیرەوەرییەکانی بەهاری بووری. سێبەری، کە ئێستا وەک پەڕەی رۆژنامە لەبەردەمی کرابووەوە، لەو بەهارەدا زەرد هەڵگەڕابوو.
حوکوومەت لە (ئەنقەرە) گۆڕا. سەرباز لە هەموو لایەکەوە دەربوون. فڕۆکەی ئالپاترۆسی جووت باڵ، بە ئاسماندا سووڕانەوەو ژەهری ئاگرو ئاسنی خۆیان بە سەر شۆڕشگێڕاندا بەردایەوە.
لەشکر تۆپو مەترەلۆزی قورسی لەسەر شوورەی (دیاربەکر) دامەزراندو رێگای لە هەموو پیشکەوتنێک گرت. شەو، پیاوانی لەشکر قونبولەی نووربەخشیان فڕێ دەدا، شوێنەکەی روناک دەکردەوەو سەرباز دەیانتوانی بە ئاسانی تەقە لەوانە بکەن کە دزەیان دەکرد. زۆر کوژران و بریندار بوون. برینداڕەکان بە برینەوە دەگەڕانەوە ناو سەنگەرەکانیانو کە برینیان سارد دەبووەوە، هاواریان دەگەیشتە تەشقی ئاسمانی کپو لاڵی (دیاربەکر).
چەند رۆژێک بەسەر ئابلووقەدانی (دیاربەکر)دا تێپەڕی، بێ ئەوەی پەنابەرانی سەر شوورەکانی شار بەیداخی سپی هەڵبکەن. ئاخیری، (شێخ سەعید) فەرمانی هێرشی دا. هێزەکانی لە ژێر پرووشەبارانێکی ورد هێرشیان کرد تا گەیشتنە شوورەی شار. هەندێ لە هێرشکەران بە سەر شوورەی بازلتی بڵند کەوتن، بەڵام سەربازە پەناگرتووەکان خۆیان لێ مەلاسدابوون، زۆریان پێکانو لەسەر شوورە بەریان دانەوە. هەندێ هێرشبەر بەربوونەوە دەرەوەی شوورەو برێکیان بەربوونەوە ناو شوورەی شار.
تۆپە قورسە دامەزراوەکانی سەر دەرگای (رەها)و دەرگای (ماردین)و دەرگای (چیا)، وەک داسی دەستی سەپانان، رۆحی هێرشکەرانیان دەدوورییەوە.

-گەورەم، ئێمەیش حەفت تۆپمان هەیە. گرتوومانن. با بەکاریان بێنین نەکو لەبەر باران ژەنگ هەڵدێنن.
یەکێ لە گەنجەکانی سەر بە شێخ کە لە بەرەی (ساری قامیش) شەڕی کردبوو، وایگوت.
شێخ سەری باداو وەڵامی دایەوە:
-نا. نابێ. ئەگەر کەس‌و کارمان لەناو شار نەبوایە، تۆپبارانمان دەکرد.
- گەورەم، تفەنگەکانمان دەرەقەتی ئەو تۆپ‌و مەترەلۆزە قورسانە نایەن. ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی زانستی شەڕ، شێخی خۆم.
ئاغایەکیان لە نزیکەوە بوو، بە دووربین تەماشای دەکردو گوێی دابووە قسەی بەینی شێخ‌و گەنجەکە. ئاغا خۆی راگرت تا گەنجەکە وشەی زانستی تەواو بوو. ئاغا دووربینەکەی داناو رووی کردە گەنجەکەو بە توندی دواندی و گوتی:
-کورە، ئەتۆ یەک تۆزقاڵ ئەدەبت نییە؟ جەنابی شێخ دەڵێ نابێ، مانای وایە نابێ. سەرکەوتن تەنیا لە خواوەیە، نەک لە تۆپ‌و مۆپ. پێم بڵێ تۆ لە چ عەشیرەتێکی؟ تۆ لجەیی نیت؟ ها.)
شێخ ویستی ئاغاو گەنجە جەنگاوەرەکە ئاشت بکاتەوە، گوتی:
-گومانی تێدا نییە سەرکەوتن لە خواوەیە. بەڵام تۆپیش دەورێکی گەورەی لە شەڕدا هەیە. بەڵام پیویستە بزانین ئەگەر گوللە تۆپەکانمان نەختێ سەر بکەن، بەسەر سەری ژن‌و منداڵاندا بەردەبنەوە. خۆڕا دەبین بە ونکەر. نابێ!
گەنجەکە دەستی دایە تفەنگەکەی‌و لە کۆڕی شێخ دوور کەوتەوە. ئاغای خاوەن دووربین چاوی تێبڕی‌و بە سەرنجێکی پڕ تیزو قەشمەری وەدووی راچوو. ئینجا بانگی کرد:
-کورە، جارێکی دیکە باسی زانست‌و مانست نەکەی. ها؟! ئێمە قورئان‌و جەنابی شێخمان بەسە!
ئینجا ئاوڕی لە شێخ دایەوەو وەک یەکێ قەڵایەکی گرتبێ، بە شادی گوتی

-جەنابی شێخ، وا نییە؟!
شێخ بە شانە رەشەکەی، دڵۆپە بارانی سەر ردێنی سڕییەوەو چاوی لە بەینی سەری ئاغاو شوورەی بازلتی (دیاربەکر) هێناو برد، وەڵامی نەدایەوە.

***

جەنگاوەرانی شێخ لە ناو سەنگەرەکانیان، تفەنگیان بە پەڕۆی پیس دەسڕییەوە. هەندێکیان خەریکی پاک کردنەوەی لوولەی تفەنگەکان بوونو بڕێکیان لە کونی جاسووسەوە تەماشای نیشانەکانیان دەکردو تەقەیان لە سەربازەکانی پشت تۆپی رەشاشی قورس دەکرد.
ئەو هێرشەی (عومەر ئاغا فارۆ) لە رۆژئاواو (حەقی بەگی لجەیی) لە رۆژهەڵات کردیان، شکاو جەنگاوەران تووشی نائومێدی هاتنو ورەیان هاتە خوارێ.
شەوێکیان، هەندێ جەنگاوەر، کە زۆربەیان خەڵکی (لجە) بوون، هێرشیان کردە سەر شارو توانیان ژمارەیەک سەرباز بکوژنو شوورەی شار ببڕنو بگەنە مزگەوتی (قورشونلو)، ژمارەیەک چەکو تفاقیان هێنا. لەوێوە روویان کردە (کانیا شێران). بەندییەکانیان بەرداو چەکداریان کردن.
لەپڕ، دەرگای دۆزەخیان لەبەردەم کرایەوە، تەقە هەڵگیراو بەناو یەک وەربوون. لە هەموو لایەکەوە تەقە بوو. خەڵکەکە ئاواتیان بووژایەوە. هەندێ لە خەڵکی شار، وایان زەن برد شێخو جەنگاوەرەکانی هاتوونەتە ناو شارو دەستیان بەسەر داگرتووە.
مەلای مزگەوتی (عەلی پاشا) چووە سەر منارەو بانگی دا:
-الله اکبر  الله اکبر. رابن ئەی خەڵکی شار! ئاڵای ئیسلام هەڵکرا. رابن موسلمانان! دەوڵەتی کفر نەما، دەوڵەتی خوانەناسیی رماو ئاڵای ئیسلام شەکایەوە. کوردینۆ، راااااابن.

دوو سەرباز، لە پشتەوە، خۆیان گەیاندێ. یەکێکیان ئەو دەستەی گرت کە لە بن گوێی نابوو و لە دەستەکەی تری بەست. ئینجا هەردووکیان بە پێلەقان هێنایانە خوارێ.
هێرشەکە شکستی هێنا.
تەنیا یەک جەنگاوەر دەرباز بوو، توانی بە ناو کونێکدا رابکاو گەیشتەوە ریزی هێزە ئابلووقەدەرەکان، بەلام ئەوەندە شڕ و وڕ بوو سکت پێ دەسووتا. کە شێخ چاوی پێکەوت لێیپرسی:
-کابرا، ئەوە چت بەسەر هاتووە؟
-گەورەم، ئێمە هێرشمان کرد.
-ئێوە کێن؟
منو نزیکەی شەست جەنگاوەر لە دەرگای (رەها)وە چووینە ناو شار.
-کێ ئەمری شتی وای پێکردن؟
-نازانم، گەورەم. یەکێ گوتی با هێرش بکەین بۆ ناو شارو ئێمەیش چووین.
- یەکێ؟
-نازانم کێ بوو گەورەم. بەلام کەسمان قوتار نەبوو. تەنیا من دەرباز بووم. کابرایەکی ترم لەگەڵدا بوو، نازانم خۆی لە کوێ شاردەوە.
دوای چەند رۆژێک، حەشیمەتی سەربازان لە باشوورەوە، لە لای (ماردین)ەوە، هات. فرەنسییەکان لە سوریا، (لە بن خەتێ) رێگایان بە لەشکری نۆیەم دا لە ئەنادۆڵەوە بە قەتار بچنە (ماردین).
ئیدی شێخو سەرکردەکانی شەڕەکەی کە بە تەمابوون (دیاربەکر) رزگار بکەن. بە ئاسانی دەیانتوانی (ماردین) ئازاد بکەن. ئەوسا دەبوون بە دراوسێی فرەنسییەکان لەسەر سنووری سووریا واتە دەبوون بە هاوسێی ئەوروپاو دەنگی مەسەلەکەیان دەگەیشتە کۆمەڵی گەلانو ئەو شارانەی چارەنووسی گەلانیان تێدا وەکو سەری بەران لەسەر ئاگری ئاوات دەکوڵا.

ئەو قەتارەی سەربازانی لەشکری نوێەمی بە فارگۆنەکانی بۆ شەڕ دەبرد، کە بە شارۆچکەکاندا، تێدەپەڕی. منداڵی بچووک دەستیان بۆ سەربازەکان هەڵدەشەقاندو گوڵیان بۆ دەهاویشتن کە هێشتا خۆیان بۆنیان نەکردبوون. ئەو منداڵانە نەیاندەزانی ئەو سەربازانە دەچن بۆ ئەوەی منداڵە ئامۆزاکانیان (لە سەر خەتێ) هەتیو بکەن.

***

شێخ، کە فارگۆنەکانی قەتاری ڕووداوەکانی رابردوو لە خەیاڵدا دەیانگرماند، تەماشای جەنازە هەڵواسراوەکانی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی:

-ئاخۆ ئەم شەهیدانە چەند منداڵی هەتیویان لە دوای خۆیانەوە جێ هێشتووە؟

دە کوڕو کچەکانی خۆی بیر کەوتەوە. کوڕانی براکانیو کوڕانی خوشکەکانیو کوڕانی ئەو شێخو ئاغاو جەنگاوەرانەی بیر کەوتەوە کە شۆڕشیان لەگەڵ کرد. دەیزانی (عەلی رەزا)و دوو کوڕی تری دەرباز بوونەو گەیشتوونەتە لای (سمکۆ ئاغا)، بەڵام ئەی ئەوانی تر لە کوێن؟ هەناوی بە کوڵو کۆڤان شەوتیو چاوەکانی فرمێسکیان تێدا قەتیس ما. لاشە هەڵواسراوەکان چاویان ئەزیەت دا. هەر لاشەیەکی هەڵواسراوی لەبەر چاو درێشەیەک بوو لە بیبیلەی چاوی رادەچوو. چاوە فرمێسکاوییەکانی هاویشتە سەر یەکو هەورەتریشقەی بیرەوەریی لە خەیاڵیدا شریقاندی.

***

ئەو رۆژە، گرمەی هەورەتریشقەو برووسکەو دەنگی باران تێکەڵ بە دەنگی تۆپو فرۆکەو گیزەی گوللە بوو. جەنگاوەرانی شێخ کە شاری (دیاربەکر)یان ئابلووقەدابوو، نەیانتوانی هیچ بچنە پێش. هەر جارەی کۆمەڵێکیان دەگەیشتنە نزیک شوورەی شار، دەکوژرانو دەکەوتن.

قونبوڵە لە ئاسمانەوە بە سەر جەنگاوەرە هێرشکەرەکاندا بەردەبووەوەو شەتو پەتی دەکردن. زۆر کەس بە ساچمەی ئەو قونبولانەو بە تڵیشی ئەو بەردانەی قونبولەیان پێ دەکەوت، بریندار دەبوون. جەنگاوەران خۆیان لە پەنا کەوران دەنا. بەڵام کەورەکان لە ژێر بۆمبارانی فڕۆکەکان دەبوون بە قونبولەو لە باتی ئەوەی بیانپارێزن، دەیانکوشتن.
شێخو هاوڕێکانی بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کە فڕەنسا یارمەتی تورکەکان بدا. بۆیە لە ماوەی ئابلووقەدانی (دیاربەکر)دا، بایەخیان بە بەرەی باشوور نەدا. مەیلەو هیچ هێزیان لە دەرگای (ماردین) دانەنا. لەشکری نۆیەم، پاش شەڕێکی توندو تیژ، لەولاوە بە هۆی پردێکی بزواوی بەلەمەوە، چوونە ناو شارو ئەمەیش ورەی سەربازە ئابلووقەدراوەکانی زۆربەرز کردەوە.
شێخ سەرنجێکی لە ئاسمانی بە فڕۆکە نەخشاو دا. ئینجا ئاوڕی لە شوورەی پڕ تۆپو مەترەلۆز دایەوە. ئاخیری، تەماشای لای دەرگای (ماردین)ی کردو زۆر بە دڵشکاوی گوتی:
-ئاخ فڕەنسا! درۆی (سیڤر) بەس نەبوو؟
شێخ فەرمانی بە جەنگاوەرە بەرۆژووەکانی کرد کە پیاو گریانی بۆ دەهاتن، بۆ ئەوەی بکشێنەوەو ئابلووقە لەسەر (دیاربەکر) هەڵبگرن. بارانێکی بە خوڕەم بەسەر ئەو جەنگاوەرە برسیو تینووانەدا دەباری کە لە جلکی شڕو لۆنگ زیاتریان لەبەردا نەبوو و بە دووان تفەنگێکو چەند فیشەکێکو دڵێکی شکاویان هەبوو.
ئەو جەنگاوەرانە، کە زۆربەیان پیادە بوون، روویان کردە لای باکوور. هەر خولەک، نا خولەک یەکێ لە جەنگاوەرەکان دەگەڕایەوە دواوە بۆ ئەوەی پێڵاوی لە ناو قوڕ جێماوی دەربێنێو بیهێنێتەوە.
-(عەبدوڕەحیم) تۆ چیت کرد؟
شێخ، لە دڵی پڕ ژانی خۆیدا، وایگوت. ئینجا ئاوڕی لە (عومەر ئاغا فارۆ) دایەوەو پێیگوت:
-(عومەراغا)، وا دیارە ماوەیەکی زۆر بێ جگەرە دەبی.

- نا گەورەم، ئەگەر یەک رۆژم لە ژیاندا مابێ دەچمە ناو (دیاربەکر)و گەوارە دومانێک لە بازاڕی (مەلیک پاشا) بەبا دەکەم.

(عومەراغا) ئاوها وەڵامی دایەوە ئینجا سەرکە قەننەکەی لە گیرفانی دەرهێناو بە توندی فڕێی دایە ناو قوڕو چلپاو. غولامەکەی غاری دا، قەننەکەی لەناو قوڕ دەرهێناو بە شەروالی سڕییەوەو هاتەوە.

شێخ پێکەنیو بە غولامەکەی گوت:

-ئافەرین، رۆڵە! چاکت کرد. لە تەبیعاتی ئاغا گەیشتووی.

ئینجا جارێکی تر ئاوڕی لە (عومەراغا) و هاوڕێکانی دایەوەو گوتی:

- من پێش ئێوە دەچمە (هینی). ئێوە لە دوو (فەهمییە فەندی لجەیی) بڕۆن. پیاوێکی خوێندەوارو زیرەکە. هەر ئەمرێکی پێکردن، بە گوێی بکەن.

(عومەراغا) بە سواری ئەسپەکەی، خۆی گەیاندە تەنیشت شێخو رکێبی بە رکێبییەوە نووساندو بە پەستی گوتی:

-شێخی بەڕێزم، بۆچی (فەهمی)یەفەندی؟ ئەو پیاوە عەشیرەتی نییە. ئێمە چۆن لە دووی بڕۆین؟

شێخ وەڵامی نەدایەوە. بە دڵی پڕ ئازار گوتی:

- گێلن!

ئینجا رکێبی لە رەفیسکی ئەسپی کەوێتی داو تێیتەقاند بۆ (هینی).

لەوێ، (عەبدوڕەحیم)و جەنگاوەرەکانی چوونە پاڵییەوە. ئەوان لە (ئەرغانی) زۆر خراپ شکابوونو کشابوونەوە بۆ (هینی).

کاتێ شێخو یاوەرەکانی لە ئابلووقەی (دیاربەکر) کشانەوە، سەرۆک عەشیرەتەکان لێی تەکانەوەو چوونە پاڵ هێزەکانی حوکومەت. هەندێ شێخو ئاغاو بەگیش لە لەشکری شێخ جیابوونەوە.

هەندێ جەنگاوەری شێخ، لە (ئەلازغ)، دەستیان بە تالان کردنی شارو بازاڕ کرد. ماڵی تالانییان لە ئێستران بار کردو بردیان. هەندێ ئاغایش بەشداربوونو هەرچی لە دوکانەکان کەوتە بەردەستیان لەگەڵ سەدای تەکبیر، تالانیان کرد. هەندێ بانگیان کرد:

-شتی وا مەکەن. حەرامە. نابێ.
- بۆ نابێ؟ (شێخ سەعید) خۆی فتوای داوە.
-فتواکە وا نییە. فتواکە بۆ ماڵی (خلق فرقەسی-پارتی گەل)ە، نەک ماڵی خەڵکی بەدبەخت.
بەڵام لەو هەراو هۆریایە، کێ گوێ لە دەنگی ئەقڵ دەگرێ؟ لە گەرمەی هاڕینی دانە گوێزدا، کەس گوێی بە دەنگی کەس نەدەدا.
ئاڵا سەوزەکەیان لە دەست ژاکا کە ڕۆژێکی گەشی حەفتا تیشکی لە ناوەڕاست بوو.
ڕۆژەکە وەک گەڵای پایز پەژمردە بوو و کوژایەوەو لەسەر ئاڵاکان بەربووەوە
-دەچینەوە (داراهینی) بزانین خوا چی بۆ نووسیوین.
شێخ وای بە شێخو گرەگرەکان گوت کە بە بێدەنگی لە دەوری دانیشتبوون. لەو ساتەوە، ئیدی نامەکانی بە ناوی (نۆکەری موجاهیدان) مۆر دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (من میرم؟ هەر یەکە بە ڕێگایەکدا دەچێو کەس ئاوڕ لە من ناداتەوە. با ببم بە نۆکەریان. وەزیی منیش لەسەر گومەز گیر نەبوو.)
دونیای لێ وەتەنگ هات. رووی دەکردە هەر کوێ ، جێیەک نەبوو ئۆقرەی تێدا بگری. لەشکری تورکیا بەرەو ڕووباری مراد هەڵیدەبڕیو لێرەو لەوێ تەڵەی بۆ دادەنایەوە. ئەو ڕۆژنامانەی بە دەستی دەگەیشتن دەنگوباسی ناخۆشیان تێدا بوو، دڵیان دەگوشی. ڕۆژنامەکان دەیانگوت فڕەنسیو ئەرمەنو ئینگلیزو ئیتالی پشتگیری دەکەن. بە تاڵی لە دڵی خۆیدا گوتی: (خۆزگە ڕاست بوایە! گورگە بۆر ئێستا کەڵبەی شکا بوو و دیل بوو لەبەر دەستی من.)
سەربازی تورک بە ژمارەیەکی گەلێ زۆر بە ناو (جولیک)و (داراهینی)و (پالو)یان وەرکرد.
لەگەڵ پێوەرکردنی سەربازەکاندا، بەهار هاتو گەرمای هێنا. بەڵام جەنگاوەرانی شێخ دڵیان سارد ببووەوە ورەیان هاتبووە خوارێ.

شێخ تێگەیشت کە شکستی هێناوە. تا مانگی نیسان هیوای سەرکەوتنی هەر مابوو، بەڵام یەک لە دوای یەک، دەنگو باسی شکانو بەزینی لە بەرەکانەوە بۆ هات. زانی ئێستا مێژوو لە (ئەنقەرە) دەنووسرێ، نەک لە (دیاربەکر). زۆر لە جەنگاوەرەکانی رایان کرد بۆ چیا. کۆمەڵێکی لەگەڵدا مایەوە دڵیان بە هاتنی بەهار خۆش بوو. شێخ زۆر بە غەمبارییی تەماشای (عەبدورەحیم)ی برایو شێخ (شەریف)و شێخ (عەبدوڵلای مەلکانی) کردو پێیگوتن:

- برادەرینۆ! بەهارمان وەکو مار لە کونەکەی دەرکێشا. ئەو بەهارەی بە توندوتیژی دەربکیشرێ، بەهار نییە.

مەندیلەکەی بە بارانی نیسان تەڕ ببوو. لە سەری کردەوەو دایە بەر رۆژ. رۆژ لەو بڵندایە نەیدەزانی شێخ ئاگرێکی لە دڵدایە خەریکە دادمرێتەوە

***

رۆژێکی سێشەممەی خۆش بوو. بەهار، وەک مەندیلی شێخ، چادری سەوزی، لە دەشتی (موش) هەڵدا بوو. بەفر لەسەر گوپیتکەکانی چیای (شەرەفدین) لەسەر ئاوازی زێڕینی خۆر، کەوتبووە بوهژین.

ئەو رۆژە رێکەوتی بیستی رەمەزان بوو. شێخو یاوەرەکانی بە رۆژووبوون، چاوەڕێی رۆژاوایان دەکرد بۆ ئەوەی فتاریان بکەنەوە. خۆیان لە پشت ئەو شکێرو شاخانە شاردبووەوە کە بەسەر کەنارەکانی روباری مراددا دەڕوانن، دڵیان بە رووباری مراد خۆش بوو.

-لەگەڵ رۆژئاوا دەگەینە سەر رووبار. لەوێ، بە خواردن و خواردنەوەی ئاوی زولال فتار دەکەینەوە.

لە پارشێوەوە بە رێوە بوون. خۆر هەنیەی برژاندبوون. ئارەقەیان کردبوو. ئاویان وەک رەوە باڵندە دەهاتە بەرچاو بە سەر سەریاندا دەسووڕانەوە.

ناو بە ناو کزەبایەکی سارد لە لای (پالو)وەوە دەهات. بەڵام تینویتییان پێ نەدەشکا.

لە دوورەوە، کابرایەکیان دی بۆ لایانەوە دەهات. کە نزیک کەوتەوە، دەرکەوت پیرەمێردێکی بە ساڵداچووی پشت کووڕ بوو، بە گۆپاڵ دەڕۆیشتو کەشکۆڵێکی بە کۆڵەوە بوو، دەتگوت دەرویشێکی گەڕاڵە.
(چەرکەسی زازایی) لێی چووە پێش، تفەنگی لێ ڕاگرتو هاواری کرد:
-پیرەمێرد بوەستە. تۆ کێی؟
پیرەمێرد هیچ قسەی نەکرد. لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو، چەرکەس بۆ ترساندن تەقەیەکی هەوایی بەسەردا کرد. پیرەمێرد گوێی پێنەدا. شێخ بە ئاماژەیەک، تفەنگی مەیتەرەکەی بێدەنگ کرد.

دەوڵەت هەزار ڕەشادی زێڕی خەڵات دانا بوو بۆ هەر کەسێ شێخ دەستگیر بکا. دەوڵەت لە مزگەوتو لە هەموو کوڕێکدا، بڵاوی دەکردەوە هەر کەسێ شێخ بە زیندوویی تەسلیم بکا هەزار ڕەشادی وەردەگرێو هەر کەسێ بە مردوویی تەسلیمی بکا حەفت سەد ڕەشادی وەردەگرێ.
کاتێ شێخ بەم خەڵاتەی زانی، پێکەنیو بە لاقردێ، بەیاوەرە چەکدارەکانی گوت:
-واتە ژیانی من تەنیا سێ سەد ڕەشادی دێنێ!
کە پیرەمێردەکە نزیکتر کەوتەوە، یاوەرەکانی تری شێخ پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکە دانا. ئێستا پیرەمێردەکە زۆر زۆر نزیک بوو. (شێخ سەعید) بە وردی مێزەی کرد. ئینجا بە شادی گوتی:
-هێی! (خالیس)، ئەوە دیسان تۆی؟!
پیرەمێرد قسەی نەکرد. کەشکۆلەکەی دانا. دەنگی خشەخشی گوێزی لەناو دەهات. بە وردی شێخی هێف کرد:
- (خالیس)، نامناسی؟ من (سەعید)م. ئەوە دەچیتەە کوێ؟
پیرەمێرد گریاو فرمێسکی لە چاوان هاتە خوارێ. فرمێسکی بە دەستی سڕییەوەو گوتی:

-من له به (بدليس)ەوه دێمو دەچمه چیای (شەرەفدین). لەوێ، گوێز دەچێنم. ئەوەنده گوێزەی هەمانه بەشمان ناکا.
شێخ (عەبدولای مەلکان) هەندێ گوێزی کۆکردەوه که له کەشکۆڵەکه کەوتبوونه دەرێ. گوتی:
-له (بدلیس) چ هەیه؟ هیچ له بارەی بەندییەکانەوه نازانی؟
-ئەمڕۆ، (یوسف بەگ)و (خالد بەگی جبری)و هاوڕێکانیان وەکو فەردە گوێز به سێدارەوه هەڵواسی. پێش دوو ڕۆژ، دادگای ئیستیقلال حوکمی له سێدارەدانی دەرکردن. ئەی پێمنەگوتن ئەوەنده گوێزەی هەمانه بەشمان ناکا!؟
ئینجا به توندی پڕی دایه ئەو گوێزانەی شێخ (عەبدولا مەلکان) کۆی کردبوونەوەو لەناو کەشکۆڵەکەی نانەوه. ئاخیری، دەستی دایه گۆچانەکەی‌و به بێدەنگی، ڕووی کرده دەم ڕووبار.
(شێخ سەعید)، که خەبەری له سێدارەدانی (یووسف زیا بەگ)و (خالد بەگی جبری)و یاوەرەکانیانی بیست، زۆر پێ تێکچوو. چووه سەر کەپکه شاخێک، دەسەسڕه سەوزەکەی پان کردەوه، نەختێ فرمێسکی ڕشت.
شێخ (عەبدولا مەلکان) هەستی به شلەژانی شێخ کرد. که دی چاوی به فرمێسکه، گوتی:
-ئەمه چییه؟ گریان بۆ پیاوان نەهاتووه! ئێستا کاتی فرمێسک ڕشتن نییه.
(شێخ سەعید)، به دەم ڕۆندک سڕینەوه، وەڵامی برادەرەکەی دایەوه:
-تەنانەت چیایش بۆ پیاوی وەکو ئەوانه دەگری، شێخ (عەبدولا)!
بینباشی (قاسم بەگ)ی هەڤلنگی (شێخ سەعید)، که له عەشیرەتی (جبرانلی) کوردی‌و پسمامی (خالد بەگی جبری) بوو، ئاگای له بزووتنەوەکانی شێخ بوو. دەیزانی شێخی ئاوەڵزاوای لەگەڵ شێخ‌و گرەگرو سەربازه یاوەرەکانی بەرەو مەرزی ڕۆژهەڵات دەچن. هەر جارەی له شوێنێکی تازه، دەهاته لایان‌و نان‌و خواردنی بۆ دەهێنان.

ماوەیەک بزر دەبوو، دووبارە دەردەکەوتەوەو دەگەیشتەوە لایان. یەکێ لە ئاغاکان بە شێخی گوت:

-شێخەفەندی، راستە ئەمە وڵداش زاوای تۆیە، بەڵام بە خوا من گومانم لە جوولانەوەکانی هەیە. ئەو پرسیارانەی لێمان دەکا پرسیاری بەرشکن.

شێخ دڵنیای کردو گوتی:

-قەزاو قەدەری خوا ناگەڕێتەوە. خوا چی بیەوێ دەیکا، ئەمە دەتوانی چ بکا؟ دەنگو باسی دوژمنو جوولانەوەی هێزەکانیمان بۆ دێنێو ئاگادارمان دەکاتەوە گەیشتوونەتە کوێو لە کوێن. رێزانیشمان بۆ دەکا.

شێخو هاوڕێکانی لە جەنگاوەرەکانی تر دابڕان. لەشکری دەوڵەت پارچە پارچەی کردن، هەر کۆمەڵێک کەوتە لایەک. هێزەکانی شێخ لە چیاو دۆڵو نهالەکانی ئەو ناوە پەرتو بڵاوبوونەوە.

ئەو رۆژە گەرمەی نیسان، (قاسم بەگ) زیاتر وە جوولەجوول کەوت. هەموو لێی بە گومان کەوتنو خەبەریان دایە شێخ کە شتێکی ئاوها هەیەو پێیانگوت ئەو کابرایە نیازی لەگەڵمان خراپە. شێخ، لەسەر ئارەزووی هاوڕێکانی ویستی لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە. لە (قاسم بەگ)ی پرسی:

-دەزانی فلانو فلانو فلانی  هاوڕێمان لە کوێن: ؟

-چۆن نازانم؟ ئەوان ئێستا لە (گمگم)ن، یان بەڕێوەن بۆ ئەوێ. گومانی تێدا نییە ئێستا لە پردی (عەبدەڕەحمان پاشا) پەڕیونەتەوە.

ئەوسا ئاوڕی لە شێخو ئاغاکانی هاوڕێی شێخ دایەوەو پێیگوتن:

-ئێستا بڕۆن، لەگەڵ رۆژئاوا دەگەنە پردەکە. لەوێ فتارتان دەکەنەوەو ئاوی زولال دەخۆنەوە. ها ئەم خورمایەش، فتاری پێ بکەنەوەو دوعام بۆ بکەن. خورمای بەسرەیە.

حەلانە خورمایەکی هاویشتە سەر پشتی ئێسترێک. ئینجا دەستی لە گیرفانی نا، پشتی تێکردنو رۆیشت.

***

ئەو سەربازەی جلکی سپی بێ قۆڵی لە سێدارەدانی لەبەر شێخ کرد، دەستی لە گیرفانی پانتۆڵی سەربازی خۆی ناو ڕۆیشت ڕێک وەک ئەوەی (قاسم بەگ) ئەو ڕۆژەی نیسان، دەستی لە گیرفانی ناو ڕۆیشت. شێخ هەنسکێکی قووڵی هەڵکێشا. بە خەیاڵ گەڕایەوە دێرگای ئەو ڕۆژە کە خۆی‌و هاوڕێکانی بە نێزی‌و بە تینوێتی، بەرەو پردی (عەبدورەحمان پاشا) دەچوون لەسەر ڕووباری مراد.

سێبەریان بەرەو گۆلی (وان) لە سەر زەوی درێژ ببووەوە. (چەرکەس زازایی) لغاوی ئەسپی شێخی گرتبوو، ئاوڕی لە لای ڕاستە دایەوەو هاواری کرد:

-گەورەم، ئەو عاجباتییە چییە؟

شێخ، کە کزەبای لای (پالو) هەوڵی دەدا تینوێتی بشکێنێ، پرسی:

-مەسەلە چییە، کوڕم؟ ئەمە چییە؟

- سێبەرت گەورەم، سێبەرت. تۆ سێبەرت نییە.

شێخ تەماشای خوارەوەی کرد، تەنیا سێبەری ئەسپی کەوێتی بینی. ئاخنکێکی داو گوتی:

-(چەرکەس)، دەزانی ئەمە چییە؟

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام لە مەیتەرەکەی بکا، گوتی:

-سێبەر نیشانەی بوونی شتە. ئەگەر هەبێت، سێبەرت هەیەو ئەگەر نەبێت، سێبەرت نییە. من نها نیم، چۆن سێبەرم دەبێ، کوڕم.

ئینجا ئەم ئایەتەی سوورەتی فورقانی خوێندەوە: (الم تر الی ربک کیف مد الظل ولو شاء لجعله ساكنا.)

کە لە خوێندنەوەی ئایەتەکە بووەوە، هەنسکێکی درێژی وەک سێبەری مەیتەرەکەی هەڵکێشاو گوتی:

-خۆر سێبەر بۆ هەموو شتێک دەکێشێ. ئەگەر خۆر ئاوا بێ، سێبەریش بزر دەبێ.

مەیتەر لە سەرسامییان دەمی بەش بووەوە، سەرنجێکی لە خۆر دا لای پالۆ چووبووە سەر ئاوابوون، سێبەری پرسیاری لەسەر روو درێژ ببووەوە. تەماشای شێخی کرد. شێخ بە غەمباری، زەردەخەنەیەکی هاتیو گوتی:

-تەنیا ئەو رۆژە، رۆژە کە لە دڵ هەڵدێ. رۆژی ئاسمان رووناکی بە کافرەکانی (ئەنقەرە)یش دەدا. رۆژی دڵ لە هەموو کەس هەڵنایە. رۆژی دڵی من ئاوا بووە، (چەرکەس).

ئینجا دەسەسرەکەی لەبەر پشدێنی دەرهێناو وەکو کۆتر لەبەر رووناکی خۆر پانی کردەوە. (چەرکەسی زازایی) حەیر ما. لە شوێنی خۆی بزمارکوت بوو. لە دەسەسرِی شێخ نز بووەوە. دەسەسرِێکی رەش بوو وەک تەبارە گەنمێکی سووتاوی هاوین، وەک دوا ساتی شەو رەش بوو.

شێخ دەسەسرەکەی لە گیرفانی نایەوەو بە کەسەرەوە، گوتی:

-خۆری دڵم لە (پیران) ئاوابوو، کە چارەنووس تەلەی لەبەر پێم دانایەوە.

(چەرکەس زازایی) بە بێدەنگی لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. بەڵام بە زراوچوویی چاوی بڕیبووە سێبەری ئەسپی شێخ.

کاروان لە رووباری مراد نزیک کەوتەوە، لە دوورەوە، پردی (عەبدورەحمان پاشا)یان وەکو خەونی بەردینی رووباری خەواڵوو، لێ دەرکەوت. لە هیکەوە، ئەو ئاغایەی پێش کەمێ گومانی لە جموجوولی (قاسم بەگ)ی بینباشی پێشان دا، هاواری کرد:

-خەڵقینۆ، ئاگادار بن!! ئەم خورمایە تەلەیە بۆمان دانراوەتەوە. ئەگەر خواردتان، نەکەن ناوکەکەی فڕێ بدەن!

ئینجا رکێبی لە رەفیسکی ئەسپەکەی داو لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. (شێخ شەریف)، کە لەو کاتەدا بە بێدەنگی لە تەنیشت شێخ (عەبدولای مەلکان) دەڕۆیشت، پێکەنیو وەڵامی دایەوە:

-مەترسەو گوێ مەدەرێ! ئەوەندەمان برسییە خورما بە ناوکەوە دەخۆین!

که شێخو هاوڕێکانی گەیشتنە پردەکە، خۆر چووبووە سەر ئاوابوون.
تەنیا دەنگی خوڕەی ئاو دەهاتو هیچی تر. تەنانەت باڵندەیش
چووبوونەوە هێلوونەکانیانو خەوتبوون.
خشەخشێک لە بن سمی ئەسپی شێخ هاتو ئەسپەکەی ڕەوییەوە.
(چەرکەس زازایی) سەری دانەواند و بە وردی تەماشای کرد. فەردەکەی
(خالد بدلیسی) بینی لەوێ کەوتبوو. سەری بڵند کردو گوتی:
-گەورەم، هیچ نییە. فەردە گوێزی پیرەمێردەکەیە.
- گوێز؟!
شێخ وای گوتو لە ئەسپەکەی دابەزی. ئەوانەی لەگەڵیشی دابوون
هەموو دابەزینو ڕوویان کرد لایەوە.
یەکێ بە ترسەوە، گوتی:
-هەمان فەردەیە.
یەکێکی دیکە وەڵامی دایەوە:
-بەڵام هەموو گوێزەکان بێ کاکڵن. دیارە یەکێ کاکڵەکەی خواردووەو
توێکڵەکەی فڕێداوە.
(چەرکەس) لە دەوری ئەسپەکە سووڕا. شتێکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە،
گوتی:
-قەوانە!
- بیهێنە!
یەکێ لە چەکدارەکان قەوانەکەی لە دەست وەرگرتو هەڵگێڕو وەرگێڕی
کردو وایگوت. لە قونکی قەوانەکە ورد بووەوە. زارکی بۆن کرد، ئینجا
گوتی:
-ئەمە قەوانی فیشەکی تفەنگی مانلیشەرە. بەوە دەزانم کە درێژو باریکو
زۆر زەردە.
جارێکی دیکە زارکی قەوانەکەی بۆن کردو بە ترسەوە گوتی:
-نوێیە. تازە گوللەکە هاویشتراوە.

شێخ داوای لە چەند چەکدارێک کرد بگەڕێن داخۆ خوێن لەو ناوە نەڕژاوە. زانی برادەری دێرینی کوژراوە. ئەوەی (مەلا سەلیمی خیزانی) دیبوو لەبەر دەرگای قونسولییەی رووسی لە سێدارە درابوو و شێت ببوو. چەند خولەکێکی پێنەچوو یەکێ لە چەکدارەکان هاواری کرد:
-گەورەم، پەڵە خوێنێکم دۆزییەوە.
بە هەلەداوان هاتە لای شێخ کڵاوێکی شینی کونی بە دەستەوە بوو پەڵە خوێنی پێوە بوو.
شێخ گوتی:
-انا لله وانا اله راجعون.
لەگەڵ هاوڕێکانی بە پەلە، سواری ئەسپان بوونو روویان کردە لای پردەکە. پردەکە تەنیا چەند پێنگاڤێکی کەم دوور بوو.
بەر لەوەی لە پردەکە بپەڕنەوە، دووبارە لە ئەسپان دابەزینو گۆسکەکانیانان ئاوی رووبار پڕکرد. ئینجا بە کۆمەڵ تا ناوەندی پردەکە رۆیشتن. هەر یەکە دەنکە خورمایەکی هێنابوو بۆ ئەوەی فتاری پێ بکاتەوە. شێخ تەماشای لای رۆژئاوای کرد، دیتی رۆژ لە ئاسۆ ئاودیو دەبوو. کەچی چیای (شەرەفدین)، کە لەبەردەمیان قیت ببووەوە، دەتگوت شێخەو مەندیلی خۆی بە زەعفەران شووشتووە. شێخ هێشتا تەماشای خۆری دەکرد، ئاخێکی لێ هەستاو لە دڵی خۆیدا گوتی:
-ئەمە خۆری راپەڕینی منە. ئاوا دەبێ.
بانگی (چەرکەس)ی مەیتەری کرد بۆ ئەوەی بانگی شێوان بدا. (چەرکەس) گوتی:
-قیبلە لە کام لایە؟
-لای (دیاربەکر) بگرە. قیبلە لەوێیە.
کە (چەرکەس) رووی کردە قیبلەو دەستی لە بن گوێی نا بۆ ئەوەی بانگ بدا، چاوی بە جەنازەی (خالیس) کەوت لە دەم رووبار. جەنازەکە لە بن پرد، لەسەر چاو کەوتبوو. (چەرکەس) لەباتی ئەوەی بانگ بدا، هاواری کرد:

-گەورەم، ئەوەتا پیرەمێردەکە لە دەم رووبار کوژراوە.

شێخ سەری خوار کردەوە بۆ بن پردەکە، بۆ ئەو شوێنەی مەیتەرەکەی ئاماژەی بۆ کرد. رێک لەو ساتەدا، لە لای جەنازەکەوە گوێی لە دەنگێک بوو. پێش دەیان ساڵیش لە رۆژهەڵاتێکی بەهاریدا گوێی لەو دەنگە ببوو. دەنگەکە نامۆ نەبوو، سەرکۆنە بوو.

-(سەعید)، ئەدی نەمگوت لەم پردە مەپەڕەوە؟!

دەنگەکە تێکەڵ خوڕەو هاشەی رووبارەکە بوو. لە ناکاو، دوو دەستە سەربازی تورک بە تفەنگی مانلیشەری ئینگلیزییەوە دەرکەوتن. دوو دەستەکە هەردوو سەری پردەکەیان قەپات کردو شێخو هاوڕێ بە رۆژووەکانیان گوستێر کرد.

هەندێ لە یاوەرانی شێخ خورماکانیان فڕێدایە ناو رووبارو روویان کردە لای باکوور، هەندێکی تر خورماکانیان هاویشتە ناو دەمیانو روویان کردە لای باشوور. کەچی شێخو برێکی تر لە نیوەی پردەکە مانەوە.

چەند چرکەیەک بەسەر دیمەنەکەدا تێپەڕی، شێخ بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەکرد. بەڵام کە گوێی لە تەقە بوو، زانی کەوتۆتە بۆسەو لە شەپۆلی رووباری مرادو ئاسمان کە پشتی لە خۆیو لە هاوڕێکانی کرد، بەولاوە هیچ دەرەتانی نییە.

***

کاتێ سەربازەکەی پێش دوو خولەک سەری شێخی لەناو پەتەکە نا، دوور کەوتەوە، پشتی وەکو ئەو ئاسمانە وابوو کە ئەو رۆژە لەسەر پردەکە تاریکی بەسەردا کشا. شێخ دەنگی ئەفسەرێکی کەوتە بەر گوێ بە توندی، بە تورکی گوتی:

-کورە، تۆ چاوەڕێی چ دەکەی؟ لەز کە، بلەزینە!! بۆتە سەعات دووی شەو.

سەربازەکە ئاوڕی دایەوەو جارێکی تر رووی کردە لای شێخ بۆ ئەوەی کورسی لە بن پێی دەربێنێ.

شێخ پرسیاری دواخراوی بۆ خوای ئامادە کرد. لە هەندێ وشە گەڕا لەو چرکەساتە بوەشێتەوە. بەڵام رووی (قاسم بەگی) وڵداش زاوای بیر کەوتەوە. رووی (قاسم بەگ) پەردەیەکی بەردایەوە بەینی خواو پرسیارەکەی ئەم.
لە کاتی تەقەکاندا، (قاسم بەگ) هاواری دەکرد:
-یا شێخ، بەس نییە؟ دەتەوێ بچیتە کوێ؟ وەرە. وەرە بۆ دادپەورەریی دەوڵەت.
ئەو هێزەی دەوری دابوون هێزێکی زۆر گەورە بوو. وەک کوللە هێرشیان هێنا. تفەنگی دەستی یاوەرانی شێخ، کە هەندێکیشیان بریندار ببوون، هیچ سوودی نەما. سەربازی تورک بە تفەنگو سونگی تۆقیان کردن . شێخ تەماشای دوڕ (چاوی قاسم بەگ)ی کردو پێیگوت:
-(قاسمی کوڕی سلێمان)، ئەو هەزار لیرە زێڕەی وەک خەڵاتی سیخوڕیت بەسەر منەوە، وەری دەگری، سەرف دەبێو دەڕوا. (قاسم بەگ) ماڵ تەواو دەبێ، بەڵام ئایا نەفرەتی نەوەکانمان تەواو دەبێ؟
چەند سەربازێک ئەو کوندەو گۆسکانەی لە شێخو هاوڕێکانیان سەندبوو، کۆیان کردنەوەو فڕێیاندانە ناو رووبار. چەند ئەستێرەیەک لە سەر سینگی ئاسمان درەوشانەوە هێشتا شەو باوەشی پێدا نەکردبوو، بە غەمباری چاویان بڕییە ئەو دیلانەی بەرەو (گمگم)یان دەهاژوان.
رۆژی پاشی، بەر لەوەی بگەنە گمگم، کاروانی دیلەکان وەستا، ئەفسەرێک هاواری کرد:
-کوا؟ وێنەگر لە کوێیە؟ وەخت بوو لە بیر بکەین. زوو وەرە چەند وێنەیەک بۆ یادگاریو رۆژنامەگەری بگرە. وەرە وێنەی ئەو فێڵبازو یاخییانە بگرە.
(شێخ سەعید) لە ناوەڕاست، (شێخ شەریف)و دوو شێخی تر لە تەنیشتی دانیشتن. هەموو روویان کردە کامیرا کە لەبەر دەمیان چەقاندرابوو.
ئەفسەرو سەربازەکان بە پێوە وەکو کەوانە دەوریان گرتبوون. (قاسم بەگ) سمێڵی بە شانەی رەشی شێخ شانە کردو ئەنگوستیلەی شێخی لە

پەنجەیەکی خۆی کردو ئارەقەی خۆی بە دەسەسڕی سەوزی شێخ سڕییەوە کە کاتێ گرتیان لێیان سەند. ئاخیری، فیسەکەی نەختێ خوار کردو بە هەلەداوان چوو لە پێشەوە وەستا وەکو کەو سینگی دەرپەڕاند. دەستەکانی هێنایە خوارێو بە وێنەگرەکەی گوت:

-وێنەی منیش لەگەڵ ئەوان بگرە.

رەوە کەوێک لە ژێر چاکەتی (قاسم بەگ) هەڵفڕین.

***

- کەوەکە بە تۆڕەوە بوو.

ئەم رستەیە لەگەڵ لرمەی چاپخانەکان، لە ناو دەقی برووسکەکان دەسووڕا کە لە هەموو شوێنێ بۆ هەموو شوێنێ لێدەدران.

ئەم رستەیە، لە هەموو تەلگرافخانەیەک، سێبەری قورسی خۆی دەخستە سەر هەموو شتێ. ئەو رستە کورتە سەختەی کە وەکو چەقۆ ئەو شۆڕشە کورتەی سەربڕی.

چۆن (سەید عەبدولقادر)و کوڕەکەیو چەند هاوڕێیەکیان بۆ (ئەستەنبۆڵ) هاژوا، ئاوهایش شێخو هاورێکانیان لە (گمگم)ەوە بەرەو (دیاربەکر) هاژوا. لەو بەهارەی نەیتوانی سێبەر لە ئاواتەکانیان بکا، لە بن سێبەری سونگی هاژوایانن. (لۆزان) میوانی (دیاربەکر) بوو. جا چتۆ میوان؟! میوانێکی ئێسک گران!! سێدارەو مردن، کەلەپچەو زیندان، فێڵو ئۆینو تەلەکەی ژێر پێستەی گورگی هێنابوو!

لەگەڵ گەیشتنی ئەو ریشانەی شانە خاتریان لێ خواستبوون، بارو دۆخی (مووسڵ) ئارام بووەوە. گورگەبۆر لە (ئەنقەرە)، نەک بە یەک چاو، بەڵکو پڕ بە هەردوو چاو، رازا.

***

ئەو سەربازو ئەفسەرانەی دەوری سێدارەی (شێخ سەعید)یان دابوو و چاوەڕێیان دەکرد کورسی لە ژێر پێ بکێشرێتەوە، وێژینگ و وەنەوزیان دەدا.

قەترانی شەو رووی (دیاربەکر)ی داپۆشی بوو و خەیاڵی شێخ زۆر بە زەحمەت لەو تاریکییەدا مەلەی دەکرد.

شێخ، ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوە، رووی کردە رووە مڕومۆچەکانی دەوروبەری‌و گوتی:

-(سائیب بەگ)، ئەمە پێگەیەکە لە پێگەکانی سۆفیگەری. ئەمە پێگەی توانەوەیە لە خەڵک. دڵۆپەکە بەری حەفتێ ساڵ، لە دەریای نەبووندا جیا بووەوەو ئەوەتا ئێستا لە دەریای بوونی راستەقینە دەکاتەوە. ژیانی مردۆخم بە کۆتا گەیشت، بەڵام پەشێمان نیم کە ئاوها دەمرم. من رۆحی خۆم دەکەمە قوربانی دین‌و خەڵک. کە نەوەکانمان منیان بیر دەکەوێتەوە، هەست بە فهێتی‌و شەرمەزاری ناکەن.

(عەلی سائیب بەگ)ی سەرۆکی دادگای ئیستیقلال لە (دیاربەکر)، دوور بوو، تەماشای سەعاتەکەی دەکرد، چووە پێش‌و لە شێخی پرسی:

-ئەی شێخەفەندی، ئایا ئەمە دوا قسەتە؟ هیچی ترت نییە بیڵێی؟

-بەڵێ. وەسیەتێکی دیکەم هەیە. لە بیرم کرد لە دادگا بیڵێم. دەسەسڕەکەم.

- دەسەسڕە رەشەکە؟

- رەش نەبوو. لە دەست زگڕەشەکان رەش‌و پیس بوو.

شێخ حەفتاو پێنج رۆژ گیرا. رۆژ حەفتاو پێنج جار هەڵات‌و ئاوا بوو. بەڵام ئەو رۆژەی لە ناوەڕاستی دەسەسڕی دەست (قاسم بەگ) بوو، لە شەوێکی تلی چاڤدا، تاری داهات.

-خۆر چەند جار هەڵدێ، ئەوەندە جارەیش ئاوا دەبێ. تەنیا خۆری دڵ نەبێ، نازانێ ئاوابوون چییە!

شێخ لە دڵی خۆیدا وای گوت‌و خەیاڵی کەوتە ناو شەپۆلی قەترانی ئەو ساتە.

کانێ، خۆی و هاوڕێ کەلەپچەکراوەکانی گەیشتنە (دیاربەکر)، خەڵک بە چاوی بە فرمێسک هاتنە دەرەوە بۆ بینینیان. تەماشای ردێن و کەواو پێڵاوو مەندیلی سپییان دەکرد. لە بەینی خۆیانەوە بە مەندەهۆشی پستە پستیان دەکرد:

-شێخ سێبەری نییە.

- نوورە. نوور کەی سێبەری هەیە؟

تەماشای مەندیلی سپی بکە، دەڵێی ئەو نەبووە چەند مانگ شەڕی کردووە.!

لەو ساتەدا، چەند فڕۆکەیەکی سەربازی بە ئاسمانی (دیاربەکر)دا سووڕانەوە. نەڕەو هاڕڕەیان تێکەڵ دەنگی کامیرەکان بوو کە وێنەی شێخ و هاوڕێکانیان دەگرت. شێخ سەرنجێکی لە ئاسمانی پڕ فڕۆکە دا کە دەتگوت لەگەنەو مێش لە سەری نیشتوون، چاوی بە رووی وێنەگرەکاندا گێڕا کە لە پشت ئامێرەکانیان وەستابوون. سەیری سەیرکەرانی کرد، ئینجا ئاوڕی لە ناخی دڵی خۆی دایەوەو گوتی:

-ئای های! (دیاربەکر)! ئەوەتا دیلم لای تۆ!. من بە تەمای شتی وا نەبووم لە تۆ.

یەکێ لە ئەفسەرەکان وێنەگرەکانی دوور خستەوەو گوتی:

-بەسە! راحەت لە شێخ هەڵمەگرن. شەکەتە!

لەناو تەکبیر لێداندا، شێخ و هاوڕێکانیان بردە بەندیخانە.

***

- الله اکبر الله اکبر الله اکبر، لا اله الا الله و الله اکبر، الله اکبر ولله الحمد.

پشتی دوو رۆژ، لەگەڵ گەزەنگی رۆژێ، حاجی تەوافی کەعبەیان دەکردو ئەم تەکبیرەیان دووبارە دەکردەوە. دوای دوو رۆژ، جەژنی قوربان بوو، سەدان هەزار قوربانی سەردەبڕا.

تامی جەژن لە (دیاربەکر) شتێکی تر بوو. شێخو هاوڕێکانی قوربانی بوونو قوربانییەکە دەنگی بە تەکبیر بەرز دەبووەوە.
ئەو شەوەی حوکمی لە سێدارەدانیان دەرچوو، عالفە بوو.
حاجی لەسەر چیای عەرەفە وەستا بوون، ئیحرامیان لەسەر لەشی رووت بەستبوو، لە ژێر خۆری حیجاز کە وەکو دەرزی ئاگر لە لەش دەچەقی، ئارەقەیان لێ دەچۆڕایەوە. لە (دیاربەکر)یش، (عەلی سائیب بەگ)ی سەرۆکی دادگای ئیستیقلال، بەر لەوەی حوکمەکەی دەربکا، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ شێخ دەکرد:
-یا شێخەفەندی، ئایا دەشێ موسلمان شەمشێر لە رووی برای موسلمانی هەڵکێشێ؟
- با یەکەم جار بزانین کێن ئەوانەی ئێمە شەمشێرمان لە روو هەڵکێشان؟ ئایا موسلمانن؟
- موسلمان نین؟
- نا. ئەوان ئیسلامیان لەناو برد کە داوێک بوو ئێمەی بە ئێوە دەبەستەوە. (ئەنقەرە) ئەو داوەی پساندو لێک دابڕاین.
- بەڵام ئێوە داواکەتان داوایەکی ئایینی نەبوو. ئێوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی تێدەکۆشان. بە خەیاڵ بۆ خۆتان رازاندبووتانەوە.
- ئەمە ئەرکێکی ئایینیە. ئازادی کوردو دەوڵەتی کوردیش لە ئامانجەکانی شەریعەتن. ئەگەر کۆمار دادپەروەر بوایە، راست نەبوو من لێی راست بمەوەو لە رووی بوەستم. من لە پێناوی خەڵکو دین شۆڕشم کرد. سۆفیگەریش وا دەڵێ. ئێمە ئەم قسەیە لە شێخە گەورەکانی خۆمان فێربووین: (ئامانجمان حەسانەوەی خەڵکە.) ئێمە لە پێناوی حەسانەوەی کورد راپەڕینو جیهادمان کرد.
گفتوگۆیەکی درێژ لە نێوان شێخو دەستەی دادگا بەڕێوەچوو. شێخ هێمنو ناسک بوو. بە زەردەخەنە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە. ئینجا بێدەنگ دەبوو و چاوەڕێی پرسیاری پاشی دەکرد. کە (عەلی سائیب)ی کۆڵیار پێگوت:

-تۆ بووی بە هۆی کوژرانی سەدان سەربازی دەوڵەت. ئەمەیش تاوانە. دەبێ تەوازۆ بۆ دایکیان بێنیتەوە.
شێخ راچڵەکی‌و ئارامی خۆی لە دەست دا. بە توندی گوتی:
-تەوازۆ بێنمەوە؟ ئەمە چ مەنتیقێکی چوێرە؟ ئەی کێ تەوازۆ بۆ دایکی ئەو هەزاران کەسە دێنێتەوە کە ئەو سەربازانە کوشتوویانن؟! کێ ئەسرینیان دەسڕێتەوەو سەرخۆشییان لێ دەکا؟ ئەگەر هەر پێویست بێ من تەوازۆ بێنمەوە، تەوازۆ بۆ ئەو دایکانە دێنمەوە کە کوڕەکانیانم هێنایە ناو راپەڕین، سەرنەکەوتم‌و بووم بە هۆی کوژرانیان. من تەنیا تەوازۆ بۆ ئەوانە دێنمەوە، ئەی (سائیب بەگ)!
(عەلی سائیب بەگ)یش بە دەوری خۆیەوە توند بوو. حوکمەکەی خوێندەوە کە پێشتر لە (ئەنقەرە) دەرکرابوو.؟ گوتی:
-لەبەر ئەوەی ئەنگۆ لە کۆمار هەڵگەڕانەوەو یاساکانتان شکاند، سزای تۆو هاوڕێکانت لە سێدارەدانە. ئەم شەو دەچنە سەر داری ئیستیقرار.
شێخ بە زەردەخەنە گوتی:
-زەحمەت نەبێ کاغەزو قەڵەمێکم بدەنێ.
کە بۆیان هێنا، ئەم دوو دێرەی نووسی:

ولست ابالی حین اقتل مسلما    علی ای جنب کان فی الله مصرعی
ولست بمبد للعدو تخشعا    ولا جزعا، انی الی الله مرجعی

لە نشکەوە، لێوەکانی وشک بوون دەتگوت دار لاولاوێکی ئاگر پەل‌و پۆی بەسەردا هاویشتووە.. تینوێتییەکی بێ پەی‌و شۆ دایگرت. چیتر قسەی نەکرد. دەرفەتی بە خەیاڵی دا بۆ ئەوەی ژیانی دووبارە بکاتەوەو وەک دەسەسڕ لەبەر چاوی پان بکاتەوە. بەڵام گوێی لە دەنگێ بوو، بە تورکی گوتی:
-یاللا!! یەک لە دوای یەک، هەڕنە دەرەوە.
ئەم رستەیە دوا بزمار بوو لە رۆحی درا.

دوو سەرباز بازووەکانیان گرت، بە تێنوێتی بۆ گۆڕەپانی لە سێدارەدانیان برد. یەکێ لە هاوڕێکانی لە دوورەوە هاواری کرد:

-شێخ تینووە. تا ئاو نەخواتەوە مەیبەن.

***

# هەنگاوی چوارەم

(خەیاڵ بنچینەی بوونەوەرەکانە.)

لە قسەی سۆفییەکان

-یاللا ئەو کورسییە لە بن پێی دەربێنە. یاللا. پێمگوتی یاللا.
لەگەڵ ئەو فەرمانە توندەدا، ئەو سەربازەی لە تەک شێخ وەستا بوو، پێی ڕاستەی بۆ کورسییەکە درێژ کردو لە تەک یەکێ لە سێ پێچکەکانی دانا. شێخ زانی ئەمە چرکەساتی کۆتاییە. مژو مۆرانێکی چڕی وەک کفن لە پەشمەنەی وێنەکانی ژیانی ئاڵا. ئیتر کەسی نەدەدی دەتگوت لەپڕ چۆتە ئەشکەوتێکی تاریکو نوتەک. زەینی شەکەتی کەوتە هێنکە هێنک. خەیاڵ پشتی تێکردو ڕۆیشت. هەموو ڕوویەک بزر بوو تەنیا ڕووی مردن ما.
شێخ بیری لە مردنی خۆی کردەوە کە وەکو سەروایەکی وشکو ڕەقو تەق وابوو.
دوا سەرنجی لەو پەتە دا کە لە ملی ئاڵابوو. ئینجا تەماشای ئاسمانی کپو لاڵی کرد. خەیاڵی کرد گوێزێکی سووتاوەو بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە. ویستی پرسیارە دواخراوەکەی وەکو گوێزێک لەو گومەزە نوورانییە بگرێ کە سێبەر لە خودا دەکا.
-خودایە، ئەی خودان! تەنیا تاکە پرسیارێکەو بەس! پرسیارێکی بچووکەو لە خودایەکی گەورەی دەکەم. پرسیارێکی دواخراوە خەیاڵ فریام نەکەوت، منی بەندەی خۆت، لێت بکەم. ئێستا ئەوەتا لەبەر دەستی تۆدام. پەتی سێدارەم لە مل ئاڵاوەو سەروا بۆ ژیانم دادەڕێژێ. نها دەمەوێ پرسیارەکەمت لێ بکەم.
دڵی لێیدەدا. دڵی کە پاش چەند چرکەیەکی تر، دەوەستێ، بە توندی لێدەدا.

بێدەنگ بوو، چاوەکانی لە شارێکی قەوغا بە هەراو هۆریاتر بوون.
تینوێتی خۆی ژبیر کرد. مردنو پەتی سێدارەو ژیانی لە بیر کرد. بە دوو چاوی سەرشار لە پیلی پرسیار، سەیری ئاسمانی تاریکی کردو گوتی:
-خودایە!...
ئەو سەربازەی ئامادە بوو کورسی لە بن پێی شێخ دەربکێشێ. نەیدەزانی ئەو پرسیارە چییە ئەو پیرەمێردە دەیەوێ وەک دانە بەڕوویەک لە پەڕەنگی دامرکاوەی ئاسمانی بگرێ. کورسییە سێ پێچکەکەی دەرکێشا. پرسیارە سوێرەکە لە زاری وشکی شێخ خنکا. قوڵفەی پەتەکە تەنگ بووەوە. شێخ هەستی کرد دەڵێی هەزار کەس پێیە هەڵواسروەکانی لە هەوا بۆ خوارەوە رادەکێشن. لەگەڵ هەر جوولەیەکدا، پەتەکە تەنگتر دەبوو. ویستی سەری بڵند بکاو گەردنی نەختێ ئازاد بکا، پێیەکانی لە یەکتر خشاند. لە زەوییەک گەڕا پێیەکانی لەسەر دابنێ. بەردەکە برینی پێی چەپەی زیاتر کرد. خوێی پرسیاری خنکاوی لە زارەوە رژایە ناو دڵ. ئارەقەی لێ چۆڕایەوە. سەری بۆ لای پێیە بریندارەکەی لارکردەوە. وەخت بوو مەندیلەکەی بەربێتەوە. وەخت بوو هەردوو لنگە پێڵاوەکەیشی بەربنەوە سەر زەوی.
ویستی دەستەکانی بکاتەوە کە لە پشتەوە بەسرابوونەوە بۆ ئەوەی پاڵ بە کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی سێدارەی دەستە چەپی بدا. لێدانی دڵی سست بوو، خوێنی لە دەمارەکان مەیی، هەناسەدانی وە زەحمەت کەوت ، هەستی کرد لنگە دەستارێکی لەسەر سینگە. هەناسەی کپ بوو. چاوەکانی لێڵ بوون. تەمێکی رەشو چڕ لە پێش چاوەکانی شەپۆلی دا. ئەو تەمە وەک لاولاوی قەترانی پەلو پۆی هاویشتە سەر کەدەکانی رۆحی. خەیاڵی لە ناوەڕاستی دەریایەکی تاریکی بێ پەی دەگەڕا. لاشەی ئارەقەکردووی بە توندی موچڕکی پێدا هات. ئەو موچڕکە توندە خەوێکی قووڵی بە دوادا هات.

ئیتر ئاسمانی نەدەدی، سێدارەکانی نەدەدی، رووی سەربازەکانی نەدەدی، ئیتر بەرگری نەدەکرد.
(پەریخان)، لە ناو ئەو تەمو تاریکییەدا، لە پشت پەردەیەکی سەوز کە رۆژێکی زێرینی حەفتا پەڕی لە ناوەڕاست بوو، بە هێدی هاتە دەرەوە. قژی زێرینی تەڕو پەخشان بوو. جلکی ئاوی لێ دەچۆڕایەوە. (پەریخان) لە لێوی بیر وەستا. زەردەخەنەی هاتێ. هەنگاوێک چووە، پێش تاریکی وەک رەوە قەلێک لە بن پێیەکانی هەڵفڕی. نوورێکی میهرەبان لە شوونی هەنگاوەکانی گزنگی دا. (پەریخان) تاسە ئاوێکی بۆ راداشت. ئەویش بزەی هاتێ، هەنگاوی بۆ لای (پەریخان) هاویشت. دانە گوێزی وەک تۆپەڵەنووری لە بەینی پێیەکان گلۆر بوونەوە. وەک چرا رووناکییان دەدا.
شێخ لە (پەریخان) نزیک کەوتەوە. (پەریخان)ی گرتە باوەش. (پەریخان) بە دەنگێکی لە ئاو نەرمتر پێیگوت:
-بە قوربانت بم، ئەمە هەنگاوی چوارەمتە.
شێخ تاسەکەی لە دەست وەرگرت. تەماشای دانە گوێزە چل بووەوەکانی کردو ئەوەی لە تاسەکەدا بوو لە گەرووی خۆی کرد. ئاوی تاسەکە تەواو نەبوو. دەتگوت هەزار کانی لە بنە. زۆری خواردەوە، تینوێتی نەشکا. وای خواردەوە دەتگوت هەزار ساڵە تینووە. وای خواردەوە دەتگوت هەزار ساڵی دیکە، جارێکی تر ئاو ناخواتەوە. ئاوی دەخواردەوەو تەماشای رووی (پەریخان)ی دەکرد. تەماشای چاوەکانی دەکرد. چاوەکانی وەکو دوو گوڵی پڕ بەلەمی پرسیار بوون. شنەیەکی سارد لە قژی تەڕییەوە هات. ئەو شنەیە لێڕی دڵی شێخی هەژاند، گوێی لە خشەخشی چلەکان بوو، گەلا لە ژێر قورسایی خوناو وەرین. هەوا پڕ بوو لە شێ، ئاو لە هەموو جێگایەک دەربوو.
(شێخ سەعید) هەر بە تینوێتی مایەوە. ئەو دانە گوێزانەی لەبەر پێی چل بوونەوە، شکانو تۆزێکی سپیان لێ هاتە دەرێ. تۆزەکە بوو بە نوورێکی گەش، هەموو شوێنێکی داگرت. نوورێک بوو لە بەفر سپیترو

له تەمی وڵاتەکەی چڕتر. شێخ ئیتر هیچی نەدەدی. (پەریخان) لە پشت لەرەلەری نوورەکە بزر بوو.
لەبەر ئەوەی نوورەکە زۆر بەهێز بوو و بە گەشی دەبریقایەوە، شێخ دەستی بە چاوییەوە گرت، نوورەکە بزر نەبوو. چاوەکانی ئیتر ژانیان نەدەکرد. لەگەڵ نوورەکە تێکەڵ بوو. ئیتر خۆی نەدەدی.
دەنگێکی لەو ناوە کەوتە بەر گوێ. نەیزانی لە کام لاوە هات. لەو ساتەدا، رۆژهەڵاتو رۆژئاوا نەبوو، سەرێو خوارێ نەبوو، پێشو پاش نەبوو. دەنگەکە نەوەستا. شەپۆلەکانی نوورەکە نەوەستان. دەنگێکی نەرمو قووڵو قورس بوو، دەتگوت لە وەنەوز پێچراوە، دەنگی بنیادەم نەبوو. دەنگێک بوو لە تیشکەوە نزیک بوو. دەنگێکی دیتەنی بوو وەک تەمێکی چڕ لە ناو ئەو شەپۆلە سپیو گەشانە هاتە دەرێو رژایە ناو گوێیەکانی شێخو گوتی:
-پرسیارەکەت چییە؟

***

# فەرهەنگۆک

(ئ)

ئاڵشت: ئاڵوگۆڕ. گۆڕینەوەی شت بە شت بە بێ هۆکاری سێیەم که پارەیە. وەکو: ترێ بە گەنم. بنیشت بە هێلکە.

ئاورا: برسی، نێز

ئەڕە: مشار

ئیستیقرار: داری ئیستیقرار: سێدارە، قەنارە، دارقەواخ

(ب)

باداک: ئەو رووەکەی بە درەخت و دارو دیواردا هەڵدەگەڕێ وەکو لاولاوەو مێوو شتی وا.

بەتر: بەش. تەنیا بۆ شەو بەکار دێ. بەترەکی شەو چووبوو. سێ بەتری شەو چووبوو.

بەتیە: کورک، زەبوون، عەبایەکی تەنکە لەسەر بەرگ بە شانی دادەدەن. رەنگی خورمەیی و سپی و بۆرو رەشی هەیە.

بەرزەقان: قرچەی گەرما

بەرشک: جێگای گومان، گومانلێکراو

بخۆ: بە خۆی، خۆی

برووشک: کیسەیەکی بچووکە لە پێستەی وشککراوەی عەلیشیش دروست دەکرێ، کلی تێ دەکرێ. لە کلدان گەورەترە.

بوهژین: توانەوە، حەلین

بیژمۆت: بیژی، زۆل، حەرامزادە

(پ)

پاتک: پشتەمل

پاخروا: پێ خاوس، پێ پەتی، پێ خواس

پاژێر: پەنجەرە.

پەشمەنە: پاشماوە

پەلک: کەزی

پیڤان: پێوان

پیل: شەپۆل

پێوار: نادیار، نەپەنی

(ت)

تەرس: پیسایی وڵاغ

تەمسەری: بێ دەربەستی، بێ باکی

تلی چاڤ: ئەنگوستە چاو، کلکەچەم. زۆر تاریک، پەنجەت لە چاو را بکەن نەبینی. بۆ شەوی زۆر تاریک و نووتەک دەگوترێ.

تنتسک: کۆترەباریکە

تیشک: تیرێژی رووناکی/ بێچوو. تیشکە گورگ: بێچووە گورگ.

تیفۆک: چۆلەکە، کێشکە، پاساری، چویچک، سواندووکە، مەلووچک (ج)

جمین: جوولان، بزووتن

(چ)

چان: کانی

چۆدار: ئەوەی مەڕو ماڵات دەکڕێ‌و دەفرۆشێتەوە. جەلەبچی

چویچک: چۆلەکە، تیفۆک، مەلووچە، پاساری، سواندووکە، کێشکە.

(ح)

حەلانە: حەسیرە خورما

حەلین: توانەوە، بوهژین

(خ)

خەبار: دەرەک، ترسناک، خەتەر

خەڵ: خەڵک. ئەسلەکەی (خەڵ)ە. (ک) نیشانەی ناوە. خانی و حاجی بەکاریان هێناوە.

خش: شک، گومان، سوو. بێ خش: بێ شک

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش، مشکی، بوول

خوێڵین: شوێنێ خوێی لێ بێ.
خێن خێن: ورده ورده، هێدی هێدی، یاغر یاغر، ساڵدانه ساڵدانه.
خێنژی: بێجگه له، هێل له، بێل له، ژبلی
(د)
دارقەواخ: سێداره، قەناره، داری ئیستیقرار
داروسکان: داهاتنی چلەکانی درەخت لەبەر بەری زۆر.
دەرەک: خەبار، ترسناک، خەتەر
دەردۆر: دەروبەر، دەوروپشت
دەوان: دەوەک، بەبەز، خۆشبەز.
دفنک: بڕناخ، کونەکەپوو
دۆژە: دۆژەهـ دۆزەخ، جەحەندەم
دووز: تەخت و راستان.
دیقل: کەڵەشێر، کەڵەباب، کەڵەکۆک
(ر)
رازان: خەوتن، نووستن
رۆجیار: خۆری ئاسمان (شمس)
(ز)
زەرەند: گووژارک، زڕکەتاڵ.
(س)
سەح کێ: سەیر کە، بڕوانە، تەماشا کە، چاو دێ
سەروەخت: سەروەخت کردن: ئاگادار کردنەوە.
سترۆ: قۆچ، شاخ
ستری: دڕک، چقڵ
سکری: بەنداو
سێوی: هەتیو
(ش)
شەهت: ئیفلیج، شەپلە لێدراو، پەککەوتوو

شەوتاندن: سووتاندن

شەوتی: سووتاو

شۆل: ئیش، کار

شیبا: شەوبا

شێنی: خەڵکی ئاوایی

(ڤ)

ڤر: ئێرە

(ق)

قەشا: شەختە

قەمی: بەڵکو، بەشقەم، بەشکەم

قەوە: تاقەت. قەوەی ئەم کارەم نییە

(ک)

کەد: چل، لق

کەری پەز: مێگەلە مەڕ، رانە مەڕ

کەزەب: جگەر، جەرگ، یەهەر

کلکەچەم. ئەنگوستەچاو، تلی چاڤ. شەوی زۆر تاریکو نووتەک کە چاو چاو نابینێ.

کندڕ: پەتێکە لە ریشاڵی دار دروست دەکرێ.

کۆز: ژووری داکردنی کارو بەرخ.

کووز: قاش، پارچەیەیەکی کاڵەک و زەبەش و شتی وا.

کوندڕ: کودی، کوولەکە

(گ)

گاهس: لەوانەیە،، دەشێ، دەلوێ، بۆی هەیە

گۆڕک: ئاگردان

(ل)

لاچار: لەڕو لاواز و رەقو تەق.

لەتەرە: تەشی

لەم، لەمە : ورگ، هوورگ، هوور(نانی شوانی چ لە هووری، چ لە tووری)، گەدە، سک، زگ

لەمێشە: ژانەسک

لەهی: لافاو، سیلاو

لەیلان: بیابانی گەرم، تراویلکە. سەراب

لۆگ: جلکی شڕو وڕ.

لیپدانەوە: شەپۆلدان و بەسەریەکدا شکانەوەی ئاو.

(م)

ماتک: لانک، دەرگووش، بێشکە

مەلووچە: مەلووچک چۆلەکە، چویچک، کێشکە، پاساری، سواندووکە، تیفۆک

مجافات: مسۆگەرو کتوپڕ. دەڵێن بە مەرگی مجافات چوو.

مردۆخ: مردەنی. بە عەرەبی: فانی

مرووز: سیما، روو. دەڵێن: مروززی گرژ بوو.

مزیڕ: زیاندەر

ملهێب: شەنە

مۆر کردن: دەست بەسەرداگرتن.

مۆچیاریی: ئامۆژگاری

مێخ: بزمار.

(ن)

نشکێڤە: موفاجەئە. لە نشکەوە: لە هیکەوە، لە ناکاو، لەپڕ

نمنمۆک: پەروانە، پەپوولە.

نها: ئێستا، هەنووکە

نێز: برسی، ئاورا

(ە)

هاماج: ماوەی نێوان دوو جێگا

هەرەژ: هار

هەرتم: هەردەم، هەمیشە، هەروهەر

هەڤلنگ: وڵداش زاوا، ئاوەڵزاوا

هەمەت دان: لێ وردبوونەوە، تێ نزبوونەوە، مێزە کردن، هێف کردن

هەورێشە: کەروێشک، کێرووشک.

هێژ: هێشتا

هیزوک: جۆلانە، دیلانێ

هێف کردن: مێزە کردن، تێ نزبوومەوە، لێ وردبوونەوە

هێلوون: هێلانە، ئیلیان

هێمانی: هەر ئەوەندەی کە.

(و)

وەزی: گوێز

وەزینە: کورسی و تەخت و مێزی لە دار گوێز.

وەیکەر: وەلی ئەمر

وزاقدان: دەرپەڕینی کتوپڕ.

ونکەر: خوێنڕێژ، بکوژ

(ی)

یەهەر: جگەر، جەرگ، کەزەب

نووسەر:

ئەلمانیا- ئەیلوول-٢٠٠٧

وەرگێڕ:

بەحەرکە- وەرگێڕانی یەکەم-پایزی ٢٠١٧

پێداچوونەوەو دارشتنەوە- هاوینی ٢٠١٩

شێخ لە دڵی خۆیدا گوتی: (ژیان کۆڵانێکی یەک سەرەیە. کە مرۆڤ کەوتە ناوی، لە دواوە دادەخرێ).
هەرچەندە بڕوای وابوو ژیان و مردنی مرۆڤ بە دەست خودایە بڕوایەکی پتەوی پەیداکرد کە ئەم هەنگاوانەی، ئەم هەنگاوە هەڵنگووتانەی ناتوانێ بەرزەفتیان بکا، بەرەو مەرگی مجافاتی دەبەن. هەزاران جار نوێژی لەسەر مردووان کردووە، لەگەڵ جەنازەیان ڕۆیشتووە، لەسەر کێلی قەبران وەستاوە، مردووی شووشتووە، مردووی تەلقین داوە، بە دەستی خۆی باوکی شووشت و کفنی لە جەنازە پێچا. لە زۆر کۆڕی ڤاتیحا، ئامۆژگاری پێشکەش کرد. هەمیشە دووبارەی دەکردەوە.
- مردن رووەکەی تری ژیانە. مرۆڤ دەبێ چاو بداتە هەردوو رووەکە.

# ثلاث خطوات الى المنشقة

## جان دوست

ترجمة

عزيز گەردی